## چارەسەری ئاشتیانەی

# ئەو کێشەیەی ٨٠ ساڵە بە ئەقڵیە
# بە زمانی لۆژیک و گیانی لێبوردەی

**(تورکیا نابێتە هێزێکی گەورەی ئیقلیمی ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکات)**
**-گراهام فۆلەر-**

پەنابردن بۆ ڕێگەچارەی سەربازی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەیەکی هەستیاری وەك کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەراست بەگشتی و لە تورکیا بە تایبەتی ماوەی ٨٠ ساڵە جیا لەوەی برایەتی نێوان هەردوو نەتەوەی تورك و کوردی بە ئاراستەی دوژمنایەتی بردووە . لەهەمانکاتدا هەردوو نەتەوەشی لە جیهانی سەردەم دوورخستۆتەوە و، زیانێکی گەورەشی بەهەردوو نەتەوەی کورد و تورك گەیاندووە، بەپێی ئامارە فەرمیەکانی حکومەتی تورکیا کە خۆیان دانی پێدادەنێن،



کێشەی کورد لە تورکیا

# ...تی سەربازی چارەسەر ناکرێت
# ...ی تورکیا دەباتە یەکێتی ئەوروپا

تەنیا لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا حکومەتی تورکیا بڕی ٣٠٠ ملیار دۆلاری بۆ خەرجی سەربازی و رووبەربوونەوەی چەکداری بۆ نەهێشتنی کێشەی کورد لە تورکیا تەرخانکردووە، بەڵام نەك هەر نەیتوانیووە ئەم کێشەیە سەرکوت بکات بەڵکو ئەمرۆ لە ٢٠ ساڵ لەمەو پێش هەستیارتر و گرنگترە و ئەگەر ٢٠ ساڵی دیکەش بەهەمان ئاراستەی ئەقلیەتی سەربازی مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشە گرنگە بکات، ئەوا هەر ئاکامی ئەوە دەبێت کە بیر لە چارەسەری ئاشیانەو رێگەی لێکتێگەیشتن و قبوڵکردنی یەکتری بکرێتەوە .

پسپۆرانی بواری ئابوری سەبارەت بەو ٣٠٠ ملیار دۆلارەی لەم بوارەدا فیڕۆ دراوە، پرسیاری زۆر لۆژیکانە لە بەرپرسانی تورکیا دەکەن و پێیان دەڵین :

-١گەورەترین پرۆژە کە لە ناوچەکانی باشور و رۆژهەڵاتی تورکیا ئەنجامدراوە و بۆتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بۆبووژانەوە و هەروەها کاریگەرییەکی گەورەشی بۆ هەنگاوە ستراتیژییەکانی تورکیا وەك دەوڵەتێکی سۆپەرپاوەری ئیقلیمی هەیە، پرۆژەی –گاپ-، تەنیا ئەم پرۆژە گەورەیە ٣٠ ملیار دۆلاری تێچووە.

-٢کەواتە ئەو پارەیەی کە دەزگا فەرمیەکانی تورکیا دانیپێدادەنێن



و بـــە ٣٠٠ ملیـــار دۆلار دیخەملێنن، لانی کـــەم ١٠ پرۆژەی گـــەورەی وەك پرۆژەی –گاپ- ی لە ناوچە کوردیەکانی تورکیا پێ بونیاد دەنرا، هەربۆیە دەپرســـن ئەگەر ١٠ پرۆژەی هاوشێوەی پرۆژەی –گاپ – لەو ناوچانە دروستبکرایە، ئایا ئێستا باردۆخی ئـــەو ناوچانە چۆن دەبوو ؟ ئایا بوار بۆ ئەوە دەمایەوە کە خەڵکی ئـــەو ناوچەیە بیر لـــە رێگە چارەی دیکە بکاتـــەوە، یان پەنا بۆ رێگەچارەی سەربازی ببات ؟

-٣دەپرســـن ئەو دەســـکەوتانە چین کە لە بەفیرۆدانی ئەو هەموو پارەیە تورکیا بەدەســـتی هێناون ؟ بێگومان بریتیە لە کاولکردن و ماڵوێرانی بۆ هەردوو نەتەوەی تورك و کورد و ئێســـتا پێویســـتی بـــە دەیان ملیار دۆلاری دیکە هەیە بۆ ئـــەوەی تەنیا باردۆخەکە وەك ٢٠ ســـاڵ پێش ئێســـتای لێبکرێتەوە و ببێتە ســـەرەتایەك بۆ ئەوەی زەمینەیەك دروســـتبکرێت کە بتوانرێت باســـی چارەسەری ئاشـــتیانەی تیا بکرێت، هەربۆیە دەپرسن ئایا بەرهەمی ئەو ٣٠٠ ملیـــار دۆلارە چی بووە؟ ئەوەی ئاماژەی پێدەکەین بەشـــێکە لە بەرهەمە خراپەکانی ئەو پارەیە:

ا-دەزگا فەرمیەکانی تورکیا ئاماژە بەوە دەکەن لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا ٣٠ هەزار ســـەربازی ســـوپای تورکیا لەم شەڕەدا بوونە قوربانی و زیاتر لە ٤٠٠٠ هەزار لاوی کوردیش لەو پێناوەدا بوونە قوربانی، ئەمەش واتە ٣٤ هەزار لاوی کورد و تورك کوژراون و ٣٤ هەزار خێزانی تورکیا سەرگەردان و ماڵوێران بوون .

ب- زیاتر لە ١ملیۆن هاووڵاتی تورکیا کە کوردن لەسەر ماڵوحاڵی خۆیان ئاوارە بوون و لەبەر باردۆخی نائاسایی ناوچەکە ماڵوحاڵی خۆیان بەجێهێشـــتووە، جا یان روویان کردۆتە شـــارەکانی دیکەی تورکیـــا وەك ئەنقەرە و ئەســـتەنبوڵ یان روویـــان کردۆتە دەرەوەی وڵات .

ج-نزیکـــەی ٥٠٠هـــەزار هاووڵاتـــی کوردی تورکیـــا لە ژیانی دەستبەسەری و ترس و دڵەراوکێ دەژین .

د- لە دیمانەیەکـــی رۆژنامەی زەمانی تورکی لەگەڵ ئاڵتان تان نوسەری کورد لە تورکیا، ئاماژە بەوە دەکات،کە ٪٦٤ی دانیشتوانی ناوچە کوردیەکانی تورکیا لە خوار تەمەنی ٢٥ ساڵیەوە، واتە ئەو خەڵکانەن کە پێویســـتە تواناکانیان بخرێتە گـــەڕ بۆ پەرەپێدان و بووژانەوەی ئابووری ناوچەکە و تورکیا، بەڵام بە هۆی بارودۆخی نائاســـایی ئەو ناوچانـــە و بایەخنەدانی حکومەتـــی تورکیا بەو ناوچانە ئێستا بەشی زۆری ئەم هێزی کارە، بێکارە و هیچ رۆڵێك لە پرۆسەی پەرە پێداندا ناگێرێت.

ە – زۆربـــەی ئـــەو ناوچانە بـــە هۆی بارودۆخی نائاســـایی و شـــەڕەوە لە خزمەتگوزاری خوێندن بێبەش بوون، هەر بۆیە رێژەی نەخوێندەواری لەو ناوچانە بەرزەو لە ناو ئافرەتانیشـــدا بەرزیەکەی گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار .

ئەو چەنـــد لایەنەی ئاماژەمان پێکردن ئاکامە خراپەکانی شـــەڕ و گرتنەبـــەری رێگەچارەی ســـەربازیە بـــۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشـــەیەکی گرنگ و هەستیاری نەتەوەیەك، ئەم کێشەیە بەتەنها بۆ کورد کێشـــە نییە بەڵکو کێشەی ســـەرجەم دەوڵەتی تورکیایە کورد و تورك و نەتەوەکانی دیکەشـــەوە، دەبێت وەك کێشەی هەموو تورکیاش ســـەیر بکرێت، لەم روانگەیەوە ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئاســـەواری ئەو شـــەڕە دەسڕینەوە و بریار دەدەین نەتەوەی کـــورد و تورك لە ناو دەوڵەتی تورکیـــا پێکەوە بژین، ئەوا دەبینین ئەم کێشـــەیە لە ناو پرۆسەیەکی فراوانی دیموکراتیزەکردنی تورکیا چارەســـەر دەکرێت، کە دەبێت هەنـــگاوی جیدی بۆ هەڵبگیرێت و بریاری بوێرانەی لە بارەوە بدرێت .

## بریاری ئاشتی دروستکردن
## پاڵەوانی سیاسی و پیاوی دەوڵەتی دەوێت

ئـــەوە تەنها لە پەیوەندیی نێـــوان نەتەوەی کورد و تورکدا نییە، کە دەڵێـــن تۆمـــاری لێبوردەیی و متمانە لە نێـــوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورك مێژوویەکی باشی نییە و تۆمارێکی رەشی هەیە، بەڵکـــو لە نێوان زۆر لە دوو نەتـــەوەی دیکەی ئەم جیهانە هەبووە هەربۆ نموونە:

١- ئەو تۆمارە رەشـــەی نەبوونی لێبوردەیـــی و نەبوونی متمانە لـــە نێوان هەردوو گەلی فەرەنســـا و جەزائیر هۆکاری ســـەرەکی شەڕە خوێناویەکان بووە، گەلی فەرەنسا لەبەر ئەوەی بە خراپ بۆ چارەســـەرکردنی ئەو کێشەیە پەروەردەکرابوون، بۆیە کاتێك چارلس دیگـــۆل کە بەقارەمانی رزگارکردنی فەرەنســـا لەدەســـتی نازی دەناســـرێت بریاری چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەیدا، ئەوە بوو گەلی فەرەنسا لە هەڵبژاردنەوەیدا متمانەی لێ سەندەوە .

٢- ئەنوەر ســـادات کە بریاری ئاشتی داو رێککەوتنامەی کامب دیڤیدی مۆرکرد، گیانی خۆی لەسەر دانا.

٣- تۆرگـــوت ئۆزال کە بریاریدا دەبێت کێشـــەی کورد لە تورکیا چارەســـەر بکرێت و ئەو کێشـــەیە بوونی هەیە و دەبێت دانی پێدا بنرێت، گیانی خۆی لەسەر دانا .

٤- ئیســـحاق رابین کە رێککەوتنی ئۆسلۆی ئیمزا کرد و بریاریدا دان بە دەوڵەتی سەربەخۆی فەڵەستیندا بنێت ئەویش گیانی خۆی لەسەر دانا .

٥- گاندی کە مانیگرت هەتا کێشەی نێوان پاکستان و هیندستان نەبێتە کێشەی نێوان ئیسلام و هیندۆس بووە قوربانی لێبوردەیی و یەکتریی قبوڵکردن .

ئەم نموونانە پێمان دەڵێن بریاردان بۆ چارەسەری ئاشتیانە کێشەیەکی هەستیاری وەك کێشەی کورد لە تورکیا، بریارێکی بوێرانەیە و لە هەمانکاتدا مەترسیداریشـــە، لەوانەیە ئێستا حکومەتی ئەردۆگان لەپەرلەمان بریاری شـــەڕدات زۆربەی شەقامی سیاسی تورکیا چەپلـــەی بۆ لێبدات و پشـــتگیری بکات، ئەوانـــەی بەو بریارە نیگەران دەبن خەڵکە دیموکرتخواز و نیشـــتمانپەروەکانی تورکیایە کە پێیـــان ناخۆشـــە حکومەتەکەیان بریارێك بدات کە شـــکۆی دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهانی دێنێتە خوارەوە، بەداخەوە ئەوانەی لە تورکیا بەم ئاراستەیە بیردەکەنەوە و لەخەمی ئاینـــدەی دیموکراتی و شـــکۆی وڵاتەکەیاندان کەمینەن، هەروەك چۆن ئەوانەی لە هیندستان و پاکستانی سەردەمی گاندنی بڕوایان بە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و برایەنەی نێوان هیندۆس و ئیسلام هەبوو کەمینە بوون، ئەمە هۆکاری ترسی سەرەکی جواهیر لال نەهرۆ و نەجاح محەمەد عەلیش بوو، ئەم ترسە گاندی گەیاندە قەناعەت کە پاکســـتان بە هەردووبەشـــی پاکستان و بەنگلادیشی ئێستاوە دەوڵەتێکی ئیسلامی بێت و لە هیندستان جیابێتەوە، بەڵام نەیتوانـــی رێگە لە توندوتیژی و تەنانـــەت تیرۆرکردنی گاندیش بگرێت، لە تورکیاش ئەم حاڵەتە سیناریۆیەکە کە هەمیشە دووبارە

●●●

**کوشتنی موسا عەنتەر، هەر تەنها لەبەر ئەوە نەبووە کە موسا عەنتەر شاعیرێکی کورد بووە، بە ڵکو ئەوانەی ئەم کارەیان ئەنجامدا مەبەستی سەرەکیان ئیستفزاز کردنی هەستی نەتەوەیی کوردی تورکیا بووە بۆ ئەوەی دوای کوشتنەکە بڕژێنە سەر شەقامەکان و پاشانیش سوپا بە بیانووی رێگرتن لە ناسەقامگیری دەستبڕێژیان لێبکات و باردۆخەکە ئاڵۆز بکاتەوە**

●●●

دەبێتەوە، بە داخەوە هەر كاتێك باسی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری ئاشـــتیانەی كێشـــەی كورد كرابێت، كاری تێكدان و ئیستیفزازی ئەنجامدراوە بۆ ئەوەی پرۆســـەكە پەكبخرێت و باردۆخەكە ئاسایی نەبێتەوە . ئەحمەد قایا ســـەرۆكی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دیاربەكـــر لە دیمانەیەكیدا لەگەڵ رۆژنامەی زەمانی توركی زۆر راشـــكاوانە پەنجە دەخاتە ســـەر ئەم خاڵە هەســـتیارەو دەڵێت : ( تۆمـــاری لێبوردەیی یەكتری قبوڵكردن لە ناو توركیا مێژوویەكی باشی نییە، هەربۆیە زەمینەســـازی بۆ خوڵقاندنی كەشوهەوایەك بۆ ئەوەی بتوانین بە شـــێوەیەكی ئاشتیانە چارەسەری كێشەكانی تێدابكەین، كارێكی ئاسان نییە و كاتی دەوێت.)
وەك قایا ئاماژەی پێدەكات زەمینەی تێكدانی كەشوهەوای ئاشتی لە زەمینەی دروستكردنی ئەو كەشوهەوایە ئاسانترە، رای گشتی توركیا ( بە كورد و توركەوە ) بۆ شـــەر ئامادەباشـــی زیاترە وەك لە ئاشـــتی، هەربۆیە ئەوانەی هەوڵدەدەن پرۆسەكە تێكبدەن لەوانە بەهێزترن كە دیانەوێت پرۆســـەی ئاشـــتییەكە بەرەو پێشەوە بەرن و، لەمبارەیەوە ئاماژە بە خاڵە هاوبەشـــەكانی نەیارانی دیموكراتی نێوان هەردوو نەتەوەی تورك و كورد دەكات و جەخت لەســـەر ئەوە دەكاتەوە كە پرۆســـەی بە ئەندامبوونی توركیا لە یەكێتی ئەورووپا لای دیموكراتیخوازانی هەردوو نەتەوە، واتە سەرخستنی پرۆسەی دیموكراســـی تەواو لە توركیا و چارەســـەری كێشـــەكانی كورد و ئەرمـــەن و قوبرس، بەمەش واتە بونیادنانەوەی توركیایەكی بەهێز، بەڵام لای توركە ناسیونالیستەكان و نەیارانی پرۆسەی دیموكراتی توركیا، پرۆســـەی بە ئەندامبوونی توركیـــا لە یەكێتی ئەورووپا و چارەسەركردنی كێشەكان واتە دابەشكردنی توركیا .
كەواتە مەسەلەی ســـەختی پرۆسەی ئاشتی ئەوەیە كە تێروانینی هاوبەش بۆ چارەسەری ئاشتیانە لاوازە، لەبەرامبەردا، بۆ تێكدانی پرۆســـەی هاوبەش ناسیونالیستە توركەكان و نەیارانی دیموكراتی لەگەڵ یەكەكە یەكدەگرنەوە، لەمبارەوە قایا باس لە كوشتنی موسا عەنتەری شـــاعیری كوردی باكور دەكات و دەڵێت : ( كوشـــتنی موســـا عەنتەر،هەر تەنها لەبەر ئەوە نەبووە كە موســـا عەنتەر شـــاعیرێكی كورد بووە، بە ڵكو ئەوانەی ئـــەم كارەیان ئەنجامدا مەبەستی سەرەكیان ئیستفزاز كردنی هەستی نەتەوەیی كوردی توركیا بووە بۆ ئەوەی دوای كوشـــتنەكە برژێنە سەر شەقامەكان و پاشـــانیش سوپا بە بیانووی رێگرتن لە ناسەقامگیری دەستێژیان لێبـــكات و باردۆخەكە ئاڵـــۆز بكاتەوە ) بێگومـــان بەدەمەوایەش وەك دەبینین هەر كاتێك باردۆخەكە بەرەو ئاســـاییبوونەوە هەنگاو هەڵبگرێت، كارێكی توندوتیـــژی ئەنجامدەدرێت، ئەم كارەش هەر كەس و لایەنێكی لەپشـــتەوە بێت، ئامانجەكەی ئیستیفزازكردنی هەستی نەتەوەیی كورد وتورك و فراوانكردنی كەلێنەكانی نێوانیانە و ســـوود لە قووڵكردنەوەی ناكۆكـــی و گرژییەكانی نێوان هەردوو نەتەوە دەبینن .
بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم باردۆخە پێویستە هەنگاوی بوێرانە هەڵبگرن و لایەنی ســـێیەمیش بەشـــدار بێت، كە ئێمە پێمـــان وایە لایەنی چوارەمیش بوونی هەبێت مەترســـی ســـەر ئەم پرۆســـەیە كەمتر دەكاتەوە .
لێرەدا بۆ ئەوەی مەســـەلەی بەشـــداری لایەنی ســـێیەم و چوارەم راشكاوانەتر بخەینە روو، ئاماژە بەوە دەكەین حكومەتی توركیا بۆ ئەوەی بتوانێت لە ناوچـــە كوردیەكانی توركیا متمانە بۆ بریاری ئاشتی لای خەڵكی ئەو ناوچەیە دروست بكاتەوە، دەكرێت سوود لە میانگیری حكومەتی هەرێمی كوردســـتان وەربگرێت، كە چەندین جـــار حكومەتی هەرێمی كوردســـتان دەستپێشـــخەری كردووە بۆ چارەســـەری ئاشتی و سیاسیانەی ئەم كێشـــەیە ئامادەیە هەموو هاریكاریەكی پێویست پێشكەشی حكومەت و گەلی توركیا بكات، هەروەها توركیا دەتوانێت بەرێگەی ئەو بازرگانیە فراوانەی لەگەڵ هەرێمی كوردســـتان هەیەتی بووژانەوەیەكی ئابوری گرنگ لەو ناوچانە دروســـت بكات و ئەم بوژانـــەوە ئابوریە كۆمەڵێك ئەركی گرنگ كە پێویســـتە حكومەتی توركیا بیـــكات، بەرێگەی ئەم پەیوەندیە بازرگانیە بۆی جێ بەجێ دەكرێت، بەڵام پرســـیار لێرەدا ئەوەیە، راســـتە حكومەتی هەرێمی كوردستان كاریگەری لەسەر لایەنی كوردی لە توركیا دەبێت، بەڵام پرۆســـەی ئاشتی پێویستی بە هەنگاوی دوولایەنە و گۆرانكاری لەدیدی لایەنی توركیشـــدا هەیە، ئایا چ لایەنێك وەك حكومەتی هەرێمی كوردستان دەتوانێت كاریگەری لەسەر لایەنی توركی بكات ؟
بۆ ئەم حاڵەتە لایەنی چوارەمیش پێویستە، بەڵام دەبێت ئەو لایەنەی كە كاریگەری لەسەر رای گشتی توركیا دەكات، لایەنێك بێت كە رای گشـــتی توركیا رێزی لێبگرێت ونەفەســـی دبلۆماتیەتیشی درێژ بێت و توانای ئەوەشـــی هەبێت لەســـەر ئاستی نێودەوڵەتی هەندێك دەسكەوت بۆ حكومەتی توركیا بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی حكومەتی توركیـــا بتوانێت هەنگاوی جدی لەم بوارە هەڵبگرێت، هەندێك لە پسپۆرانی سیاسەتی توركیا سەرۆكی تازەی ئەمەریكا باراك ئۆباما بۆ ئەم كارە بە كەســـێكی شـــیاو لە ناو رای گشتی توركیا دەزانن، ئەمەش نەك تەنها لەبەر ئەوەی ئۆباما ســـەرۆكی ئەمەریكایە، بەڵكو ئێســـتا رای گشـــتی توركیا ئۆباما وەك ئەو كەســـە ســـەیر دەكەن كە تۆڵەیەكی گەورەی لە سەرۆك بوش بۆ كۆكردونەتەوە، بەپێـــی ئەو لێدوانانەی ئۆباما لـــە هەڵمەتەكانی هەڵبـــژاردن لەســـەر سیاســـەتی ئەمەریـــكا بەرامبـــەر توركیا بڵاویكردونەوە، تەنها ٪١٢ی گەلی تورك لە توركیا پشـــتگیریان لە سیاســـەتی ئەمەریكا كردووە ئەمـــەش رەنگدانەوەی ئەو رقە پەنگخواردووەی رای گشـــتی توركیا بوو كە دوای ســـەركەوتنی ئۆباما لە شەقامەكانی ئەنقەرە و ئەستەنبوڵدا رەنگیدایەوە، تەنانەت ئەم هەستە هیستریایە سەری لە هەندێك رۆشنبیر و رۆژنامەنوسی تورك تێكدا و ئەمەیان واپیشانی رای گشتی توركیا دا، سەركەوتنی ئۆباما بەرادەیەك بەسەركەوتنی تورك لەقەڵەم دەدرێت كە هەرێمی كوردســـتانی نیگەران كردووە، حكومەت و سەرۆكی وڵاتی توركیا لە ئێستاوە لە هەوڵی ئەوەدان ئەم تێروانینەی رای گشتی توركیا بۆ ئیدارەی باراك ئۆباما ئیستیسمار بكەن، هەربۆیە عەبدوڵڵا گویلی ســـەرۆكی توركیا تەنها ســـەرۆك بوو لەم جیهانەدا لە بروسكەی ناردنـــی پیرۆزباییەكە بۆ ئۆبامـــا داوای لێكرد كە هەندێك لە و بەڵێنانەی لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن داویەتی جێبەجێیان نەكات، كە ئەویش ناساندنی كۆمەڵكوژیەكەی ئەرمەنیەكانە بە جینۆساید لەلایەن كۆنگرێسی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاوە .
هەندێك پســـپۆران پێیـــان وایە ئۆبامـــا لەســـەرەتاوە هەوڵنادات ئیســـتفیزازی هەستی شەقامی توركیا بكات و هەمان سیناریۆی ئیدارەی بـــوش بەرامبەر توركیا دووبارە بكاتـــەوە، وای دەبینن

تەنها ٪١٢ی گەلی تورك لە توركیا پشتگیریان لە سیاسیەتی ئەمەریكا كردووە

**عەبدوڵڵا گویلی سەرۆکی تورکیا تەنها سەرۆک بوو لەم جیهانەدا لە بروسکەی ناردنی پیرۆزباییەکە بۆ ئۆباما داوای لێکرد کە هەندێك لە بەڵێنانەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن داویەتی جێبەجێیان نەکات، کە ئەویش ناساندنی کۆمەڵکوژیەکەی ئەرمەنیەکانە بە جینۆساید لەلایەن کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە**

ئۆباما دەستبەرداری ئەو بەڵێنەی خۆی نابێت کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەرامبەر بە ناساندنی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بە جینۆساید داویەتی، بەڵام بوارێکیش بۆ دیبلۆماسیەت دەهێڵێتەوە و دەتوانێت وەك کارتێکی فشار ئەم بەڵێنە بە هەنگاوی دیکەی تورکیا بگۆڕێتەوە و لە پۆلین کردنی ئەولەویەتەکانی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن ئەولەویەت بداتە هەندێك مەسەلەی دیکە و مەسەلەی ناساندنی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بخاتە دواوە هەتا ئەو کاتەی کە رای گشتی تورکیا ئامادەباشی ئەوەی تێدا دەبێت خۆی لە و مێژووە جیابکاتەوە هەروەك چۆن گەلی ئەڵمانیا خۆی لە مێژووی هیتلەر و نازی جیاکردەوە .

زۆر گرنگە پارێزگاری بە ئیعجابی رای گشتی تورکیا بە ئیدارەی باراك ئۆباماوە بکرێت، ئۆباماش لای خۆیەوە پەیامێکی لەمجۆرەی لە میانەی وەڵامدانەوەی بروسکەکەی گویل بۆ تورکیا ناردۆتەوە، فاروق ئۆغلۆ باڵیوزی تورکیا لەواشنتۆن لەو پەیامە تێگەیشتووە، هەربۆیە بەزمانێکی هێمن پەیامی خۆی ئاراستەی گەلی تورکیا دەکات و هۆشیاریان دەکاتەوە کە سروشتی ئیدارەی دیموکراتییەکان بە وجۆرەیە پشتگیری تورکیا دەکەن بۆ ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا بەڵام لەسەر مەسەلەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هەڵوەستە دەکەن و ئیدارەی ئۆباما ئیدارەی بۆش نییە لە بەر خاتری پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان چاو لەم مەسەلە گرنگە بپۆشێت .

**گەلی ئەڵمانیا خۆی لە مێژووی هیتلەر و نازی جیاکردووە**

ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە هێورکردنەوەی رای گشتی تورکیاش بۆ قبوڵکردنی چارەسەری ئاشتیانەی ئەم کێشە هەستیارە لایەنێکیش هەیە کاریگەری لەسەر رای گشتی تورکیا هەبێت، بەڵام نابێت ئەو راستیە لەبەر چاو نەگرین رای گشتی تورکیا بەو ئاستە ئامادەنییە ئەم هەنگاوانە وەك فشاری دەرەکی لەسەر حکومەتی تورکیا قبوڵبکات بۆیە زۆر گرنگە پشتگیری حکومەتی تورکیا بکرێت، بۆئەوەی حکومەتی تورکیا خۆی ئەم هەنگاوانە هەڵبگرێت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی پشتگیری لێبکرێت .

چاودیرانی باردۆخەکە و لایەنگرانی ئاشتی و دیموکراتی بۆ تورکیا، ئەرکی یەکەم دەخەنە سەر ئەستۆی حکومەتی تورکیا پێشنیار دەکەن دەبێت هەنگاوی جیدی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە هەڵبگرێت وهەنگاوەکانیش نابێت بچووکبکرێنەوە بۆ راگەیاندنی ئاگربەست یان جاڕدانی لێبوردنی گشتی، ئەمەش بەو مانایە دێت، نابێت چارەسەرکردنی کێشەیەك کە لە رووی سیاسییەوە ماوەی ٨٠ساڵە بێ چارەسەر ماوەتەوەو ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵیشە رێگەچارەی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی لەگەڵدا تاقیدەکرێتەو، هەروا بە ئاسانی سەیر بکرێت، یان بچوکبکرێتەوە بۆ بڕیارێکی ئاگربەستی پەکەکە یان دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی، بەپێچەوانەوە لەوانەیە ئەم دوو هەنگاوە بەبێ گرتنەبەری هەنگاوی جدی لە لایەن حکومەتەوە کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبێت و هەنگاوە جیدیەکانی حکومەت وا دەکەن ئەم دوو هەنگاوە رەنگدانەوەی ئیجابی زیاتریان هەبێت وەك:

١. دەبێت حکومەتی تورکیا مافی هاوولاتیبوون لە دەستووری تورکیا پێناسە بکاتەوە، بۆ ئەوەی نەتەوەکانی غەیرە تورك بە تایبەتی کورد مافی هاوولاتیببونی یەکسانی هەبێت .

٢. دەبێت هەموو ئەو ناوی شوێنانە وەك ( شاخەکان، رووبارەکان، دەشتەکان، گوندەکان ) کە لە زمانی نەتەوەکانی دیکەوە گۆڕاون بۆ تورکی بگەڕێنەوە سەر ئەسڵی خۆیان، ئەو ناوە کوردیانەی ناوچە کوردییەکان بکرێنەوە بە کوردی.

٣. دەبێت پلانی ئابوری تورکیا بە جۆرێك دابڕێژرێت، کە نەبێتە هۆکاری دروست بوونی جیاوازی داهات لە نێوان ناوچەکاندا، هەربۆیە دەبێت پرۆژەکانی ناوچە کوردیەکان بە ئاستی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بێت .

٤. بۆ دەوڵەتێکی وەك تورکیا کە شانازی بە دیموکراتی خۆیەوە دەکات و کاندیدە بۆ یەکێتی ئەوروپا، شەرمە رێگربێت لەبەردەم ئەوەی کە نەتەوەکانی غەیرە تورك بە زمانی دایك نەخوێنن و شەرمە لە ناو زانکۆکانی تورکیا رێگە لەوە بگیرێت سەنتەری لێکۆڵینەوە یان بەشی تایبەت بە کوردولۆژی هەبێت .

٥. حکومەتی تورکیا دەبێت خۆی قبوڵی نەکات زیاتر لە ٥٠٠ هەزار هاووڵاتی خۆی لە ژیانی دەربەدەری و ترسدا بژین، پێویستە هەموو ئەوانە سەرلەنوێ نیشتەجی بکاتەوە و قەرەبوویان بکاتەوە، ئەمە ئەو خواستەیە کە کوردی تورکیا راشکاوانە لە میدیاکانی تورکیا ئاماژەی پیدەکات و نایشارێتەوە .

٦. حکومەتی تورکیا خۆی وەك حکومەتێکی دیموکراتی بە ئاستی ئەوروپا پیشانی جیهان دەدات، چۆن دەبێت ئەوە قبوڵبکات کە لەبەشێکی وڵاتەکەی ئاستی نەخوێندەواری بە رادەیەك بەرز بێت، کە زۆر لە ئاستی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو بەرزتربێت .

٧. چۆن دەبێت قبوڵ بکات لەبەشێکی وڵاتەکەیدا ئافرەتان ببنە قوربانی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و لە خوێندن بێبەش بن .

٨. تورکیا کە داوادەکات ببێتە بەشێك لە ئەوروپا چۆن قبوڵ دەکات لەبەشێکی گرنگی وڵاتەکەی بەردەوام باردۆخی نائاسایی رایگەینرابێت و هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە لە چاودێری تەندروستی بێ بەش بن.

٩. تورکیا چۆن قبوڵ دەکات رێژەی بێکاری لە ناوچەیەکی گرنگی وڵاتەکەی لە سەرووی ٪٦٠ ەوە بێت، ئەم رێژەیە تەنیا یەك رووی تورکیا پیشانی تورکیا دەدات کە تورکیا لە پێشکەوتندا لە ئاستی دەوڵەتانی ناوەڕاستی ئەفریقادایە نەك دەوڵەتێك کە دوا دەکات وەك دەوڵەتێکی ئەوروپی سەیر بکرێت .

١٠. تورکیا چۆن قبوڵ دەکات لە شارێکی گەورەی وەك دیاربەکر بەندیخانەکان کە هیچ مەرجێکی مرۆڤایەتیان تیدانییە نیشانەی دەسەڵات و شکۆی حکومەتی تورکیا بێت لەو شارە . هەقە حکوومەتی تورکیا ئەو بەندیخانانە لە بنەرەتەوە هەڵتەکێنێت و بیانکاتە قوتابخانە و شوێنی فێربوون و زانست وزانیاری، ئەوە شایستەی تورکیایە کە خزمەتگوزاری و خزمەتکردنی هاووڵاتیانی بناسرێتەوە و نەك دروستکردنی بەندیخانە و بەندکردنی هاووڵاتیانی، بۆیە ئازادکردنی بەندکراوە سیاسیەکانی هەموو تورکیا بە کورد و تورك و نەتەوەکانی دیکەشەوە متمانە بۆ هەموو گەلی تورکیا دروستدەکاتەوە نەك تەنیا لە نێوان کورد و تورك . ئەوە بۆ تورکیا نابێت، خەڵك لەسەر ئازادی رادەربرین و چالاکی سیاسی زیندانی بکرێت، بۆیە دوای ئەم هەنگاوانە ئەگەر لێبوردنێکی گشتیش دەربکرێت، ئەوا ئەوانەی لەشاخەوە دەگەڕێنەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان هەست دەکەن حکومەتی تورکیا دەرگای وتوێژی والا کردووە و هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی بە زمانی چەك باسی ئەم مەسەلەیە بکرێت.

# د. کەمال شاکر (سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان) بۆ گوڵان:

# ئێمە پشتگیری لە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا دەکەین و دەبێت حکومەتی تورکیا بۆ ئەم هەنگاوە دەستپێشخەری هەبێت

د.کەمال شاکر کە ئێستا سکرتێری حزبی شیوعی کوردستانە، سیاسییەکی هێمن و رۆشنبیرێکی زیرەك و شرۆڤەکارێکی سیاسی واقعبین و یەکێکە لە تێکۆشەرە دێرینەکانی گەلەکەمان و پێشمەرگەیەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بووە، لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا ماوەیەك وەزیری تەندروستی بووە وماوەیەکیش سەرۆکی لێژنەی ئەزموونەکانی خویندن بووە. د.کەمال شاکر لەگەڵ زۆربەی گۆڕانکارییەکانی کوردستان و شەری سارد و هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆسیالیستی ژیاوە و لەهەندێك لەو گۆڕانکارییانە بەشداربووە، هەروەها لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقیشدا رۆڵی بەرچاوی خۆی هەبووە و بەشداری لە نووسینەوەو دارشتنی دەستووری عێراقدا کردووە وئێستاش یەکێکە لە کارەکتەرە چالاکەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و لە ناو پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا رۆڵیکی دیار وکاریگەری هەیە. ئەم کەسایەتییە گرنگە وێرای نزیکی لە گۆڕانکارییەکان و بەشداری کردەیی لە پرۆسەی سیاسیی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵام کەمتر لە میدیاکان دەردەکەوێت و کەمتر خەڵکی ئاسایی بە بیروبۆچوونەکانی ئاشنا دەبن و لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم بێدەنگی و خۆبەدوورگرتنەی لە میدیاکان بۆ ئەوە بگەرێتەوە، کە نەیەوێت لەسەر ئەو پرسانەی بەردەوام لە گۆڕانکاریدان وهەڵوێستی سیاسیی جیاواز لەسەریان هەیە و بەردەوامیش هەڵوێستەکان لە گۆڕاندان قسە بکات، یان هەوڵبدرێت قسەکانی لە لایەن میدیاوە لە چوارچێوەی شیکاری سیاسیی بۆ بارودۆخەکە دەربهێنرێت و وەك لایەنگیری کردن بۆ هەڵوێستێکی سیاسیی لایەنێك تەفسیر بکرێت، کە بێگومان لەم دیمانە تایبەتییەی گوڵاندا هەندێك شرۆڤەی واقیعیانەی بۆ هەندێك رووداو یان بارودۆخ دەکرێت بە ئاراستەی دیکەش تەفسیر بکرێت، بەڵام لەبنەرەتدا تەفسیری ئەو خوێندنەوەیەکی سیاسیانەیە لە چوارچێوەیەکی واقعبینیدا، هەربۆیە ئێمە وەك گوڵان بە وریاییەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەم لایەنە کردووە و هەوڵمانداوە قسەکانی لە چوارچێوەی شیکارە سیاسیی و واقیعییەکەی دابرێژینەوە و ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتیەکەی بەرێز د.کەمال شاکر سکرتێری حزبی شیوعی کوردستانە لەگەڵ گوڵاندا.



■■■
هیچ نەتەوەیەک عاشقی چەک و چەکداری نەبووە، ئەوە رژێمە دەسەڵاتدارەکان بوونە ئەوەیان دیاری کردووە
■■■

■■■
لە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراودا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و خەڵکی عێراق یەکیان گرت، بەڵام رەنگە دوای روخانەکە ئامانجەکان جیاوازبن
■■■

■■■
نە لە ئێستادا و نە لە داهاتووشدا هیستریای تائیفی نابێتە هێزێکی دیموکراتی
■■■

**زەحمەتە ئەقلییەتی عەسکەرتاریەت و ئەقلییەتی سیاسی لە تورکیادا یەک بگرنەوە**

**• لە جیهانی ئەمڕۆدا باس لەوە دەکرێت کە دەبێت کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و سیاسییانە چارەسەربکرێن نەك بە شـێوازی سەربازی، لێکدانەوە و بیروبۆچونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئـــەمە پرسیارێکی گرنگ و دەوڵەمەند و لە هەمان کاتدا گرنگیشە، ئەگەر لە مێژووی میللەتان بڕوانین ئەوا لە سەرەتاوە هیچ نەتەوەیەك عاشـــقی چەك و چەکداری نەبووە، ئەوە رژێمە دەسەڵاتدارەکان بوونە ئەوەیان دیاری کردووە میللەتان پەنا بۆچی ببەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. لە ناوەڕاســـتی هەشتاکاندا گۆرباتشـــۆف لە کۆڕێکی فیکریدا بانگەشەی بۆ ئەوەی کرد کە دەبێت بلۆکی سۆشیالیســـتی پەنا بۆ شۆڕشی ئاشتی ببات لە مامەڵەکردنی لەگەڵ رۆژئاوادا و داوای هەڵوەشـــاندنەوەی پەیمانی وارشـــۆی کرد، من کە لەگەڵ عەبدولڕەزاق ســـافی ئەندامی مەکتەبی سیاســـی حزبی شـــیوعی عێراق بەشداری ئەوکۆڕەمان کرد، لە کاتی گفتوگۆکاندا من گوتم راستە پەنابردن بۆ شێوازی شارستانی لە کاتی تێکۆشاندا کارێکی باشە، بەڵام ئەمە هاوکێشـــەیەکە دوولایەن لە خۆدەگرێت و دەبێت لایەنەکەی دیکەش وەڵامدانەوەی ئیجابیانەی هەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە پەیمانی وارشـــۆ هاوپەیمانییەکی سەربازی بەرگریکارانەبوو و هاوپەیمانی ناتۆ هێرشـــبەرانەبوو، من ئەوەم خســـتەڕوو ئایا هاوپەیمانی ناتۆ خۆی لە هاوپەیمانییەکی سەربازییەوە دەگۆڕێت بۆ سیاســـی، ئەگەر ئەو ئامادەییەی تێدابوو ئەوا دواتر ئێمەش باس لە شـــێوازی ئاشتییانە دەکەین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە بەرامبەر تانك و ئەنفال و چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە، کورد چ شێوازێکی شارستانیان بگرتایەتەبەر؟.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشـــدا دەڵێم، دەبێت لە کاتێکدا هەلومەرجەکە ناچاری چەك هەڵگرتنمان دەکات، دەبێت لە هەمان کاتیشدا بە دوای شـــێوازی ئاشـــتییانەدا بگەڕێین بۆ تێکۆشان، دەبێت لەو کاتەشدا گوتاری سیاسیمان گوتارێکی وریا و واقیعیانە بێت.

ئەمە نەك بۆ ئەوەی رژێمێکی دیکتاتۆری پێ ملکەچ بکەین، بەڵکو بۆ راکێشـــانی ئەو خەڵکانەیە کـــە رژێمە دیکتاتۆرییەکە هەوڵـــی ئەوە دەدات ئەم خەڵکانە بەشـــێوەیەکی دەمارگیرانە لە ئێمە بڕوانن.

**ئەمەریکا لە بەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، ئامادە نییە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێناسەیەک بۆ چەمکی تیرۆر دابنرێت**

دواتـــر ئەگەر لە هەلومەرجی ئێســـتای خۆمـــان بڕوانین ئەو راســـتییەمان بۆ دەردەکەوێت کـــە موفرەداتەکانی نەخشـــە و تابلۆی سیاســـی لە گۆڕاندان، هۆکاری زەمەن کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە گۆڕانی نەخشـــەی و سیاســـی و تەنانەت لە روداوەکانیشدا و چەندین هۆکار لە کاردەخات و چەندین هۆکاری دیکە دەهێنێتەپێشەوە.

مێژوویی ئێمە پڕە لە پەند، بەڵام پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە تا چەنـــد بە ورياییەوە لاپەڕەکانی مێژووی خۆمان خوێندۆتەوە بۆ ئەوەی یارمەتیدەرمان بێت لە خوێندنەوەی بارودۆخی ئێســـتا و بناغەدانان بۆ دوارۆژ، چونکە ئەوەی خەبات بۆ ئێستا دەکات، دەبێـــت رابـــردوو بخوێنێتەوە و، ئەوەی خوازیـــاری دابینکردنی داهاتوویەکـــی پرشـــنگدارە.، دەبێت پردێك لە نێوان ئێســـتا و رابردوودا دروســـت بکات، بۆ ئەوەی رەوتێکی راســـت و دروست بگرێتەبەر بۆ ئایندە.

ئەو کێشـــانەی ئێســـتا لە ئارادان هیچیان بە لای منەوە نامۆ نین، ئێمە دەزانین گۆڕانکارییەکە چۆن روویدا، دەستی دەرەکی رژێمی ســـەددامی رووخاند، رەنگە هەندێ کەس بەو شـــێوەیە گوزارشـــتی لێبکات کە دەبێت سوپاسی ئەمەریکا بکەین، لەبەر ئـــەوەی ئێمە خۆمان نەمان دەتوانی لە رژێمی ســـەددام رزگار بکەین.

من وا ناڵێم، مـــن دەڵێم لە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراودا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و خەڵکی عێراق یەکیان گرت، بەڵام رەنگە دوای روخانەکە ئامانجەکان جیاوازبن، دەبێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا ئەمەریکا جگە لە روخاندنی رژێمی سەددام حوسێن ســـتراتیژیەتێکی دیکەی نەبوو. لەوەڵامی ئەم پرســـیارە دەڵێم ئەمەریـــکا بۆیە عێراقی هەڵبژارد چونکە لاوازترین ئەڵقەبوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی بیکاتە بنکەی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکەی لە ناوچەکەدا.

من ناڵێم با ئێمە چەك لـــە دژی ئەمەریکا هەڵگرین، چونکە ئەگەر بشـــمانەوێت ناتوانن لەبەر ئەوەی هیچ هاوســـەنگییەك نییە لـــە نێوانماندا، کەواتە واقیعەکە چۆنە دەبێت بەو شـــێوەیە مامەڵـــەی لەگەڵدا بکەین. من ئەمەم بە خەلیلزادیش راگەیاند و پێمگووت کە ئێوە دەوڵەتی عێراقتان رووخاند و تا ئێستا نەتان توانیوە دەسەڵاتێکی سیاسی مەرکەزی پێکبهێنن، لەبەر ئەوەی سەرۆکی حکومەت سەر بەلایەکە و وەزیرەکانیشی سەر بەکوتلە سیاسییەکانی دیکەن، پەرلەمان لە لایەکەو و سەرۆکایەتی کۆمار لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی بەڕێز مام جەلال دەیاندا هێشـــتا تاریق هاشمی بە جیاواز قســـەدەکات، خەلیلزاد وەڵامی دامەوە و گووتی: هەڵبژاردن کراوە. بەڵام ئایا هیچ کەســـێکی عاقڵ ئەگەر بارودۆخەکەی بە واقیعیانە بخوێندایەتەوە لەو هیستریای تائیفیەدا هەڵبژادنی دەکرد، نە لە ئێســـتادا و نە لە داهاتووشدا هیستریای تائیفی نابێتە هێزێکی دیموکراتی، دەرئەنجامەکەش ئەو دابەشبوون و دەمارگیرییە تائیفیە کە لە عێراقدا هەیە، نەك ئەو عێراقە دیموکراتی وفیدرالییەی لە دەستووردا چەسپێنراوە.

**• ئەگەر بێینەوە ســـەر مەســـەلەی کورد، ئەوا لە عێراقدا ئێمە سەنگێکمان هەیە، بەڵام لە تورکیادا کە وەك وڵاتێکی دیموکراتی لە لایەن رۆژئاواوە سەیر دەکرێت و پاڵێوراوە بۆ ئەندامی یەکێتی ئەورووپـــا و ئەندامی ناتۆیە، دەبینیـــن ئەڵقە لاوازەکە بریتییە لە گوتاری سیاسی کورد لەو وڵاتەدا، ئەگەر ئێمە گوتاری خۆمان بگۆڕین و شـــێوازی ئاشتییانە بگرینەبەر ئایا تا چەند دەتوانین سۆزی رۆژئاوا بەلای خۆماندا رابکێشین؟**

- ئێمە لەگەڵ پەکەکـــەدا جیاوازیمان هەیە، ئەوان تەرحی ئەوە دەکەن کە کوردستان هەر یەکە و یەك پارچەیە، ئەم سنوورانە لە لایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دروست کراون و ئێمە دانیان پێدانانێین.

ئێمەش دەزانین ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیەیە، بەڵام ئەم دابەشبوونە کەکەڵەبوونێکی زۆری دروســـت کردووە لە ســـەر نەفســـییەتی کوردەکانـــی هەر یەکێك لەم وڵاتانە و جیاوازی رۆشـــنبیری و نەفسی دروســـت کردووە و کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازی و



بەهێزی بزووتنەوەی کوردی لە هەر یەکە لەم وڵاتانەدا. سـەرکردایەتی سیاسی کوردیش لەگەڵ ئەوەدان کە ئەم کێشەیە بە دانوسـتاندن چارەسـەر بکرێت. کاتێك ئێمە دەبینین تورکیا تۆپبارانی کوردستان دەکات و هەڕەشە دەکات بە بیانووی بوونی پەکەکـە لێرە، ئەوا ئێمـە دەڵێین پەکەکە لـە دوای ڕاپەڕینەوە دروست نەبووە، پێشتریش پەکەکە هەر بوونی هەبووە، بەڵام ئەوان مەبەسـتیان ئەزموونی کوردستانە و ئەم مەسەلەیەش پەیوەندی بە پێکهاتەی سیاسی تورکیا و ململانێیە ناوخۆییەکانەوە هەیە و تورکیا دەیەوێت گرفتە ناوخۆییەکانی خۆی بنێرێتە دەرەوە.

ئێمە دەزانین زەحمەتە ئەقڵییەتی عەسـکەرتاریەت و ئەقڵییەتی سیاسـی لە تورکیادا یەك بگرنەوە، لـە مێژووی تورکیادا هەر کاتێـك ئازادی زیاتـر و دیموکراتی زیاتـر و کرانەوەی زیاتر هەبوبێت ئەوا ژەنراڵەکان هەوڵی کودەتایان داوە، هەوڵی ئەوەیان داوە کە بارودۆخەکە بگەڕێننەوە بۆ باری پێشووی خۆی.

بێگومان ئێستا تورکیا فشاری لەسەرە بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگـەڵ ئەمەریکا و بە هۆی هەوڵەکانی بـۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا و ئەمەش گرتنبەری چەند ڕێ و شـوێنێکی بەسەردا دەسـەپێنێت. هەربۆیەکاتێك ئێمە دەڵێین با کێشەکە بە ئاشتییانە چارەسـەربکرێت ئەوا تۆپەکە دەکەوێتەوە گۆڕەپانی تورکیا.

**● هێزە دیموکراتەکانی ناو تورکیا دەڵێن ئەگەر پەکەکە چیتر پەنا بۆ خەباتی چەکداری نەبات ئەوا خیتابی سەربازی ژەنراڵەکانی سوپا ئەوەندە زاڵ نابێت و ئەو کاتە هێزە دیموکراتەکانیش بەهێزتر دەبن و دەتوانـن هەنگاو بۆ گۆڕانکاری بنێن، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- ئێمە وەك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقداجیاوازیەکمان لەگەڵ تورکیادا هەیە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئێمە کێشەی لەگەڵ عەرەبدا نەبووە، بەڵکو لەگەڵ ڕژێمەکانی عێرقدا کێشەمان هەبووە و تەنانەت عەرەبەکانیش پشتگیری ئێمەیان دەکرد. کاتی خۆی تەنیا پارتی دیموکراتی کوردسـتان هەبوو لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق کێشەی کوردیان گرێدا بۆوە بە دیموکراسییەتی عێراقەوە، بەڵام لە تورکیادا دەمارگیرییەکی نەتەوەیی هەبووە و نکۆڵی لە بوونی نەتەوەکانی دیکە کراوە و دەڵێن دەوڵەت یەکە و نەتەوە یەکە، پاسـاوی ئەوە دەهێنەوە و دەڵێن ئەگەر باسی کورد بکرێت ئەوا دەبێت باسی نەتەوەکانی دیکەش بکرێت.

هەروەها پارتە سیاسـییەکانی تورکیا چ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان و چ ئەوانەی لە دەرەوەی دەسـەڵاتن هەڵوێسـتیان یەك نییە و هەماهەنگی لە نێوانیاندا نییە.

کەواتە کە ئێمە دەڵێین دەبێت ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە گفتوگۆ و بە دیبلۆماسـییەت چارەسەر بکرێت ( لەگەڵ تێبینییەکانمان لە سـەر پەکەکە )خۆ دەبێت تورکیاش لێبوردنێك دەربکات بۆ ئەوەی ئەوانیش بڕیار لە چارەنوسـی خۆیان بدەن، خۆناکرێت داوای خۆبەدەستـەوەدانیان لێ بکات، چونکە ئەوەی بڕیاری بەدەسـتە حکومەتی تورکیایە و دەبێت دەسپێشـخەری بـکات و، بۆئـەوەی ئەوەی چەکەکەی دادەنێـت متمانەی بە حکومەتی تورکیا هەبێت.

*** باس لەوە دەکرێت هاتنی شاندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆ کوردسـتان بۆ ئەوەبێت کە کێشـەی کورد بەرەوپێشەوە ببەن بەتایبەتی کە هەسـت دەکرێت پەیوەندییەك لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردسـتاندا هەیە و باس لەوە دەکرێت عەبدوڵا گوڵ لەگەڵ مام جەلالدا دوای سەردانی بەغدا بێتە کەرکوك و هەولێر ئایا ئەم هەوڵانە هیچ بەرهەمێکیان دەبێت؟**

- هەر نزیکبوونەوەیەك خۆی لە خۆیدا بەرەوپێشـچوونە، چونکە پێشتر تورکیا هەنگاوێکی لەم شێوەیەیان ڕەتدەکردەوە، لەبەر ئەوە مـن بە شـتێکی ئیجابی دەزانم و بـە هەنگاوێکی دادەنێم بۆ پێشەوە، ئەوان پێشـتر لە لێدوانەکانیاندا ئاشکرابوو کە دانیان بە حکومەتی هەرێمی کوردسـتاندا نەدەنا. ڕاستە باس لەوە دەکرا تورکیـا ئامادەیە چاوپێکەوتن لەگەڵ حزبە کوردسـتانییەکاندا بکات و ڕاستە حزبە کوردستانییەکان نوێنەرایەتی میللەت دەکەن، بەڵام ئێمە دامەزراوەی ڕەسـمیمان هەیە، سەرۆکایەتی هەرێم و سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانمان هەیە، ئەگەر ئەوان لایەنی ڕەسـمیان هەیە ئەوا ئێمـەش دامەزراوەی خۆمان هەیە، واتە تا لەگەڵ ئەم دامەزراوانەی ئێمەدا دادەنیشن مانای ئەوە نییە ئیقرار بە حکومەتی ئێمە دەکەن. دوای ئەوە سەرکەوتن و بەرهەمی ئەم کۆبوونەوانە ڕێژەییـە، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی ئیجابیە و وەك دەڵێن ڕێگەی هەزار میل بە هەنگاوێك دەسـت پێدەکات، با ئەم هەنگاوە بنێین ئەو کاتە بزانین چیمان پێدەکرێت بۆ ئەوەی پردێك دروست بکەین بۆ مەسافەکەی تریش.

*** بەداخەوە ئەوەش واقیعە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپاوە، پەکەکە بە ڕێکخراوی تیرۆریستی دەزانێت، ئەگەر پەکەکە ئامادەی دەستهەڵگرتن بوو لە چەك و پەنای بۆ خەباتی سیاسـی برد ئایا تا چەند تورکیا دەکەوێتە ژێر فشارەوە لە لایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە؟**

- تا ئێسـتا لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا ئیشـکالییەت لە سەر پێناسـەکردنی چەمکی تیرۆر هەیە، بۆ نموونە پێناسەی تیرۆر چییە؟ و تیرۆریستان کێن ؟ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەر پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، ئامادە نییە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێناسەیەك بۆ چەمکی تیرۆر دابنرێت.

بۆ نموونە پێشتر ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق هەبوون، ئەوان لە دژی ئێمە کاریان کرد و چەکی دەسـتی سەددام بوون، بەڵام کە ئەمەریکا سـەددامی ڕووخاند ئەوان بـوون بە خاوەنی ئەم ڕێکخراوە. تاڵیبان لە ئەفغانستان کێ دروستی کرد ؟، دەزگای هەواڵگـری ئەمەریکا بە یارمەتی هەواڵگری پاکسـتان و بە تەمویلی سـعودیە دژی ئەو ڕژێمـەی لەکابول حکومڕان بوو، دروسـتیان کرد، ئەمە ئەوەی سـەلماند کە ناتوانرێت شـۆڕش بنێردرێتە دەرەوە، بۆ نموونە باس لە ئەسیوبیا دەکرا کە ڕژێمێکی سۆشیالیستییە، بەڵام شۆڕش دەبێت بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشان و قوربانیدانی نەتەوەکە خۆی بێت. ئەگەر بێینەوە سەر مەسەلەی تیرۆر، ئەوا ئەمەریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی نایەوێت پێناسەیەك بۆ ئەم چەمکە دابنێت بۆ ئەوەی بە خواسـتی خۆی گەمە بە ناوەڕۆکی ئەم چەمکە بکات و لە بەرژەوەندی خۆی دەستکاری بکات.

●●●
دەبێت پەکەکە بزانێت حاڵی حازر هەلومەرجی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و خودی ناوخۆی تورکیاش وەک ١٠ ساڵ پێش ئێستا نییە لە ئاست پەکەکەدا
●●●



●●●
بۆ کێشەکەی خۆشمان گوتومە دەبێت ئەم کێشەیە لە ناو دڵێکی گەرمدا بێت بەڵام دەبێت بەسەرێکی ساردەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین
●●●

**لە تورکیادا بە شێوەیەکی گشتی دەمارگیرییەکی نەتەوەی دژی کورد هەیە و ئەمەش ئیشکردنی دەوێت و دەکرێت سەرهەڵدانی هێزە دیموکراتخوازەکان لە تورکیاد یارمەتیدەرمان بن**



سەبارەت بە پەکەکەش، دەبێت پەکەکە بزانێت حاڵی حازر هەلومەرجی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و خودی ناوخۆی تورکیاش وەك ١٠ ساڵ پێش ئێستا نییە لە ئاست پەکەکەدا، لەبەر ئەوە دەبێت بیروبۆچوون و خوێندنەوەکانیشیان جیاوازبن، دواتر هەندێ مەسەلە هەیە پرسیار دروست دەکەن، بۆ نموونە زۆر باس لە ئاشتی و دانوستاندن و خەباتی سیاسی دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، بەڵام لە پڕێکدا چالاکییەکی سەربازی دەکرێت و بارودۆخەکە دێتەوە سەر سفر، پرسیارەکە ئەوەیە کێ لە دوای ئەم ئەم کارەوەیە ؟، کێ نەخشەی بۆ دانابوو؟، کێ جێبەجێی کرد؟ و بۆچی لەم کاتەدا؟ و لە بەرژەوەندی کێدایە؟ئەمانە پرسیارە بێ وەڵامەکانن، زۆرجار باس لەوەکراوە کە پەکەکە ئامادەیی بۆ چەکدانان هەیە، ئەمەش نە ترسە و نە راکردن، بەڵام لە ناکاو ئەو چالاکیانە دەکرێن، ئەمە کارێکی خراپە و دەبێت بزانین عاملی زەمەن چەکێکی تیژە و ئەگەر بە باشی لەبەرچاوت نەگرت و بە باشی موفرەداتەکانیت نەخوێندەوە، ئەوا خۆت سەردەبڕی.

لەلایەکی دیکە هەندێك هەنگاوی دیکەی ئاشتی هەیە ناکرێت سەقفی زەمەنی بۆ دابنێت و بڵێیت ئەگەر لە ماوەی مانگێکدا ئەوە نەکرا ئەوا ئەو بڕیارە دەدەم، سەرلەنوێ دەست بەشەڕدەکەمەوە، دەبێت لەو مەسەلانەدا نەرمی هەبێت. هەروەها گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگرێت، گریمان ئەگەر حزبێك دوای لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی بارودۆخەکە بڕیارێکیدا، بەڵام ئەگەر کۆسپ هاتەڕێی دەبێت پێداچونەوە بکات نەك دەمارگیرانە سوربێت لە سەر بڕیارەکەی خۆی. من زۆرجار بۆ کێشەکەی خۆشمان گوتومە دەبێت ئەم کێشەیە لە ناو دڵێکی گەرمدا بێت بەڵام دەبێت بەسەرێکی ساردەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

*** تورکیا هەوڵدەدات کێشەی کورد لە ژێر پەردەی یاسای دژە تیرۆری وڵاتەکەی بشارێتەوە و هەرچییەك دەکات لە راگەیاندنی ئەحکامی عورفی و لێدانی ناوچە کوردییەکان و قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی هەمووی بخاتە ناو چوارچێوەی ئەم یاسایە، ئایا چۆن ئێمە بتوانین ئەم مەسەلەیە لە قاڵبی تیرۆر رزگار بکەین؟**

- ئەوە راستە و تەنانەت ئەنجامدانی هەڵمەتە سەربازییەکان لە وەرزی بەهاردا کە بودجەیەکی گەورەی بۆ تەرخان دەکرێت هەر بەو یاسا و بیانووە بوو. سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ژێر فشارێکی زۆر و گەورەدایە بۆ ئەوەی پەکەکە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێت، بەڵام تا ئێستا رەتیکردۆتەوە، تەنانەت هەوڵەکانی تورکیا بۆ خۆبەخاوەنکردنی تورکمانەکان و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی کەرکوك لە چوارچێوەی ئەم فشارانەدان و رێکەوتنە ئەمنییەکانی لەگەڵ مالیکی و حکومەتی عێراقی هەر بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەیە و دەیەوێت بەغدا بکاتە کارتێکی گوشاری بەسەر کوردەوە بۆ ئەوەی پەکەکە بە تیرۆریست لە قەڵەم بدات و چەکی لە دژی هەڵبگرێت، بەڵام سەرکردایەتی کورد دوای ئەو ئەزموونە تاڵەی شەڕی براکوژی بڕیاری تەحریمکردنی چەك هەڵگرتنی دەرکردووە لە دژی کورد و بە هیچ شێوەیەك چەك لە دژی کورد هەڵناگرێتەوە. دەکرێت بە حوکمی ئەو پەیوەندییە سیاسی و غەیرە سیاسییەی ساڵەهای ساڵە لەگەڵ پەکەکەدا هەیە، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی هەبێت بەڵام دەبێت تورکیا خۆی دەستپێشخەری بکات و سەردەمی ئەوە بەسەرچووە کە بە کوردەکانی تورکیا بڵێین تورکی چیا. لە تورکیادا بە شێوەیەکی گشتی دەمارگیرییەکی نەتەوەی دژی کورد هەیە و ئەمەش ئیشکردنی دەوێت و دەکرێت سەرهەڵدانی هێزە دیموکراتخوازەکان لە تورکیاد یارمەتیدەرمان بن بۆ ئەوەی کێشەکە بکرێتە کێشەی هەڵوێستی حکومەتی تورکیا لە ئاست کوردەکاندا نەك کێشەی کورد و تورك.

*** ئەمرۆ دنیا بەرەو کۆبونەوە و پێکهێنانی یەکێتی دەڕوات و ئەو وڵاتانەی خاوەنی سەروەریشن ئامادەن لە ناو یەکێتیەکدا کۆببنەوە، بەڵام لە تورکیا و لە عێراقدا هێشتا مەترسی جیابوونەوە هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم عەقڵییەتە بگۆڕین و پێیان بڵێین ئەگەر مافی کورد بدەن کورد هەوڵی جیابوونەوە نادات؟**

- ئەوانە هەمووی بیانوون و دواتر جیهانی ئەم سەردەمەش ئەم تەرحە قبوڵ ناکات، کورد لە عێراقدا نەك هەر نەبۆتە هۆکاری دابەشبوونی عێراق بەڵکو رۆڵی بنەڕەتی بینیوە لە یەکگرتنەوەی عێراق و دووبارە دروستکردنەوەی عێراق لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی.

**راستە سەددام رویشتووە بەڵام کاریگەرییەکەی هەر ماوە و چەندەها ساڵە کەئەکەبووە و بە رۆژ و دوو رۆژ لە ناو ناچێت**

ئەگەر باس لە بارودۆخی عێراق بکەین ئەوا هێشتا لە عێراقدا بە کوردستانیشەوە رۆشنبیری دیموکراتی وەك پێویست بوونی نییە، راستە سەددام رویشتووە بەڵام کاریگەرییەکەی هەر ماوە و چەندەها ساڵە کەڵەکەبووە و بە رۆژ و دوو رۆژ لە ناو ناچێت، دواتر دەبێت بزانن کە سەددام روخا بەدیلەکەی چییە و کێیە؟.

هەرچەندە پێشتر رێککەوتن کراوە لەسەر ئەوەی کە عێراق لەسەر بنەمایەکی فیدرالی و دیموکراتی بونیاد بنرێتەوە و عێراقێکی یەکگرتوو دروست بێت.

بەڵام ئێستا هەر لایەنێك روانگەی خۆی و ئەجێندای خۆی هەیە و گۆشەنیگای خۆی هەیە بۆ دووبارە دارشتنەوەی عێراق و دەبێت ئێمە بە باشی ئاگاداری ئەمە بین.. بۆ نموونە:

- مالیکی بە چەند مانگێك دوای ئەوەی بوو بە سەرۆك وەزیران، کۆنگرەیەکی بەست و جەعفەری لە حزبەکەی دەرکرد، ئەمە لە ناو خودی حزبێکدا، ئایا دەبێت ململانێیەکە لە ناو حزبەکان و کوتلەکاندا چەند گەورە بن؟.
- کاتێك رەشنووسی دەستوور تەواوکرا و کاتێك دیاری کرا بۆ ئەوەی لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت، سێ جار کاتەکە گۆڕا و خەلیلزاد هات گووتی با بڕگەیەك زیاد بکرێت بەوەی دوای چوار مانگ دەبێت هەموارکردن لە دەستووردا بکرێت بۆ ئەوەی سوننەکان پێی رازی بن، ئەو کاتە مالیکی بە ناچاری ئەمەی قبوڵ کرد، بەڵام ئێستا خۆی بۆتە ئاڵاهەڵگری هەموارکردنی دەستوور، بۆ؟ لەبەر ئەوەی بە دوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت.
- هەر لە سەرەتاوە لیژنەی هەموارکردنی دەستووری پێکهێنراوە، بەڵام تا ئێستا هەموو لایەنەکان نەگەیشتونەتە تەواوفوقێك، ئەوان هەوڵی ئەوە دەدەن دەسەڵاتەکانی خۆیان زیاد بکەن و سەرۆکایەتی کۆمار بکەنە دەسەڵاتێکی پرۆتۆکۆلی و شکلی، ئەوان بەم شێوەیە سەیری مەسەلەکان دەکەن.
-ئەوان هەوڵی زیادکردنی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران دەدەن لەبەر ئەوەی دەزانن شیعەکان زۆرینەن، بۆ ئەوەی ئەم پۆستە هەر لە دەستی خۆیاندا دەمێنێتەوە. کەواتە ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە دەسەڵات لە دەستی خۆیاندابێت.
- پرسیارێکی دیکە ئەوەیە ئایا ئێستا بە چەند شێوە باس لە فیدراڵیەت دەکرێت؟ بێگومان لەوەڵامدا دەڵێین:
- حزبی فەزیلە هەوڵی کۆکردنەوەی ئیمزا دەدات بۆ پێکهێنانی هەرێمی بەسرە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی هەوڵی ئەوە دەدات لە نۆ پارێزگای باشوور هەرێمێك پێکبهێنن، لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی دەتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەر ٩ پارێزگاکەدا هەبێت.
- بە داخەوە هەندێ لە سیاسییەکانی ئێمە و هەندێ لە دەزگاکانی راگەیاندن زۆر بە سادەیی لە مەسەلەکە دەڕوانن و پێیان وایە دروستبوونی هەرێمی دیکە هەڵوێستی ئێمە بەهێز دەکات بۆ جێگیرکردنی فیدراڵیەت، من بۆیە ئەمە دەڵێم چونکە مەسەلەی فیدراڵیەت بە نیسبەت ئێمەوە براوەتەوە و لە دەستووردا چەسپێنراوە و ئێمە بەو شێوەیە لە مەسەلەی فیدراڵیەت دەڕوانین کە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی ئێمە بکات، بەڵام باس لە دابەشکردنی دەسەڵاتی و لامەرکەزییەت دەکرێت ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی ئیدارییە. کورد مافی بڕیاردانی هەیە لە چارەنووسی خۆی، کە ئێستا ئێمە ئەمە ناکەین ئەوا ئەم هەڵوێستەمان ئەنجامی خوێندنەوەمانە بۆ بارودۆخە سیاسییەکە و بۆ واقیعەکە.
- مالیکی باس لەوە دەکات لاوازکردنی مەرکەز لاوازکردنی عێراقە، منیش هاوڕام لەگەڵیدا، بەڵام با بزانین مەرکەز بە چی بەهێز دەبێت؟ئایا مەرکەز بە گەورەکردنی سوپای عێراقی بەهێز دەبێت؟،ئایا بە گەورەکردنی هێزە ئەمنییەکان و هێزی پۆلیس بەهێز دەبێت،؟بێگومان بەهێزکردنی سوپا وهێزە ئەمنییەکان شێوازی سەدام بوون و ئەمانە هۆکاری دیکتاتۆرییەتی مەرکەزن.

بەپێچەوانەوە مەرکەز بە دیموکراتییەت بەهێز دەبێت، بە رێزگرتن لە داواکارییەکانی پارێزگا و هەرێمەکان بەهێزدەبێت، بەوە بەهێز نابێت هێزە چەکدارەکان ژمارەیان بەرەو دوو ملیۆن بڕوات، ئەمە بەهێزکردنی مەرکەزێکی ترە.

- باس لەوە دەکرێت ئایا حکومەت دەسەڵاتی نییە سوپا لە تێکرای عێراقدا بجوڵێنیت؟ بەڵێ ئەم مافەی هەیە، بەڵام حکومەتێك پەرۆشی داوڕۆژ و سەقامگیری عێراق بێت، نەك هەوڵەکانی بۆ شێواندنی ئەو ئایندەیە بێت.
- لە ماددەی ١٤٠دا باس لەو ناوچانە دەکرێت کە ناکۆکییان لەسەرە، دەبێت حکومەت لە ئێمە پەرۆشتر بێت بۆ گرتنبەری ئەو هەنگاوانەی لەم ماددەیەدا هاتوون نەك دەستیوەردان بکات و ئیستفزاز دروست بکات، ئەمە دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نەك بە دروستکردنی ئیسناد و بە رۆحییەتی ئیسناد.
- هەروەها من ئەوەم پێخۆش نەبوو مەسەلەکە لەگەڵ مالیکی بگاتە رەتدانەوە، ئێمە لە قۆناغێکی ئینتقالین و رەنگە ئەوەی دوێنی لەسەری رێککەوتین ئەمڕۆ بەرژەوەندیمان لەوەدابێت بیگۆڕین، من پێم خۆش بوو مەسەلەکە بە گفتوگۆیێت بەڵام کە سەرۆك وەزیران لە راگەیاندندا باسی کرد ئەوا ئێمەش ناچاری بووین رونکردنەوە بدەین، مەبەستەکە راکێشانی مالیکی نییە، ئامانجەکە ئەوەیە خیتابی ئێمە کاریگەر بێت نەك خیتابی مالیکی. - دواتر ئەگەر باسی کێشەی خانەقین بکەین، ئەوا من خۆم خانەقینیم و دەڵێم، من لە خانەقیندا پێویستیم بە پێشمەرگە نییە، لە٩٥٪ زیاتر لە هەڵبژاردندا دەنگیان بۆ کورد دەدەن و بە پێی دەستوور زەمانەتی خانەقین کراوە و من پێویست ناکات بچمە ئەو شەڕە دەنوکەوە.
- ئەم ململانێیانە دەرئەنجامی قۆناغی ئینتیقالین هەتا ئەو کاتەی هاوپەیمانییەکی تازە دروست دەبێت، ئێمە کە ئێستا باس لە رەوتی دیموکراسی ئەکەین لە تورکیا، ئەوا لە عێراقیشدا تاوەکو تەوژمی دیموکراسی و تەوژمی لیبراڵی دروست نەبێت ئەوا ئەم ریزبوونە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت. ئەوە بە بڕیارێکی سیاسی نابێت و پێویستی بە کەڵەکە بوونێکی زەمەنی هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت بە نەفەسێکی درێژ ئیدارەی ئەو ململانێیە بکەین، ئەمە پێویستی بە نەخشەکێشان و ستراتیژییەت هەیە و نابێت بە پێی رووداوە رۆژانەکان مامەڵە بکەین، دەبێت بزانین رووداوی رۆژانە ماندوومان دەکات.

**مالیکی بە چەند مانگێک دوای ئەوەی بوو بە سەرۆک وەزیران، کۆنگرەیەکی بەست و جەعفەری لە حزبەکەی دەرکرد، ئەمە لە ناو خودی حزبێکدا، ئایا دەبێت ململانێیەکە لە ناو حزبەکان و کوتلەکاندا چەند گەورە بن؟**

**مەرکەز بە چی بەهێز دەبێت؟ئایا مەرکەز بە گەورەکردنی سوپای عێراقی بەهێز دەبێت؟، ئایا بە گەورەکردنی هێزە ئەمنییەکان و هێزی پۆلیس بەهێز دەبێت،؟بە پێچەوانەوە مەرکەز بە دیموکراتییەت بەهێز دەبێت، بە رێزگرتن لە داواکارییەکانی پارێزگا و هەرێمەکان بەهێزدەبێت**

■ ■ ■

پرۆفیسۆر دۆغۆ ئێرگل سەرۆکی سەنتەری دیراساتی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە Centre for the Research of Societal Problems (TOSAM) لە ئەنقەرە و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کوردی تورکیا و یەکێکە لە ستوون نووسە دیارەکانی رۆژنامەی تودەی زەمان کە بەزمانی ئینگلیزی لە تورکیا دەردەچێت و لە ستوونەکانیشدا بایەخێکی گرنگ بەچارەسەرکردنی سیاسییانەی کێشەی کورد لە تورکیا دەدات و بڕوای بەوە هەیە کە دەبێت سەرلەنوێ چەمکی هاوڵاتیبوون لە ناو دەستووری تورکیادا لە رووی سیاسیی و یاساییەوە پێناسە بکرێتەوە و دەبێت ئەو زەمەنە بەسەر بچێت مانی هاوڵاتیبوون تەنیا ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لەرووی ئیتنییەوە تورکن، بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە وهەوڵەکان بە ئاراستەی چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد لە تورکیا و هەوڵەکان بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو ئەنقەرا، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر دۆغۆ کرد و بەمجۆرە بۆ چوونەکانی بۆ گوڵان خستەروو.

■ ■ ■

**دۆغۆ ئێرگل (رۆژنامەنووس و ئەکادیمی تورک) بۆ گوڵان:**

# لە تورکیا مانای هاوڵاتیبوون، واتە دەبێت لەرووی ئیتنییەوە تورک بێت بۆیە دەبێت ئەم چەمکە لە رووی سیاسی و یاساییەوە پێناسە بکرێتەوە

*** هەواڵی ئەوە لە ئارادایە کە سەرۆک کۆماری تورکیا سەردانی عێراق دەکات و لە میانەی سەردانەکەیدا و هاوڕێ لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراقدا سەردانی هەولێر دەکەن، ئایا لە حاڵەتی روودانیدا، ئەم سەردانە چەند کاریگەری دەبێت لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق بە گشتی و تورکیا و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی؟**

- سەردانی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ عێراق لە چەند لایەنێکەوە گرنگە، یەکەمیان ئەو لەگەڵ هاوشانەکەیدا کۆدەبێتەوە کە سەرۆک کۆماری عێراقە، ئەمە هەنگاوێکە بۆ پەرەپێدانی دۆستایەتی لە نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێدا، هەروەها دەرفەتێکە بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی کێشە هاوبەشەکان و رێگاچارە هاوبەشەکانەوە بۆ چارەسەرکردنیان. لە لایەکی دیکەوە سەرۆک کۆماری عێراق کوردە و بە لای کەمەوە نوێنەرایەتی لایەنێکی دیاری کراوی کوردەکان دەکات، من پێموایە تورکیاش هەوڵی پەرەپێدانی دۆستایەتی دەدات لەگەڵ کوردەکاندا، بە تایبەتی دوا ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی تورکیادا روویدا، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دژایەتی کردن و بەرهەڵستی کردنی کوردەکانی عێراق تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی رێکخراوە تیرۆریستییەکان بتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن لە عێراقدا، ئەوەش لە بەرژەوەندی تورکیادا نییە.

لێرەدا ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین ئایا بۆچی کوردەکانی عێراق داڵدەی تیرۆر دەدەن؟ بێگومان لەوەڵامدا دەڵێن ئەگەر تورکیا دان بە ئیدارەی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردەکانی عێراقدا نەنێت و بە هێزێکی دوژمنکاری دابنێت. ئەوا ئەو کاتە زەمینەیەك دروست دەبێت بۆ ئەوەی ئەو هێزە تیرۆریستیانەی بە دوای ناوچەیەکی ئارامدا دەگەڕێن لە باکووری عێراقدا وەك هاوپەیمانێك لێیان بڕوانرێت لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیادا.

دەبێت تورکیا لەو راستییە تێبگات کە ئەگەر پەرە بە دۆستایەتی بدات لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا ئەوا ئەو کاتە، کوردەکانی عێراقیش وەك هاوپەیمانێك لە هێزە تیرۆریستییەکان ناڕوانن لە بەرامبەر هەڵوێستی هێرشبەرانەی تورکیادا.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە تورکیا پەرۆشی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە، کە ئەمەش نەك هەر پێویستە بۆ هێنانەدی سەقامگیری لە عێراقدا بەڵکو بۆ ئاسایشی تورکیاش پێویستە، ئەگەر تورکیا دۆستایەتی لەگەڵ کوردەکاندا بکات و هانیان بدات کە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە و ئەگەر هەڕەشەیان لێنەکات ئەوا بە دوای هاوپەیمانی دیکەدا ناگەڕێن و هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نادەن کە ئەم سەربەخۆییەش نەك تەنیا دەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق بەڵکو کاریگەری لەسەر سەقامگیری دەوڵەتە دراوسێکانیش دەبێت.

*** ئایا تورکیا ئامادەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان؟**

- بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لە بەرژەوەندی هەردوولادایە، بڕوانە، بۆ هەر کوردێك لە عێراقدا دوو کورد لە تورکیادا هەیە، کەواتە بەشە کوردییەکەی عێراق درێژبوونەوەی بەشە کوردییەکەی تورکیایە و بەو پێیە باکووری عێراق

●●●
لە هەر کۆمەڵگەیەدا ئەگەر فرەیی ئاینی و ئیتنی هەبوو، بەڵام نکۆڵی لەم فرەییە کرا ئەوا جیاکاری و دژایەتی لە ئاست ئەو گرووپانەدا دەکرێت و دووچاری پەراوێزکردن و دوورخستنەوە دەبنەوە
●●●



دەبێتە زۆری نفوزی تورکیا، کەواتە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ ئیدارەی ئۆتۆنۆمی کوردەکان لە بەرژەوەندی هەردولادایە.

*** چاوەڕێ دەکرێت دوای سەردانەکەی سەرۆکی تورکیا تێگەیشتنێکی زیاتر لە نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراقدا بێتە ئاراوە، هەروەها پێشبینی دەکرێت تورکیا هەڵبستێت بە بەرەوپێشبردنی ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتەکەی و هەنگاوی زیاتر بنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکەی، لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- پەیوەندی تورکیا لەگەڵ باکووری عێراق، یاخود بەشە کوردییەکەی عێراقدا پەیوەندیەکی دیبلۆماسی و ئابووریە، بەڵام ئاسایکردنەوەی کێشەی کورد لە تورکیادا لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی سیاسییە، دەبێت ئەم دوو مەسەلەیە لێك جیابکرێنەوە. ئاسایکردنەوەی کێشەی کورد لە تورکیادا یارمەتیدەر دەبێت لە ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردەکاندا، بەڵام ئاشتبوونەوە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا لە لایەن تورکیاوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ رەنگدانەوەی نابێت لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی وڵاتەکەیدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئاسایکردنەوەی لە هەردوو دیوی سنوورەوە یارمەتیدەر دەبێت لە باشتر چەسپاندنی سەقامگیری و بە دیموکراتیکردن و گەشەپێدانی ئابووری لە ناوچەکەدا.

*** هۆکاری ناسەقامگیری ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بۆ بوونی پەکەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام پەکەکە لە سەروبەندی چەکداماڵیندایە، ئەگەر پەکەکە دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگرێت و دەست بە خەباتی سیاسی بکات ئایا تا چەند تورکیا ئامادەی پێشوازیکردنە لەم هەنگاوە؟**

- سیاسەت پەیوەستە بە دارشتنی بەرنامەی گونجاو و بە گفتوگۆکردن و دانووستاندنی دیموکراسییەوە، ئەگەر پەکەکە گۆڕانکاری بەسەر خۆیدا بهێنێت و سیاسییانە رەفتار بکات ئەوا تورکیا زۆر بە ئاسانی پێشوازی لەم هەنگاوە دەکات لەبەر ئەوەی تا ئێستا پەکەکە پەنای بۆ خەباتی چەکداری بردووە و تەنیا کوشتار و کاولکاری خوڵقاندووە.

*** شاندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تورك، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و چەندین کۆبونەوەو گفتوگۆیان لە بارەی چارەسەری سیاسیی و ئاشتییانەی کوردی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی عێراق ئەنجامداوە، ئایا راوبۆچونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- من ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم و هیوادارم دەرئەنجامێکی ئیجابی لێبکەوێتەوە، هەرچەند ئەم پارتە میانگیرێکی سەربەخۆ و بێ لایەن نییە و رەنگدانەوەی لایەنێکی میلشیایە و لایەنەکانی دیکە زیاتر کاریگەریان هەیە بەسەریەوە نەك بە پێچەوانەوە، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین دەرئەنجامەکە چی دەبێت.

*** سەرکەوتوترین رێگا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئیتنییەکان بریتییە لە گفتوگۆ و دانووستاندن، چۆن دەتوانین هانی لایەنە ناکۆکەکان بدەین بۆ ئەوەی ئەم رێگایە بگرنەبەر؟**

- کێشە و ناکۆکییە ئیتنی و ئاینییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازن، هەر کۆمەڵگەیەکی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری تایبەتی هەیە، بەڵام چەند بنەمایەکی گشتی هەیە دەبیت لەبەرچاومان بن، یەکەمیان دەبێت دان بە بوونی گروپەکاندا بنێین و دواتر دەبێت رێزیان لێبگرین، سێیەم دەبێت هەلی بەشداری پێکردنیان پێ بدرێت لە دارشتنی رێساکانی پێکەوە ژیاندا، واتە دەبێت بنەمای فرەیی لە کۆمەڵگەدا بچەسپێت و جیاکاری لە دژی هیچ گرووپێکی دیاری کراو نەکرێت.

لە هەر کۆمەڵگەیەدا ئەگەر فرەیی ئاینی و ئیتنی هەبوو، بەڵام نکۆڵی لەم فرەییە کرا ئەوا جیاکاری و دژایەتی لە ئاست ئەو گرووپانەدا دەکرێت و دووچاری پەراوێزکردن و دوورخستنەوە دەبنەوە، ئەمە پەیوەندی بە چۆنییەتی پێناسەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و هاوڵاتیبوونەوە هەیە، بۆ نموونە لە تورکیا هاوڵاتیبوون پەیوەستە بەوەی لە رووی ئیتنییەوە تورك بیت، چارەسەکردنی ئەم حاڵە بەوە دەکرێت هەڵبستین بە دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە رووی سیاسی و بە دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی هاووڵاتی بوون لە رووی یاساییەوە.

**لە تورکیا هاوڵاتیبوون پەیوەستە بەوەی لە رووی ئیتنییەوە تورك بیت، چارەسەکردنی ئەم حاڵە بەوە دەکرێت هەڵبستین بە دووباره پێناسەکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە رووی سیاسی و بە دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی هاووڵاتی بوون لە رووی یاساییەوە**

مارتن ڤان برویسنس ئەو توژە بە ناوبانگەیە کە بایەخێکی گرنگ بە کێشەی کورد دەدات و لە ناو خوێنەری کوردا ناسراوە و چەندین کتێبی لەسەر کورد نوسیوە دیارترینیان کتێبی (ئاغا و شێخ و دەوڵەت)ە، و لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی کێشەی کورد و چۆنییەتی چارەسەرکردنییەتی، سەبارەت بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگەی سیاسیی و ئاشتییانە پەیوەندییمان بە پرۆفیسۆر ڤان برۆنسنس کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

## مارتین ڤان برۆنیسن (پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر کێشەی کورد) بۆ گوڵان:

# خەباتی چەکداری میسداقییەتی نامێنێت ئەگەر حکومەتی تورکیا ئامادەبێت مافە کولتوری و سیاسییەکانی کورد بسەلمێنێت

لەم جۆرە کێشانەدا پێویست بە لایەنی سێیەم دەکات کە لە لایەن هەردوولاوە خاوەنی ڕێز و میسداقییەتێکی گەورە بێت بۆ ئەوەی پرۆسەی گفتوگۆکە دەست پێبکات

***سەرکەوتووترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئیتنییەکان بریتییە لە گفتوگۆو و دانووستاندن، چۆن دەتوانین هانی لایەنە ناکۆکەکان بدەین بۆ ئەوەی ئەم ڕێگایە بگرنەبەر؟**

- ئەمە پێویستی بە ئارامگرتن و بە قەناعەت پێهێنانی زیاترە. دەبێت ڕێگاگەلێکی دیاریکراو بدۆزرێتەوە بۆ قەناعەت پێهێنانی هەردوولایەنی ناکۆکییەکە کە دەستکەوتگەلێکی زۆر بەدەست دەهێنن ئەگەر لە ڕێی گفتوگۆوە گەیشتن بە چارەسەر. دەبێت خۆمان لەو هەلومەرجە بەدوور بگرین کە یەکێك لە لایەنە ناکۆکەکان هەست بکات دووچاری ئیحراجییەکی گەورە بۆتەوە لەبەر ئەوەی سازشێکی زۆری کردووە بۆ لایەنەکەی دیکە. عادەتەن لەم جۆرە کێشانەداپێویست بە لایەنی سێیەم دەکات کە لە لایەن هەردوولاوە خاوەنی ڕێز و میسداقییەتێکی گەورە بێت بۆ ئەوەی پرۆسەی گفتوگۆکە دەست پێبکات. کەسایەتییەکانی وەك نیلسۆن ماندێلا، سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا، جیمی کارتەر، کوفی ئەنان توانیوویانە لایەنە ناکۆکەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبکەنەوە. دەبێت پرۆسەی دانوستاندنەکە لەسەرەتاوە بە شێوەیەکی نهێنی بەڕێوەبچێت، ڕەنگە ئاشکراکردنی گفتوگۆکان لایەنەکان ناچاربکات لە پرۆسەی ئاشتی بکشێنەوە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە پشتیوانەکانییان وا لێیان بڕوانن کە خیانەتییان لە کێشەیەکی پیرۆز کردووە.

*** کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە چارەسەرنەکراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و لە تورکیادا بە تایبەتی، ئایا چۆن دەتوانین وا لە کوردەکان بکەین دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگرێن و دەست بە خەباتی سیاسی بکەن، ئایا دەبێت تورکیا چ هەنگاوگەلێك بگرێتەبەر لە ئاست ئەم کێشەیەدا؟**

- هەر کاتێك کوردەکانی تورکیا هەستیان کرد حکومەتی تورکیا ئامادەیە مافە کەلتووری و سیاسییەکانیان پێبدات و ئامادەیە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە کوردە هەڵبژێردراوەکاندا بکات ( وەك سەرۆکی شارەوانییەکان و ئەندامە پەرلەمانەکان، وەك ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی )، ئەوا خەباتی چەکداری میسداقییەتی خۆی لە دەست دەدات لە ناو کوردەکاندا. چەند هەزار گەریلای پەکەکە لە کوردستانی تورکیادا بوونیان هەیە، تا ئەو کاتەی ئەم خەڵکانە هەست بکەن هیچ بەدیلێکی تریان نییە ئەوا بەردەوام دەبن لەسەر خەباتی چەکداری، لەبەر ئەوەی ئەمە تاقە شێوازی سیاسییە کە ئەوان پێی ئاشنان. لەم حاڵەتە تایبەتییەدا، مەحاڵە بەرپرسەکانی تورکیا ئاماژە بە ئەگەری گفتوگۆکردن بدەن لە گەڵ پەکەکەدا، بەو پێیە ئەگەر هەر هەوڵێکی میانگیری هەبێت ئەوا دەبێت زۆر بە نهێنی بەڕێوەبچێت. بەڵام من باوەڕم وایە هیچ ڕێگاییەکی دیکە نییە: دەبێت لە کۆتاییدا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت. بەڵام ئەنجامدانی زنجیرەیەك چاکسازی لە تورکیادا کە داخوازییەکانی زۆربەی کورد بهێنێتەدی دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕەوتی پاڵپشتی کردن لە پەکەکە لە ناو تورکیادا. ئەگەر لەلایەن هەردوولاوە متمانەی پێ بکرێت، ئەوا دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبستێت بە میانگیری کردن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان تورکیا و پەکەکەدا. دەکرێت ئومێدی ئەوە بکرێت کە لێبوردن دەربکرێت بە مەرجی ئەوەی دوایین گەریلا چەك دابنێت. بەڵام بێ گومان ئەمە پێویستی بە کاتێکی زۆرە.

ئەگەر هەر هەوڵێکی میانگیری هەبێت ئەوا دەبێت زۆر بە نهێنی بەڕێوەبچێت

*** هەواڵی ئەوە لە ئارادایە کە سەرۆك کۆماری تورکیا سەردانی عێراق دەکات و لە میانەی سەردانەکەیدا و هاوڕێ لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراقدا سەردانی هەولێر دەکات، ئایا لە حاڵەتی ڕوودانییدا ئەم سەردانە چەند کاریگەری دەبێت لەسەر ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق بە گشتی و تورکیا و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی؟ بە تایبەتی حاڵی حازر شاندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی، ئەحمەد تورکیا لە باکوری عێراقدان ئایا ئامانجی ئەم سەردانە چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە تورکیادا؟**

- من پێم وایە تورکیا مەبەستی خۆی هەیە لە سەردانکردنی هەولێر لە ڕێی بانگهێشتی حکومەتی مەرکەزیەوە، کە پێی باشترە لە لایەن مالیکییەوە بێت نەك تاڵەبانی. ساڵی ڕابردوو دەزگای سەربازی تورکیا هەستی کرد کە سەرکەوتوو بووە کاتێك حکومەتی



هەرێمی کوردستان ناچاربوو لە رێی بەغداوە لە ئەنقەرە نزیک ببێتەوە بۆ کەمکردنەوەی گرژی و ئالۆزییەکان. تورکیا هەموو دەرفەتێک بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پێشانی بدات کە پەرۆشی یەکپارچەیی خاکی عێراقە. من پێم وایە تەنانەت لەکاتی گفتوگۆکردن لە بارەی ئەو نەوتەی لەو سەرچاوانەوە بەرهەم دەهێنرێت کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵکراون، ئەوا تورکیا بێ رەزامەندی بەغدا هیچ کارێک ناکات.

***ولاتانی ئەورووپا ولاتگەلێکی سەربەخۆن بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەرەو یەکێتی هەنگاو دەنێن و حاڵی حازریەک دراو بەکار دەهێنن، ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی زۆرێک لە سەربەخۆی خۆیان بکەن بە قوربانی؟**

- ئەگەر بە راشکاوی بدوێین ئەوا لە هەموو ولاتە ئەورووپییەکاندا کاردانەوەیەکی نەتەوەیی هەیە و خەڵکێکی زۆر هەن کە پاڵپشتی لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی یەکێتی ئەورووپا و بەهێزکردنی سەروەری ولاتەکانیان دەکەن. گەشتکردن و بازرگانی کردن لە یەکێتی ئەورووپادا ئاسانتر و هەرزانتر بوونە. لەلایەکی دیکەوە ئەوە بەدی دەکەین ئەو هەرێمانەی لە دەوڵەتێک بچوکترن دەبنە یەکەیەکی چالاک لە رووی سیاسی و کەلتوورییەوە. بەو پێیە لە پاڵ دەوڵەتەکاندا ئێمە ئەم یەکانەمان هەیە کە گەورەترن لە دەوڵەت لە هەمان کاتدا ئەو یەکانەشمان هەیە کە بچوکترن لە دەوڵەت.

*** بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی تورکیا و عێراق هەمیشە مەترسی ئەوەیان هەیە ولاتەکانییان دابەش ببێت و ئۆباڵەکەشی دەخەنە ئەستۆی کورد بەو بیانووەی کورد هەوڵی جیابوونەوە دەدات. هۆکاری بوونی ئەم کێشانە چین لەم ولاتانەدا، بۆچی بە چەشنی کەنەدا رەفتار ناکەن کە خەڵکی کیبوییک بە خواستی خۆیان جیابوونەوە هەڵنابژێرن؟**

- کەنەدا مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نییە، هەروەها بڕیاربەدەستانی کەنەداش ئەو یادەوەریەیان نییە کە تورک یان عەرەب هەیەتی. ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نەتەوەیەکی گەورە بوو و بە هۆی بزوتنەوە نەتەوەییەکانەوە هەرەسی هێنا کە چالاکانە لەلایەن بەریتانیا، روسیا و فەرەنساوە پشتیوانییان لێدەکرا. رێککەوتنامەی سایکس بیکۆ هێشتا لە هزری خەڵکانێکی زۆردا ماوەتەوە، هەروەها پەیماننامەی سیڤەریش. بە دڵنیاییەوە زۆربەی کوردەکان خوازیاری جیابوونەوەن. رەنگە لە ماوەی دووردا، جۆرێک لە یەکێتی دوای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بە چەشنی یەکێتی ئەورووپا چوارچێوەیەک بۆ ولاتانی ناوچەکە دابین بکات بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی ئابووری هاوبەش. ئەو کاتە کوردستان دەبێتە هەرێمێک لەو یەکێتیە گەورەیەدا، بەو پێیە بیرکردنەوە لە جیابوونەوە کەمتر مایەی هەرەشە دەبێت بۆ سیاسییەکانی بەغدا و ئەنقەرە.

*** ئەو هۆکارانە چین وا لەو ولاتانە دەکەن کە کوردیان تێدایە نیشتەجێیە هەوڵی بێبەشکردنی کوردەکان بدەن لە مافەکانییان؟ ئایا ولاتەکەیان بەهێزتر دەبێت بە پێشێلکردنی مافی کوردەکان؟ ئایا سەقامگیرتر دەبن؟**

- ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئێمە باس لە چ مافێک دەکەین. عێراق لە سەردەمی سەددام حوسێندا دەوڵەتێکی زۆر بەهێزتربوو، هەروەها سەرەڕای ئەو سەرکوتکارییەی کە هەبوو، ئەوا لەم عێراقەی ئێستا سەقامگیرتربوو. تورکیای سەردەمی عیسمەت ئینۆنۆ تورکیاییەکی تاکرەو و بەهێزبوو کە کوردی سەرکوت دەکرد. پارتی داد و گەشەپێدان خوازیاری ئەوەیە تورکیا بەهێز و سەقامگیر بێت، بەڵام لە رێی هۆکارە ئابوورییەکانەوە هەوڵی ئاوێتەکردنی زۆرینەی کوردەکان دەدات بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە. رەنگە بڵێن هێشتا مافی یەکسان بۆ کوردەکان دابین نەکراوە لە هەموو رویەکەوە، بەڵام باروودۆخەکە زۆر جیاوازە لە سەردەمی ئینۆنۆ. لە حاڵەتی عێراقدا، ئێوە کۆنترۆڵکردنی کەرکوک بە ماف دەزانن، من پێم وانییە هیچ حکومەتێکی عێراقی ئامادەبێت ئەم مافە(کەرکووک)تان بداتێ، لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە هەست دەکەن ئەمە دەبێتەهۆی لاوازکردنی حکومەتی ناوەندی.

*** ئەگەر پەکەکە دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگرێت و دەست بە خەباتی سیاسی بکات ئایا تا چەند تورکیا ئامادەی پێشوازیکردنە لەم هەنگاوە؟ ئایا هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەو هێزانە لە تورکیادا هەن_لە ناو دەزگای سەربازی و هەواڵگریدا_کە ئاسانترە بۆ ئەوان مامەڵە لە گەڵ رێکخراوە کوردییە توندووتیژخوازەکاندا بکەن نەک رێکخراوە ناتوندووتیژخوازەکان. دەکرێت جارێ ئەوە بدرێت پەکەکە دوژمنێکی نەتەوەییە، ئەمەش پاساو دەدات دەزگای سەربازی کە داوای بودجەیەکی سەربازی گەورە بکات. ئەو گرووپانەی لە تورکیادا دژایەتی بە ئەندام بوونی تورکیا دەکەن لە یەکێتی ئەورووپادا بەردەوام بوونی ناکۆکیە چەکداریەکانیان پێ باشترە. بەو پێیە پەکەکە پتر کێشەی میسداقییەتی هەیە. ئەم رێکخراوە چەند جارێک دەستی لە خەباتی چەکداری هەڵگرت، خەڵکی تورکیا هەرگیز باوەڕیان نەکردووە ئەم هەوڵانەی پەکەکە جیددی بن. تەنیا راگرتنی خەباتی چەکداری بەس نیە. دەبێت پرۆسەیەکی دوورودرێژی بنیاتنانی متمانە، پەیوەندی ناراستەوخۆ و لە کۆتاییدا گفتوگۆکردن هەبێت، پێش ئەوەی هیچ بەرەوپێشچونێک بەدی بهێنرێت.

●●●

**عێراق لە سەردەمی سەددام حوسێندا دەوڵەتێکی زۆر بەهێزتربوو، سەرەڕای ئەو سەرکوتکارییەی کە هەبوو، لەم عێراقەی ئێستا سەقامگیرتربوو. تورکیای سەردەمی عیسمەت ئینۆنۆ تورکیاییەکی تاکرەو و بەهێزبوو کە کوردی سەرکوت دەکرد**

●●●

●●●

**پێم وانییە هیچ حکومەتێکی عێراقی ئامادەبێت ئەم مافە(کەرکووک)تان بداتێ**

●●●

●●●

**دەکرێت جارێ ئەوە بدرێت پەکەکە دوژمنێکی نەتەوەییە، ئەمەش پاساو دەدات دەزگای سەربازی کە داوای بودجەیەکی سەربازی گەورە بکات**

●●●

■ ■ ■

**پرۆفیسۆر سڤانت کۆرنێل سەرۆکی سەنتەری دیراساتی قەوقاز و ئاسیای ناوەراستەو پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کورد و تورکیا و پاکستان و دەوڵەتانی ئاسیای ناوەراست و نووسەری کتێبی( کێشەی کورد لەسیستەمی سیاسیی تورکیادا، The Kurdish Question and the Turkish Political System"،).**
**سەرنووسەری www.palgrave.com ، بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم پرسە گرنگە و میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، پرۆفیسۆر کۆرنێل بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

■ ■ ■

**سڤانت کۆرنێل (ئەکادیمی و رۆژنامەنوس) بۆ گوڵان:**

# نابێت پەکەکە و کێشەی کورد تێکەڵاو بکەین، دەبێت حکومەتی تورکیا بەردەوام بێت لە پەرەپێدانی دیموکراسی و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ

**●●● لە ماوەی شەش بۆ حەوت ساڵی رابردودا چاکسازیەکی زۆر لە تورکیادا کراوە ●●●**

*** ئایا ئەو هەنگاوە پێویستانە چین کە دەبێت حکومەتی تورکیا هەڵیان بگرێت بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەربکات؟**

- سەرەتا دەبێت کێشەی پەکەکە لە کێشەی کورد جیابکەینەوە، راستە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام یەك کێشە نین، دەبێت ئەم جیاوازییە بکەین لەبەر ئەوەی پەکەکە نوێنەرایەتی راوبۆچوونی کوردەکان ناکات. ئەوەی پەیوەندی بە هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیاوە هەبێت، ئەوا پێویستە تورکیا درێژە بە چاکسازییەکان بدات لە بواری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ساڵی ٢٠٠٥ بە باشی جێبەجێ کرا، بەڵام دوای ئەوە بایەخێکی کەمتر بەم بوارە درا، واتە پێویستە تورکیا دووبارە بگەرێتەوە بۆ ئەجێندای چاکسازی.

*** ئایا تورکیا چ پێشبینیەکی هەیە لە ئاست کوردەکانی وڵاتەکەیدا؟**

- تورکیا پێشبینی ئەوە لە کوردەکانی وڵاتەکەی دەکات کە وەك هاوڵاتییەکی تورکیا رەفتار بکەن و پشتگیری لە توندوتیژی نەکەن، چونکە پشتگیری کردن لە توندوتیژی چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئاڵۆزتردەکات، هەوڵی پەکەکە بۆ ئەوەیە گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان کوردەکانی تورکیا و حکومەتی ئەو وڵاتەدا زیادبکات، کەواتە گرنگترین هەنگاوەکان بۆ کەمکردنەوەی بزوتنەوە توندوتیژخوازەکان لە ناو کوردەکانی تورکیادا بریتییە لە سیاسەتی حکومەتی تورکیا و پەرەپێدانی ئەو ناوچەیە لە رووی ئابوورییەوە، لەگەڵ هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

*** ئایا نابێت تورکیا لەم رووەوە دەستپێشخەری بکات؟**

- کێشەکە بوونی رێکخراوێکی تیرۆریستی و بوونی پارتێکی سیاسییە کە ئامادەنییە کردەوە تیرۆریستییەکانی پەکەکە ئیدانەبکات، ناکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت تورکیا گفتوگۆ لەگەڵ پارتێکی سیاسیدا بکات کە ئیدانەی تیرۆریزم ناکات، شتێکی واقیعی نیە چاوەروان بکرێت دوای بیست ساڵ لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم تورکیا هەڵوێستی خۆی بگۆرێت.

*** سەرکەوتوترین رێگا بۆ ئەوەی قەناعەت بە کوردەکانی تورکیا بهێنرێت کە پەنا بۆ خەباتی سیاسی ببەن نەك چەکداری بەرای تۆ ئەو رێگە چارەیە چییە؟**

- ناکرێت بڵێین تیکرای کوردەکانی تورکیا پەنایان بۆ خەباتی چەکداری بردووە، زۆرینەی کوردەکان بە شێوەیەکی سیاسی خەبات دەکەن و تەنیا گرووپێکی بچوك لە ناو کوردەکاندا کاری توندوتیژانە ئەنجام دەدەن، بەڵام زۆرینەی کوردەکان چالاکی سیاسی دەکەن و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگییان بۆ پارتی حکومران دا نەك پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی.

لە ماوەی شەش بۆ حەوت ساڵی رابردودا چاکسازیەکی زۆر لە تورکیادا کراوە، کێشەکە ئەوەنییە کوردەکانی تورکیا خوازیاری جیابوونەوەن لە تورکیا، چونکە زۆرینەی کوردەکانی تورکیا پشتگیری لە جیابونەوە ناکەن، ئەوەی هەیە لە کاتێکدا تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات کە لە رووی دیموکراسییەوە چاکسازی بکات، ئەوا ئەو هێز و لایەنانە سەرهەڵدەدەن کە ئاراستەی ئایدۆلۆژی جیاوازییان هەیە،



بەڵام دەبێــت هەوڵی بەردەوام بدرێت بۆ ئەوەی کوردەکان لە رووی ئابووری و سیاسییەوە پتر لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیدا ئاوێتەبن.

*** هەواڵی ئەوە لە ئارادایە کە ســەرۆك کۆماری تورکیا ســەردانی عێــراق دەکات و لە میانەی ســەردانەکەیدا ســەردانی هەولێریش دەکات، ئایا ئەم ســەردانە چەند کاریگەری دەبێت لەسەر ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی؟**

- ســەرکردە سیاسییەکانی تورکیا ئەو راستییە دەزانن کە هەرێمێکــی ئۆتۆنۆمی لە کوردســتانی عێراقدا هەیە، بــەڵام لە بەر چەند هۆکارێکی سیاســی ناوخۆیی ئەوا بەرژەوەندییان لە پاراستنی یەکێتی عێراق و مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتێکی مەرکــەزی بەهێزدایە، هەرچۆنێك بێت واقیعێکی سیاســی هەیە و من پێم وایە تورکیا لە ئاینــدەدا پەرە بە پەیوەندییەکانی دەدات لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەوە دەوەستێتەسەر تێڕوانینی تورکیا لە ئاست هەوڵەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی پەکەکە و رێگەگرتن لەبەکارهێنانی خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەم رێکخراوەوە بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا، واتە ئەگەر تورکیا بەم شێوەیە لە هەوڵەکانی هەرێمی کوردســتانی روانی، ئــەوا، ئەمە دەبێتە هۆی زەمینەخۆشکردن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوانیان، بەڵام ئەگەر لە روانگەی تورکیاوە هەرێمی کوردســتان بــە پێچەوانەوە رەفتاری کرد ئــەوا پەیوەندییەکان بەرەو ئاڵۆزبوون دەچن. بــەڵام حکومەتی تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات پەرە بە دانوســتاندنێکی سیاســی بەردەوام بدات لە گەڵ حکومەتــی مەرکەزی عێراقدا نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە سیاسەتی تورکیایە.

*** شــاندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ســەردانی هەرێمــی کوردســتانییان کرد بۆ گفتوگــۆ لە بارەی دەستهەڵگەرتن لە رێگاچارەی ســەربازییەوە و پەنابردن بۆ رێگاچارەی سیاســی دەکەن، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە، ئایا تورکیا ئامادەیە پێشــوازی لەم هەوڵانە بکات؟**

- ئێمە دەزانین پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ناوهێنانی پەکەکە بە رێکخراوێکی تیرۆریســتی رەتدەکەنەوە و ئەم پارتە لە ژیانی سیاســی تورکیادا پارتێکی پەراوێزکراوە و ئەگەری زۆرە لەلایەن دادگای باڵای وڵاتەوە بڕیاری قەدەغەکردنــی دەربکرێت. لە لایەکی دیکەوە ئەو هێزانە لە ناو سیاسییەکانی کوردەکاندا لەپەرەسەنندان کە هەوڵی یەکگرتن و پێکهێنانی پارتێکی کوردی دەدەن و لەگەڵ ئیدانەکردنی کردەوە تیرۆریســتییەکانی پەکەکەدان، کە تا ئێســتا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی نەیتوانیووە ئەم هەڵوێستە بنوێنێت.

*** ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەم پرۆسە سیاسییە چۆن یارمەتیدەر بێت؟**

- من پێم وایە دەبێت ئەو واقیعە سیاسییە قبوڵ بکات کە حکومەتی تورکیا لە ئارادایە و خاوەنی سەروەریە بەسەر خاکەکەیەوە لە نێویاندا باشــووری رۆژهەڵاتی وڵاتەکە کە دانیشــتوانەکەی کوردن، ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردســتان هەوڵــی رێگەگرتن لە بەکارهێنانــی خاکەکەی بدات لە لایــەن پەکەکە و هێزە چەکدارەکانی دیکەوە بۆ ئەوەی هێرش نەکەنە سەر تورکیا، ئەمە رێگەی بەدەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیرییە.

*** ئایا گەشــبینین بە بەرەوپێشــچونی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردســتان لە رووی ئابووری و سیاسییەوە؟**

مــن پێم وایە پەیوەندییــە ئابوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوەدەچن بە چاوپۆشین لەوەی لە رووی سیاســییەوە چی روودەدات. لە کاتی گۆڕانی حکومەتــی عێراقدا پەیوەندییەکی بــاش نەبوو لە نێوان هەردوولادا، بەڵام ئێستا بەرەوپێشچونی پەیوەندییەکان و مامەڵەکردنی واقیعی لە ئاســت بارودۆخی ناوچەکەدا بەدی دەکرد و ئەمەش ئاماژەیەکی ئیجابییە.

●●●
**حکومەتی تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات پەرە بە دانوستاندنێکی سیاسی بەردەوام بدات لە گەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراقدا نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە سیاسەتی تورکیایە**
●●●

●●●
**پێم وایە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوەدەچن بە چاوپۆشین لەوەی لە رووی سیاسییەوە چی روودەدات**
●●●



## هەڵبژاردنی پارێزگاکان، نەخشەی سەرەتایی پرۆسەی سیاسیی نوێ

# لە عێراقدا ئەگەر هەلبژاردنەکان ئازاد و عادیلانە نەبن مەترسی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی زیاتردەبێت

ئەگەر لیستی ئیئتلافی یەکگرتوو بە یەکگرتوویی بەشداری بکردایە، لەوانە بوو ئیئتیلاف لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی شیعە و سونە کوردی شەبەک بکاتە کۆتایەک و لە هاوپەیمانی کوردستانی جیابکاتەوە یان یەزیدیەکانیش لەسەر خسابی جیاوازیئاییینی بکرێنە کۆتایەک و حساب بۆ ناسنامەی نەتەوەییان نەکرێت، هەروەها حەنیین قەدۆ هەر لە ئێستاوە هاواری لێ هەڵنەدەستا کە کورسی شەبەکەکان لە موسڵ دەدۆڕێنن، دیالەش بارودۆخی لە موسڵ باشتر نابێت

پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو جۆرێکی نوێی هاوپەیمانی و قۆناخێکی دیکەی ریزبەندی هەنگاو هەڵدەگرێت و لەم چوار چێوەیەدا هەڵبژاردنی پاریزگاکان کە بڕیارە لە کۆتایی مانگی دادیَ ئەنجامبدرێت رۆڵێکی هەستیار و گرنگ دەگێڕێت و دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ خوێندنەوەی پێگە و سەنگی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق و تا ڕادەیەکی باشیش دەبێتە فاکتەرێك بۆ چۆنییەتی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ( بێجگە لە کەرکوك ) بەڵام ئاراستەی ئەم گۆڕانکارە دەوەستێتە سەر چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە هەر بۆیە بارودۆخی هەڵبژاردنەکان بڕیاردەدات ئایا ئاکامی هەڵبژاردنەکان ئاراستەیەکی ئیجابی دەگرێت یان سلبی، بۆیە زۆرگرنگە هەر لەئێستاوە دەنگدەران لە چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە ئاگادار و هۆشیار بکرێنەوە کە هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بن هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ئازاد و عادیلانە و نەزیهانە بەرێوە بچێت .

چاودێرانی پرۆسەکانی هەڵبژاردن کە بەشێکیان تایبەت بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان قسەیان کردووە و بەشداریان لەگەڵدا کردوین، سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە لە بارودۆخێکی نائاسایی وەك بارودۆخی عێراق، گەشبین نین و پێیان وایە لە بارودۆخی لەم شێوازە زۆر زەحمەتە بتوانرێت هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە ئەنجامبدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سازدانی هەڵبژاردنەکە لە دواخستن بە باشتر دەزانن و بەشداری فراوانی هاووڵاتییان لە بایکۆتکردنی بە باشتر دەزانن .

بارودۆخی هەڵبژاردنەکان لە هەموو پارێزگاکاندا وەك یەك نییە لەوانەیە لە هەندێك پارێزگا وەك پارێزگاکانی باشوور و بە تایبەتی ئەو پارێزگایەنەی کە پێشوەختە ئاراستەی دەنگدەران بۆ لایەنەکان دیارە لەوانەیە گرفتێکی ئەوتۆ دروست نەکات و پەنابردنیش بۆ کاری تەزویر و هەوڵدان بۆ تێکدانی رەوشی هەڵبژاردنەکان لەوانەیە کاریگەریەکی ئەو تۆی نەبێت، هەروەك چۆن ئەگەر هەر٣ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانیش لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکردایە کێشەی سەرەکی ئێمە هەر لە چوارچێوەی ئەو ناوچانە دەبوو کە لە هەرێمی کوردستان دابڕاون و کەمتر کێشەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەبوونە گرفت بۆ هاوپەیمانی کوردستانی بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی کوردستان لەم هەڵبژاردنانە بە یەکگرتوویی بەشداری دەکات ئەوا هەڵبژاردنەکانی ئەو ٣ پارێزگایە ئەگەر بکرانایە تەنیا وەك رۆژێکی سەیران دەبوو، لەبەر ئەوەی لەو ٣ پارێزگایە هیچ لایەنێکی عێراقی ناتوانێت ململانێ لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان بکات، هەر هەوڵیکیش بدەن بۆ تێکدانی رەوشی هەڵبژاردنەکە سەرکەوتن بەدەستناهێنن.

ئەم تەفسیرە بۆ لیستی هاوبەندی عێراقیش ( ئیئتلافی شیعەش )راست دەبوو ئەگەر بەیەکگرتوویی بەشداری هەڵبژاردنەکانیان بکردایە، ئەو کاتە بە دڵنیایەوە مەترییش لەسەر ٩ پارێزگاکەی باشوور نەدەبوو، لەبەر ئەوەی بێجگە لە پارتە شیعیەکان هیچ لایەنێکی دیکە تەنانەت لە بەغدا و دیالەش نەیان دەتوانی ململانی لەگەڵ ئیئتلافی شیعە بکەن .

ئەوەی لێرەدا مەترسیەکی دیکە دروست دەکات هەڵوەشانەوەی ئیئتیلافی شیعە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان، رەوشی پارێزگاکانی

دیکەشـــی تیکداوە لە پێــش هەموویانەوە بەغدا ئینجا دیالە و موســڵ و تارادەیەك تكریتیش، بەڵام ئەنبار دەکرێت بڵێن گرفتێکی ئەوتۆی تیا نابێت و بشبێت لە نێوان حزبی ئیسلامی و ئەنجوومەنی سەحوەی ئەنبار دەبێت کە شتێکی ئەو تۆ لە هاوکێشە سیاسییەکە ناگۆڕێت .

کەواتە ئەم پێشبینیانە بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی و بەرەو ئەوەمان دەبات زۆر بە هەســتیارەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەوشی هەڵبژاردنەکان بکەین: هەربۆنموونە ئەگەر لیستی ئیئتلافی یەکگرتوو بە یەکگرتوویی بەشداری بکردایە، لەوانە بوو ئیئتیلاف لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی شیعە و سونە کوردی شەبەك بکاتە کۆتایەك و لە هاوپەیمانی کوردستانی جیابکاتەوە یان یەزیدیەکانیش لەســەر خســابی جیاوازیئایینی بکرێنە کۆتایەك و حساب بۆ ناسنامەی نەتەوەییــان نەکرێــت، هەروەها حەنیین قەدۆ هەر لە ئێســتاوە هاواری لێ هەڵنەدەستا کە کورسی شەبەکەکان لە موسڵ دەدۆڕێنن، دیالەش بارودۆخی لە موســڵ باشتر نابێت، د.مالکی لەمەســەلەی هەڵبژاردنەکانی دیالەدا هەموو هەوڵەکانی بەو ئاراســتەیەی ئەمجارە تەیاری سەدر و ئەنجوومەنی باڵای ئیســلامی عێراق زۆرینــەی دەنگەکانی ئەو پارێزگایە بەدەســت نەهێنــەوە، هەربۆیە ئەنجوومەنی باڵای ئیســلامی یەکێکە لە لایەنانەی کە پێی باشــە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای دیالــە دوابخرێن، د.مالکی لە مەســەلەی بارودۆخی پارێزگای دیالە گورزێکی باشــی لە ئەنجوومەنی باڵای ئیســلامی وەشــاندووە، ئەویش بە گێڕانەوەی ئەفسەرە کۆنەکانی ڕژێمی بەعس بۆ ریزەکانی ســوپا و ســپاردنی ئاسایشی دیالە بەو هێزانە، بێگومان د.مالکی مەبەستی بوو بارودۆخی خانەقینیش بە هەمان ئاراستە ببات بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیســلامی بۆی چووە سەر لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان بۆی نەچووە سەر، ئێستا ناوچەکانی جەبارە و قەرەتەپە هەمان ڕەوشــی ناو شاری بەعقوبەیان هەیە، بەتایبەتی لەدوای کشــانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە بەتەواوەتی کاری تیرۆریستی زیادیکردووە و ڕەوشــی ناوچەکەش ســەقامگیری تێدا نەماوە، گەورەترین پارێزگا بۆ یەکلایکردنەوەی بەشێکی کێشەی نێوان مەجلیس و دەعوا دیالە دەبێت، بەڵام مەرج نییە لە بەغدا مالیکی بتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، لەوانەیە کێشەی مالکی لە بەغدا زیاتر لەگەڵ ئیبراهیم جەعفەری و تەیاری سەدر بێــت ولەبەر ئەوەش دڵنیایە لە بەغــدا ململانێکی ئەوتۆی پێناکرێت، بۆیە بۆ ململانێــی لەگەڵ مەجلیس جەخت دەخاتە ســەر دیالە و بۆ ململانێ کردنیشی لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی جەخت دەخاتەوە سەر موسڵ، ئەم ئاراســتەیە کە هەر لەئێستاوە سیناریۆی جیاوازی لێدەخوێنرێتەوە، لەوانەیە بەشــێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەســەر پرۆسەی حکومڕانی ئێستای عێراق نەبێت بەڵام ناڕاســتەخۆ پەیامێکە ئەگەر د.مالیکی بەسیاســەتی خۆیدا نەچێتەوە تەلقینی دا دەدات.

## ئاكامی هەڵبژاردنەکان و سەرەتای نەخشەیەکی نوێی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا

کە ئەم هەڵبژاردنانە ڕاســتەوخۆ کاریگەری لەســەر پرۆسەی حکومڕانی ئێستای عێراق نەبێت، کەواتە کاریگەریە ناڕاستەوخۆکانی چین ؟

لەوانەیە هەندێك لیستی هاوبەندی شیعە بە جیابوونەوەیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان بە جیابوونەوەی هاوپەیمانی کوردستان بەراورد بکەن کە لەساڵی ٢٠٠٥ لەسەر ئاستی٣ پارێزگا بە جیا بەشداریان کردووە لەسەر ئاســتی دەنگدانی پەرلەمان بەیەکگرتوویــی، بێگومان لێکجیابوونەوەیەی هاوپەیمانی کوردستان بەم جیابوونەوەیەی ئێستای ئیئتیلافی شیعە بەراورد ناکرێت لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- جیابوونەوەکانی ناو ئیئتیلافی شیعە میکانیزمێك نییە بۆ گەشەسەندنی دیموکراتی، هەرچی هاوپەیمانی کوردستان و لە ساڵی ٢٠٠٥ جیابوونەوە بۆ دەنگدان بۆ پرۆســەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و کامڵبوونی دیموکراســی بوو لە هەرێمــدا و هیچ ئامانجێکی دیکە یان ناکۆکییەکی جیددی لە نێوان لایەنەکانی هاوپەیمانی کوردســتان ( بێجگە لە یەکگرتووی ئیســلامی نەبوو ) ناڕەزایی ئەوانیش لەسەر هەڵویست یان بەرنامەیەکی هاوپەیمانی کوردســتان نەبوو، بەڵکو لەســەر ئەوە بوو کە لە دابەشکردنی پۆستەکاندا لەبەغدا یەکگرتووی ئیسلامی خۆی بە مەغدور زانی بوو، بەڵام دیســانەوە ئەم جیاوازییەی یەکگرتوو زوو چارەســەر کراو هەڵوێســتییان لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کوتلەی ٢٢ی تەمــوزی ٢٠٠٨ جێگەی دەستخۆشــی و یەکڕیــزی هاوپەیمانی کوردســتانی بوو بە یەکگرتوویی ئیسلامیشــەوە .بەڵام جیاوازییەکانی ناو ئیئتلاف جیاوازی سیاســیی و شەڕی دەســەڵاتە، ڕێککنەکەوتنە لەسەر بەرنامەیەکــی هاوبەش بۆ چۆنییەتــی حوکمڕانی عێراق و ڕێککنەکەوتنە بۆ چۆنییەتی ڕێخســتنی پارێزگا شیعەکانی باشــوور، لەمەشدا ناکرێت لایەنەکانی ناو ئیئتیلافی شــیعە بە هاوپەیمانی کوردستان بەراورد بکرێن لەبــەر ئەوەی لایەنەکانی نێو هاوپەیمانی کوردســتان ئەگەر ڕەخنەشــیان لەسیاســەتی یەکتری هەبێــت، ڕەخنەیان لەســەر جوگرافییای هەرێمی کوردســتان نییە و هیچ لایەك لە ناو هاوپەیمانی کوردســتاندا بۆچوونی جیاوازی لەسەر جوگرافیا و سنووری هەرێمی کوردستان نییە، کەواتە هیچ خاڵێکــی هاوبەش و نەگۆڕ لەنێوان پێکهاتەکانی ئیئتلافی شــیعەدا نییە، هەر بۆیە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنانە بڕیار دەدات هاوکێشەی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکان چۆن ڕێکدەخرێتەوە.

٢- ئەم جیاوازییانە سنووری کێشەکانی لە باشوور هێناوەتە دەرەوە، لەوانەیە مەجلیــس هێنــدەی بە دوای دەنگــدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بیســەلمێنێت زۆرینەیە، هێندە بەدوای ئەوەدا نەگرێت لە نەجەف هەموو کورســیەکان بۆ خۆی دەبێت یان چەند کورســیەك بەر دەعوا یان لایەنێکی دیکە دەکەوێت، هەربۆیە لەوانەیە قورســایی مەجلیس لەســەر شــارەکانی تر زیاتر بێت و هەوڵبدات زیاتر دەنگەکانی کەربەلا و عەمارە و ناسریە و بەسرا کۆبکاتەوە، بۆ زامنکردنی ململانێکانی ئەو شارانەش ململانێی توند دەکەوێتە بەغدا و شــارەکانی دیکەی وەك دیالە و موسڵ، زەحمەتیشە پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو ئیئتلاف بە ئاسانی تەسلیمی یەکتری بن، هەربۆیە بە هەرشێوازێك بۆیان بکرێت هەوڵدەدەن ڕەوتی هەڵبژاردنەکان ئاراستەیەکی دیکە بگرێت.

## بارودۆخی ئاڵۆز ئەرکی چاودێری هەڵبژاردنەکان قورستر دەکات

بارودۆخی ئاڵۆز هەنگاوێکە بۆ تێکدانی ســەقامگیری، ئەوە گومانی تێدا نییە کە تیرۆریستان و دوژمنانی عێراقی نوێ لەگەڵ ئەم پرۆسە دیموکراتییە یەکناگرنەوە، هەر بۆیە ئەوانیش بارودۆخی هەڵبژاردن بە فرسەت وەردەگرن بۆ ئەوەی دەســتی خۆیانی تێدا بوەشێنن، لەم خاڵەوە ئەوانەی هەست دەکەن ئەم هەڵبژاردنانە دەبێتە هۆکارێك بۆ کەمبوونەوەی دەســەڵاتەکانییان مەرج نییە هەمان شێوازی تیرۆریستانە بگرنەبەر، بەڵکو هەنگاوەکانییان دەکەوێتە خزمەتی تیرۆریســتان، ئەوەی لــە ڕەفتاری تیرۆریســتان و دوژمنانی دیموکراســی زەرەرمەند دەبێت بێگومان ئەو لایانەن کە دەیانەوێت سندوقی دەنگدان کێشــەکان یەکلای بکاتەوە و ســندوقی دەنگــدان بڕیاربدات کێ حکومڕانی عێراق دەکات، بەڵام دەبێت ئەو سندوقی دەنگدانە هەم بە ئازادانە دەنگــی بۆ درابێــت و هەم بە نەزیهانە مامەڵەی لەگەڵــدا کرابێت، لێرەوە بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و بۆ سەرخســتنی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیهانە پێویســتە بەرەیەك دژ بە دوژمنانی دیموکراســی و تیرۆریستان دروســت بێت، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە ڕێگە لە تێکدانی ڕەوشەکە و پەنابردن بۆ شــێوازی ناشەرعی بۆ تێکدانی پرۆسە دیموکراتییەکە دروست بکرێت و ئەو بەرێزانەشی لەم ڕاپۆرتە بەشدارییان کردووین مەرجەکانی خوڵقاندنی ئەو کەشوهەوایان بۆ هەڵبژاردنێکی لەو جۆرە بۆ خستینەڕوو .

●●●

**لەوانەیە کێشەی مالکی لە بەغدا زیاتر لەگەڵ ئیبراهیم جەعفەری و تەیاری سەدر بێت ولەبەر ئەوەش دڵنیایە لە بەغدا ململانێکی ئەوتۆی پێناکرێت، بۆیە بۆ ململانێی لەگەڵ مەجلیس جەخت دەخاتە سەر دیالە و بۆ ململانێ کردنیشی لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی جەخت دەخاتەوە سەر موسڵ**

●●●

●●●

**د.مالکی لە مەسەلەی بارودۆخی پارێزگای دیالە گورزێکی باشی لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی وەشاندووە، ئەویش بە گێڕانەوەی ئەفسەرە کۆنەکانی ڕژێمی بەعس بۆ ریزەکانی سوپا و سپاردنی ئاسایشی دیالە بەو هێزانە، بێگومان د.مالکی مەبەستی بوو بارودۆخی خانەقینیش بە هەمان ئاراستە ببات بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بۆی چووە سەر لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان بۆی نەچووە سەر**

●●●

## پیپا نۆریس چاودێری نێودەوڵەتی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن بۆ گوڵان:

# هەندێک جار لەو وڵاتانەی ناکۆکیان تێدایە هەڵبژاردن بۆتە هۆکارێک بۆ بونیادی ئاشتی



پیپا نۆریس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی هارڤارد و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر حکومەت و پرۆسەی دیموکراتی و یەکێکە لەو چاودێرە نێودەوڵەتییانە کە لە هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا بەشداری کردووە و چەندین دیراسەتیشی لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی هە ڵبژ ا ر د نە کا نی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو وەك هەڵبژاردنەکانی بۆسنەو هێرزۆگۆڤینیا و کینیا و چەندین شوێنی دیکە هەیە، سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق و ئەو هۆکارانەی بەرەو هەڵبژاردنێکی پاك و ئازادمان دەبات پەیوەندیمان کرد بە خاتو پیپا نوریس و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** ئایا چۆن دەتوانین هەڵبژاردن لە وڵاتێکدا ئەنجام بدەین کە ناکۆکی تێدابێت؟ ئایا مەرجەکانی مسداقییەتی ئەو هەڵبژاردنە چۆن دەبێت ؟**

- ئەوە کارێکی پڕ لە ئاستەنگ و دژوارییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت هەڵبژاردنێکی ئازادانە بکرێت ئەگەر چاودێرە نێودەوڵەتییەکان دەرفەتی چاودێری کردنیان پێ بدرێت و بتوانن لە بنکەکانی دەنگداندا بوونیان هەبێت، بۆ نموونە، لە وڵاتی کۆنگۆی دیموکراتدا کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ ناکۆکی تێدابوو، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان سەرچاوەگەلێکی زۆر و کارمەندگەلێکی زۆری تەرخانکرد بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ئازادانە لەو وڵاتەدا بەڕێوەبچن. هەندێ جار سازدانی هەڵبژاردنەکان لەو وڵاتانەدا کە لە ناکۆکی رزگاریان بووە بۆتەهۆی پتەوکردنی هەوڵ و هەنگاوەکانی بنیاتنانی ئاشتی.

**• یەکێك لەمەترسییەکانمان ئەوەیە کە هەوڵی تێکدانی پرۆسەکە بدرێت و رێگە نەدرێت رەوتی ئاسایی و سروشتی خۆی وەربگرێت، ئایا چۆن بتوانین بە شێوەیەکی رێك و پێك هەڵبژاردنەکان بەڕێوەببەین؟**

- دابینکردنی ئاسایش یەکێکە لە مەسەلە بنەڕەتییەکان بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن ئازادانە و بێئەوەی دووچاری هەڕەشە ببنەوە رووبکەنە سندوقەکانی دەنگدان، دەکرێت نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵێکی گرنگ ببینن لەم رووەوە، دوای ئەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا دەست بە کشانەوە دەکەن، ئەمەش دەبێت بە رێککەوتن بێت لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا. بۆ نموونە لە وڵاتی کۆنگۆدا دوای ئەوەی بە شەڕێکی ناوخۆی خوێناویدا تێپەڕی توانرا هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێت لەو وڵاتەدا، بە هەمان شێوە لە نیکارگوا دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری ئەم وڵاتەی کرد لە دابینکردنی ئاسایشدا توانرا هەڵبژاردن بکرێت و کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی بهێنرێت و جیاوازییەکان یەکلابکرێنەوە.

*** هەڵبژاردن پێویستی بە چاودێر هەیە، بەڵام لە عێراقدا رووبەڕووی سەختی و دژواری دەبینەوە لە دانانی چاودێرە نێودەوڵەتییەکاندا لە بنکەکانی دەنگداندا، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە ئاسایش و سەقامگیر نییە، ئایا بوونی چاودێرە دەرەکییەکان هەڵبژاردن تا چەند میسداقییەتی هەیە؟**

- ئەوە کارێکی زەحمەتە بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەگەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کشانەوە، ئەوا رەنگە تێڕوانینێکی نوێ لە ناو نەتەوەیەکگرتووەکاندا دروست بێت و رەنگە بتوانن لە روی دابینکردنی ئاسایش و چاودێرەوە هاوکاری عێراق بکەن ئەگەر ئەم وڵاتە داواکارییەکی لەم شێوەیەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان توانیویانە هاوکاری هەندێ لە وڵاتانە بکەن کە بە ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیدا تێپەڕیون، بۆ نموونە بۆسنە و هێرزوگۆڤینیا، توانیویانە یارمەتیدەربن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەدا کە ئەم هەڵبژاردنانە بوویێتنە هۆکاری بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی تیایاندا. هەر بۆیە دەبێت تێکڕای پێکهاتە و گرووپە جیاوازەکانی وڵاتەکە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی شەرعی هەبێت و بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکانی رەنگدانەوەی پێکهاتەکانی وڵاتەکە بن.

*** لە هەندێ شاری عێراقدا وەك بەغدا و ئەنبار و موسڵ کە دانیشتوانێکی تێکەڵیان هەیە، ئایا پێشبینی دەکرێت هەڵبژاردنەکان بێ کێشە و گرفت بەڕێوەبچن؟**

- دەبێت لەو ناوچە و شارانەدا کە دانیشتوانێکی تێکەڵ و پێکهاتەی جیاوازیان تێدایە، پارت و لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە بە شێوەیەکی میانڕەوتر کار و بەرنامەکانی خۆیان بخەنەڕوو. من پێموایە بە دووبارەکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن خەڵکی پتر لەگەڵیدا ئاشنادەبن و پەندی لێ وەردەگرن، دەبێت ئەوەش بزانین تا خەڵکی زیاتر بەشداری بکەن ئەوا دەرئەنجامەکانی زیاتر شەرعیەتیان دەبێت. ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی ئاسایش و هۆشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی مەدەنی هەیە. ئەم کێشە و تەحەددیاتانە رووبەڕووی زۆرێك لە وڵاتانی دیکە دەبنەوە بۆ نموونە کینیا، مەکسیك و تورکیا.

*** ئەی سەبارەت بەپەنا بردن بۆ تەزویر و بە کارهێنانی ئەم پرۆسەیە وەك گەمەیەك بۆ وەرگرتنی دەسەڵات.. ئایا لەم رووەوە چی دەڵێیت؟**

- هەموو هەڵبژاردنێك گەمەیەکە و پەیوەستە بەوەی کێ سەرکەوتوو دەبێت و کێ شکست دەهێنێت، ئەمەش ململانێ و رکابەری لە خۆدەگرێت و ئەمەش وا لە هاووڵاتیان دەکات پتر پەرۆشی بەشداری کردن بن و پتر بایەخ بە پرۆسەکە بدەن، بەشێك لەو هەڵبژاردنە پەیوەستە بە ئەدای حکومەت لە رابردوودا و بەشێکی دیکەی پەیوەستە بەوەی پارت و لایەنەکان چ بەرنامە و پرۆژەیەکیان هەیە بۆ ئایندە.

من داوا لە عێراقییەکان دەکەم بەشدارییەکی بەرفراوان بکەن لە پرۆسەی دەنگداندا، چونکە بە پێچەوانەوە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان رەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکان ئەوان نابێت، هەروەها دەبێت بیر لە پەنابردن بۆ هۆکارە سیاسییەکان بکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکانیان.

کورتیس رایان بۆ گوڵان:

# راستە هەڵبژاردنەکانی عێراق بێ کێشە نابن بەڵام دواخستنی هەڵبژاردنەکانیش باردۆخەکە چارەسەر ناکات

*** بەلەبەرچاوگرتنی باردۆخی عێراق کە هەمیشە نیگەرانی و مەترسی ئەوە هەیە کە هەوڵی تێکدانی پرۆسەکە بدرێت و رێگە نەدرێت رەوتی ئاسایی و سروشتی خۆی وەربگرێت، ئایا چۆن بتوانین بە شێوەیەکی رێکوپێک هەڵبژاردنەکان بەرێوەببەین؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە باردۆخە ئەمنییەکە دژوارە، دەبێت خەڵکی هەست بە سەلامەتی بکەن کاتێک رووددەکەنە بنکەکانی دەنگدان، هەروەها دەبێت ململانێ و رکابەرییەکی راستەقینە هەبێت و خەڵکی بتوانن ئیختیار لە نێوان بەرنامە جیاوازەکاندا بکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دواخستن یاخود ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکان یارمەتیدەر نابن لە باشترکردنی رەوشی ئاسایشدا، بەڵام ئومێدی ئەوە دەکرێت لەگەڵ هەڵبژاردنێکدا خەڵکی پتر بەم پرۆسەیە ئاشنابن و دووبارەکردنەوەی ئەم پرۆسەیەش هۆکارێک بێت بۆ بەرەوپێشچوونی باردۆخی ئاسایش نەك ببێتە قوربانی ئەم باردۆخە.

*** ئەی سەبارەت بە پەنابردن بۆ دانانی چاودێری نێودەوڵەتی بەسەر هەڵبژاردنەکانەوە، ئایا تاچەند بوونی چاودێر بەسەر هەڵبژاردنەکانەوە ئەو مەترسییە دەرەوێنێتەوە؟**

- راستە بوونی چاودێر دەبێتەهۆی زیادکردنی متمانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن و بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە، بەڵام من چارەسەرێکی باش بۆ ئەو رەوشەی عێراق شك نابەم، هەروەها من لەو هۆکارانە تێدەگەم کە بۆچی خەڵکی عێراق نائاسوودەن لە ئاست ئەم پرۆسەیە و متمانەیەکی زۆریان بە دەرئەنجامەکانی نییە بەتایبەتی لەم هەڵبژاردنەدا.

*** ئایا هیچ نمونەیەك هەیە لە مێژوودا کە هەڵبژاردن لە هەلومەرجێکی ناسەقامگیردا ئەنجامدرا بێت؟**

- ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو لە ساڵی ٢٠٠٦دا هەڵبژاردنێکی نەزیهـ و عادیلانە لە فەلەستیندا ئەنجامدرا، بەڵام زۆرێك لە رۆژئاوا ئەم راستییەیان لەبیرکرد لەبەر ئەوەی حەماس سەرکەوتنی بەدەستهێنا، مەبەستم ئەوەیە توانیان لە ژێر سایەی داگیرکاریدا هەڵبژاردن ئەنجام بدەن و رێژەیەکی گەورەی خەڵکەکە بەشداریان کرد و توانیان دەنگ بدەن، هۆکارەکەش ئەوەبوو خەڵکەکە هەستیان کرد کە ئەم هەڵبژاردنە گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لە ژیانیاندا.

*** بە تێروانینی ئێوە ئایا بوونی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چ کاریگەرییەکی سلبی دەبێت لە سەر بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەم وڵاتدا؟**

- هەمیشە بوونی هێزی داگیرکار لە وڵاتدا مایەی کێشە و گیروگرفتە، هەردووڵاتەکە، عێراق و ئەمەریکا بە قۆناخێکی ئینتقالیدا دەڕۆن، لە مانگی کانونی یەکەمدا سەرۆکی نوێی ئەمەریکا دەست بەکار دەبێت و سیاسەتێکی زۆر جیاوازتر دەگرێتەبەر لە ئاست عێراقدا و من پێمولیە دەست بە کشانەوەیەکی لەسەرخۆی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات و من لەم رووەوە گەشبینم بە سیاسەتەکانی ئۆباما و پێمولیە ئەو کاتە عێراق نەك هەر بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایش دەگرێتەئەستۆی بەڵکو سەروەریش بۆ ئەم وڵاتە دەگەرێتەوە.

*** لە هەندێ شاری عێراقدا وەك بەغدا و ئەنبار و موسڵ کە دانیشتوانێکی تێکەڵیان هەیە و پێکهاتەی جیاوازیان تێدایە، ئایا پێشبینی دەکرێت هەڵبژاردنەکان بێ کێشە و گرفت بەرێوەبچن لەم شارانەدا؟**

- راستە بوونی گروپ و پێکهاتەی جیاواز دەبێتە هۆی خوڵقاندن دژواری و ئاڵۆزی بەتایبەتی ئەگەر ململانێ و ناکۆکیان لە نێواندا هەبوو.

*** تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنە دەبێتەهۆی گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی لە عێراقدا؟**

- من پێموایە بەشداری کردنی بەربڵاوی سوننەکان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی باشتر نوێنەرایەتی بکرێن لە سیستەمە سیاسییەکەدا، عێراق پێکهاتەی جیاوازی تێدا دەژی و بێ بەشداری کردنی تێکرای پێکهاتەکان ئەم وڵاتە بەرەوپێشەوە ناچێت. لە رابردودا سوننەکان باڵادەست بوون بەسەر عێراقدا، بەڵام ئێستا بەشدارییەکی گەورەیان نییە، لەبەر ئەوە دەبێت هاوسەنگییەك بهێنرێتەدی و ئەمەش کاتی دەوێت.

*** هەندێ لە چاودێران پێیان وایە ئەم هەڵبژاردنانە تەنیا گەمەیەکە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، ئایا لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- من پێموایە ئەگەر شیعەکان کە لایەنی جیاواز لە خۆدەگرن، دژی یەکتری رەفتار بکەن و هەوڵی پەراوێزکردنی لایەنەکانی دیکە بدەن ئەوا ئەم دەرفەتە لەدەست دەدەن کە بۆیان هەڵکەتووە.

*** ئایا باردۆخی عێراق چۆن دەبینیت لە دوای پاشەکشەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە؟**

- ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن ئەو پاشەکشەیە ئەنجام دەدرێت، باس لەوە دەکرێت کشانەوەکە بە رەوتێکی لەسەرخۆ و بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ دەبێت و گفتوگۆی تیروتەسەلی لەبارەوە دەکرێت، ئەمەش کارێکی باشە چونکە نابێتەهۆی ئەوەی بۆشاییەك لە عێراقدا جێبهێڵێت، رەنگە داواکردنی یارمەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهانی عەرەبی لە لایەن ئەمەریکاوە بیرۆکەیەکی باش بێت بۆ ئەوەی بۆ نموونە بۆ ماوەی دوو ساڵ جێی هێزەکانی ئەمەریکا بگرنەوە لە عێراقدا، ئەم بریارەش بۆ عێراقییەکان خۆیان دەگەرێتەوە و دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لە هەر بریارێکی عێراقییەکان بکات کە بۆ سەقامگیری وڵاتەکەیان دەیدەن.

*** ئایا مەترسی ئەوە لە ئارادا نییە دوای ئەو کشانەوەیە عێراق جارێکی دیکە بەرەو دیکتاتۆریەت بڕوات؟**

- لە راستیدا هەمیشە ئەم ئەگەرە لە ئارادایە و مەترسی ئەوە هەیە بنیاتنانی هێزە ئەمنییەکان سەربکێشێت بۆ ئەوەی ئەم هێزانە کۆنترۆڵی دەسەڵات بکەن، بەڵام من ئومێدەوارم باردۆخەکە لە عێراقدا نەگاتە ئەم حاڵەتە و هەمیشە سوپا و هێزە ئەمنییەکان لە ژێر دەسەڵاتی مەدەنیدا بن و عێراق بتوانێت ببێتە وڵاتێکی خاوەن سەروەری و بتوانێت دیموکراسی بنیات بنێت.



**پرۆفیسۆر کورتیس رایان یەکێکە لە تۆژەرە ناسراوەکانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستیشە، پسپۆر و تایبەتمەندیشە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و بە دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و ئەردەن و فەلەستین و زۆر لە نزیکیشەوە چاودێری هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٦ی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینی کردووە، سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراقیش پرۆفیسۆر رایان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.**

رۆبەرت جینسن بۆ گوڵان:

# زەحمەتە لە بارودۆخی ئێستای عێراقدا هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە ئەنجامبدرێت



...
**پرۆفیسۆر رۆبەرت جینسن ئوستادی بەشی رۆژنامەگەرییە لە زانکۆی تەکساس و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کاری رۆژنامەگەری و رای گشتی و یەکێکە لە وچالاکگەرانەی کە بەشداری لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کردووە و بایەخێکی گرنگیشی بە چۆنییەتی هەڵبژاردنەکان و نەزاهەتی هەڵبژاردن داوە، سەبارەت بەو میکانیزمانەی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و عادیلانە دەگرنە بەر پرۆفیسۆر جینسن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**
...

*** ئایا بە گشتی مەرجە پێشوەختەکانی هەڵبژاردنێکی نەزیهـ و عادیلانە چین؟**

- پێویستە دەنگدەران هەست بە سەلامەتی بکەن لە کاتی پرۆسەی دەنگداندا، هەروەها دەبێت ئازادی رادەربرین دابین بکرێت و ئازادی کۆبوونەوەی سیاسی هەبێت.

*** بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی عێراق کە سەروەری یاسا بوونی نییە و هەلومەرجی ئەمنی سەقامگیر نییە، هەمیشە نیگەرانی و مەترسی ئەوە هەیە کە هەوڵی تێکدانی پرۆسەکە بدرێت و رێگە نەدرێت رەوتی ئاسایی و سروشتی خۆی وەربگرێت، ئایا چۆن بتوانین بە شێوەیەکی رێکوپێک هەڵبژاردنەکان بەرێوەببەین؟**

- زەحمەتە بتوانین لە سایەی داگیرکاری سەربازیدا هەڵبژاردنێکی ئازادانە و عادیلانە ئەنجام بدرێت، حاڵی حازر عێراق لە ژێر داگیرکارییەکی سەربازیدایە، کەواتە هەلومەرجە بنەڕەتییەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد دەکەونە ژێر گومانەوە و خەڵکانێك لە عێراقدا نین کە خاوەن سەروەری بن و بریار لە چارەنوسی خۆیان بدەن. خەڵکی ناتوانن بە ئازادی دەنگ بدەن ئەگەر رووبەڕووی توندوتیژی و زۆرلێکردن ببنەوە، لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا خەڵکی رووبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبنەوە. کەواتە دەبێت خەڵکی ئازادی رادەربرین و کۆبوونەوەی سیاسییان هەبێت.

*** چۆن دەتوانین لە وڵاتێکدا هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجام بدەین کە کێشە و ناکۆکی ئیتنی و ئایینی هەبێت؟**

- لە راستیدا، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت کە ببێتەهۆی چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئیتنی و تائیفییەکان و بوونی ئەم ناکۆکییانە نابێتەهۆی ئەوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان شتێکی مەحاڵ بێت، ئەوەش دەوەستێتەسەر ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە چ هەلومەرج و بارودۆخێکدا ئەنجام دەدەرێن، من ئاگاداری ووردەکاری بارودۆخەکە نیم لەبەر ئەوە ناتوانم حوکمی لەسەربدەم.

*** هەڵبژاردن پێویستی بە چاودێر هەیە، بەڵام لە عێراقدا رووبەڕووی سەختی و دژواری دەبینەوە لە دانانی چاودێرە نێودەوڵەتییەکاندا لە بنکەکانی دەنگداندا، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە ئاسایش و سەقامگیر نیە، ئایا بوونی چاودێرە دەرەکیەکان هەڵبژاردن تا چەند میسداقیەتی هەیە؟**

- ئەنجامدانی هەڵبژاردن خۆی لە خۆیدا نابێتەهۆی ئەوەی دەرئەنجامێکی دیموکراتی لێبکەوێتەوە، بنیاتنانی دیموکراسی و توانای خەڵك بۆ کۆنترۆڵکردنی چارەنوسی خۆیان تەنیا بە هەڵبژاردن ناکرێت، هەر وڵاتێك لە ژێر داگیرکارییدا بێت لە پێگەییەکی لاوازدایە بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە دارشتنی پرۆسەیەکی دیموکراسی.

*** ئایا هیچ نموونەیەك هەیە لە مێژوودا کە هەڵبژاردن لە هەلومەرجێکی ناسەقامگیردا ئەنجامدرابێت؟**

- فرەیی ئیتنی و ئایینی لە زۆرێك لە وڵاتاندا بوونی هەیە و توانیوویانە سەرکەوتوانە سیاسەتێکی دیموکراتییانە بگرنبەر، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە خەڵك متمانەیان هەیە بەوەی سیستەمەکە بە شێوەیەکی عادیلانە ئیدارە دەکرێت و سەرچاوەی پێویست هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی بە شێوەیەکی سەربەرزانە ژیان بەسەر ببەن. دیموکراسی پەیوەستە بە پێکەوەژیانی جیاوازییەکان بە بێ پەنابردنەبەر توندوتیژی، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان زەمانەتێك نین بۆ ئەمە، بەڵکو دەرفەتێکن بۆ ئەوەی خەڵکی متمانەیان بە سیستەمەکە زیاتربێت. پێشتر عێراق لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرێکی سەربازی دڵرەقدا بووە و دواتر کەوتوتەژێر داگیرکارییەکی دەرەکییەوە، ئێمە دەزانین هەر وڵاتێك لە ژێر دەسەڵاتێکی داگیرکاریدا بێت کۆنترۆڵی چارەنوسی خۆی ناکات، بۆ نموونە ئەگەر عێراق بریارێك دەربکات دژی بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت ئەوا ئەمەریکا هێزە سەربازییەکانی لەم وڵاتەدا بەکاردەهێنێت بۆ دەستێوەردان لە سیاسەتی عێراقدا و ئەمەش سەروەری وڵاتەکە لاواز دەکات لەبەر ئەوەی هەر حکومەتێکی عێراقی دەبێت تیروانینی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەرچاوبگرێت بۆ ئەوەی درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. بۆیە ئەوە تەحەددایەکی گەورەیە هەوڵ بدەیت جیاوازییەکان بە شێوەیەکی دیموکراتیانە چارەسەربکەیت

*** بە تیروانینی ئێوە ئایا بوونی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چ کاریگەریەکی سلبی دەبێت لە سەر بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەم وڵاتدا؟**

- من ناڵێم ئەمەریکا دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات، بەڵام بوونی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاریگەری دەبێت لەسەر توانای عێراقییەکان لە مومارەسەکردنی سەروەری.

### جۆرجن ئیلکیت چاودێری نێودەوڵەتی هەڵبژاردنەکان بۆ گوڵان:

# لە وڵاتێکدا دەنگدەران هەست بە سەلامەتی نەکەن ناتوانرێت هەڵبژاردنی ئازاد و نەزیهانە ئەنجامبدرێت

***هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە یەکێکە لە پرانسیپەکانی دیموکراسی ئایا بە گشتی مەرجە پێشوەختەکانی هەڵبژاردنێکی نەزیە و عادیلانە چین؟**

- لە پێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نەزیهانەدا، پێویستە ڕێسا و یاساکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکە روون ئاشکرابن بۆ هەموولایەك، بۆ هاووڵاتییان و دەنگدەران و دەزگاکانی راگەیاندن بۆ ئەوەی هەموو لایەك بزانن کە دەبێت بە چییەوە پابەندبن و ئیلتزام بە چ ڕێسایەکەوە بکەن، ئەمەش پێی دەڵێن چوارچێوەی یاسایی، واتە ئەمە بەرچاورونییەك دەدات بە هەموولایەك. خاڵی دووەم ئەوەیە دەبێت ئەو کەسانەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن، یاخود ئەو کەسانەی کاروباری هەڵبژاردنەکە هەڵدەسوڕێنن کەسانی بێ لایەن بن، خاڵی سێیەم ئەوەیە دەبێت پرۆسەی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران روون و ئاشکرا بێت، واتە هاووڵاتییان ڕێ و شوێنەکانی تۆمارکردنی ناو خۆیان بۆ دەنگدان بزانن، هەروەها دەبێت بە چەشنێك بێت ڕێگە لە هەڵە و ساختەکاری بگرێت، بۆ نموونە، ناوی ئەو کەسانە تۆمار نەکرێت کە لە ژیاندا نەماون. لەلایەکی دیکەوە دەبێت لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەرفەت بە هەموو لایەنە سیاسییەکان بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن کۆبوونەوەی سیاسی بکەن و بتوانن لە دەزگاکانی راگەیاندندا بانگەشە بۆ بەرنامەی خۆیان بکەن، هەروەها دەبێت لایەنە سیاسییەکان نوێنەریان هەبێت لە بنکەکانی دەنگداندا کە هەڵبستن بە چاودێریکردنی پرۆسەی دەنگدانەکە، بە هەمان شێوە دەبێت نوێنەریان هەبێت لە کاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا، ئەگەر ئەم پرۆسەیە بە شەفافی بەڕێوەبچێت ئەوا دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە شەرعییەتی دەبێت لای هەموو لایەنەکان، بەو پێیە هەموو لایەك دەرئەنجامەکە قبوڵ دەکەن. خاڵێکی دیکە کە شایستەی ئەوەیە ئاماژەی پێ بکەم بوونی دادگایەکی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن، واتە دەبێت دادگایەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پێك بهێنرێت، چونکە ڕووبەڕووکردنەوەی ئەم ئەرکە بە دادگاکانی دیکە دەبێتە هۆی دواخستن و کەڵەکەبونی ئەم کێشانە. لەکاتی تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدانەکەش دەبێت بە زوترین کات دەرئەنجامەکان ئاشکرابکرێن، ڕەنگە پێویست بەوە بکات بنەکەکانی دەنگدان هەر یەکە و لای خۆیانەوە دەرئەنجامەکان ئاشکرابکەن. ئەمە میسداقیەت و شەرعییەت دەدات بە پرۆسەکە و بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە. ئەمانە بنەما بنەڕەتییەکانی هەر هەڵبژاردنێکی عادیلانەن.

*** لە بارودۆخی ئێستای عێراقدا کە سەروەری یاسا بوونی نییە و هەلومەرجی ئەمنی سەقامگیر نییە، هەمیشە نیگەرانی و مەترسی ئەوە هەیە کە هەوڵی تێکدانی پرۆسەکە بدرێت و ڕێگە نەدرێت ڕەوتی ئاسایی و سروشتی خۆی وەربگرێت، ئایا چۆن بتوانین بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەڵبژاردنەکان بەڕێوەببەین؟**

- بۆئەوەی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی عادیلانە بەڕێوەبچن، نابێت پاڵێوراوەکان یاخود لایەنە بەشداربووەکان یاخود هاوڵاتیان و دەنگدەران هەست بە مەترسی و نیگەرانی بکەین لەسەر ژیانی خۆیان، واتە ئەگەر هەڵبژاردن لە ژینگەیەکدا ئەنجام درا کە خەڵکی هەست بە سەلامی و سەربەستی نەکەن و ئازادی رادەربڕیانییان نەبێت و ژیان و کەرامەتییان لە مەترسیدا بێت ئەوا مەحاڵە بتوانین هەڵبژاردنێکی پاك و نەزیهانە ئەنجام بدرێت.

*** ئایا بوونی چاودێرە دەرەکییەکان لەسەر هەڵبژاردنەکان تا چەند میسداقییەت بە هەڵبژاردنەکە دەدات ؟**

- من پێموایە بوونی چاودێری دەرەکی زەمانەت نییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نەزیە و عادیلانە، بە تێڕوانینی من ئەمە زیاتر پەیوەستە بە ئیدارەی هەڵبژاردنەکەوە، بۆ نموونە، دەبێت ئەو کەسانەی ئیدارەی هەڵبژاردنەکە دەکەن کەسانێکی مەشقپێکراو بن بۆ ئەو کارە، هەروەها دەبێت جێی متمانەبن، من لە کیشوەری ئەفریقیا و بە دیاری کراوی لە وڵاتی کینیادا کارم کردووە، لەم وڵاتەدا چاودێری دەرەکی هەبوون لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام نەبوونە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەڵبژاردن، لەبەرئەوەی ئەو چاودێرانە نەیان دەتوانی کێشە جەوهەرییەکانی هەڵبژاردنەکە چارەسەربکەن، کەواتە تا کەسانی باش و باوەڕپێکراو ئیدارەی هەڵبژاردنەکان نەکەن، ئەوا بە پاکی بەڕێوەناچن.

*** لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەی عێراقدا سوننەکانیش بەشداری دەکەن، بە پێچەوانەی رابردووەوە پرسییارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی هاوکێشەی سیاسی لە عێراقدا؟**

- ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەوان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کاتیدا بەشدارییان نەکرد، بەڵام دواتر لە هەندێ ناوچەدا بەشدارییان کرد، لە لایەکی دیکەوە یاسای هەڵبژاردن لە عێراقدا کار بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی دەکات، واتە ئەگەر لایەنێکی دیاری کراو لە سەدا ١٠ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت ئەوا لە سەدا ١٠ کورسیەکان پەرلەمان دەبات، ئەمەش شتێکی ڕەوایە لەبەر ئەوەی مافی یەکسان دەدات بە هەموو لایەك. کەواتە ئەگەر سوننەکان بەشداریەکی زیاتریان کرد ئەوا دەنگی زیاتر و کورسی زیاتر بەدەست دەهێنن، ئەگەر کورد و شیعەکانیش نیگەرانن لەمە ئەوا با ئەوانیش خەڵکی خۆیان هان بدەن و خەڵکی خۆیان سازبدەن بۆ ئەوەی بەشداریەکی گەورەتربکەن و دەنگی زیاتر بەدەست بهێنن.

*** لە هەندێ شاری عێراقدا وەك بەغدا و ئەنبار و موسڵ کە دانیشتوانێکی تێکەڵیان هەیە، ئایا پێشبینی دەکرێت هەڵبژاردنەکان بێ کێشە و گرفت بەڕێوەبچن؟**

- ئەگەر بارودۆخەکە ئەمنییەکە لەبەرچاوبگرین ئەوا هەڵبژاردن دووچاری دژواری دەبێتەوە، بە تایبەتی کە پێشبینی بەکارهێنانی توندوتیژی دەکرێت لە لایەن هەندێ گرووپەوە، لەم حاڵەتەشدا ناکرێت ئەمە بە هەڵبژاردنێکی عادیلانە دابنێین.

*** هەندێ لە چاودێران پێیانوایە ئەم هەڵبژاردنانە تەنیا گەمەیەکە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە نێوان حزبی دەعوە کە سەرۆکایەتی حکومەت دەکات لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی کە زۆرینەیە لە ناو شیعەکاندا، لێکدانەوەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- بەڵام تەنیا ئەوەندی دەڵێم کە دەبێت دەرفەت بە تێکڕای هاووڵاتییان بدرێت بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، ئەگەر هاتوو زۆرلێکردن و ناچارکردن و هەڕەشە هەبوو ئەوا ناتوانین دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە شەرعی لە قەڵەم بدەین.



**پرۆفیسۆر جۆرجن ئیلکیت ئوستادی زانستی سیاسەتەکان لە زانکۆی دانیماك و پسپۆر و تایبەتمەندە لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن و رەفتارەکانی هەڵبژادن و ئەندامانی نێو پارتە سیاسییەکان و مەسەلە پەیوەندارەکان بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنەوە، پرۆفیسۆر جۆرجن وەك چاودێرێکی نێودەوڵەتی بەشداری لە چاودێرکردنی زۆربەی هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتانی ئەفریقا و ئاسیا کردووە و ئاگاداری ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی سیاسیی عێراق و پرۆسەکانی هەڵبژاردنیشە، هەر بۆیە بۆ ئەم پرسە گرنگە و وەك چاودێرێکی هەڵبژاردنەکان سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵبژاردنێکی ئازاد و عادیلانە پەیوەندییمان پێوەکرد و بەڕێزی بەمجۆرە بیروبۆچونەکانی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**

# «بە ئومێدین دەریای قەزوین بە دەریـ
# بە دەریـــای ئیجە ببەستینەوە ک

## وتووێژی گوڵان لەگەڵ «نەوزاد هادی» پارێزگاری هەولێر

**لە ناوەڕاستی هەشتاكانەوە تا ئێستا هەولێر لە بەرفراوانبوونێكی ناسرووشتیدایە، ئەو بەرفراوانبوونە ناسرووشتییە وایكردووە، چەندی كار بۆ جوانكردنی بكرێت، بەڵام كەمو كورتییەكان كۆتاییان نەیەت، بۆیە وێڕای ئەم هەموو كارو خزمەتگوزارییەی كراوە، بەڵام هێشتا هەولێر وەك پایتەخت پێویستی بە كارو پرۆژەی جیدیتر هەیە، لەم روانگەوە بە پێویستمان زانی سەردانێكی پارێزگاری هەولێر(نەوزاد هادی) بكەین، كە بۆ ساڵی نوێ (٢٠٠٩) چی بەدەستەوەیە؟ گفتوگۆی گوڵان و بەڕێز نەوزاد هادی ئەم دیمانەیەی لێ كەوتەوە.**

**گوڵان: لەساڵی ٢٠٠٩ ئەو مەبلەغەی بۆ بودجەی پارێزگای هەولێر دیاریكراوە نزیكەی بری ٣٦٢,٧٠٠,٠٠٠ سێسەدو شەست و دوو ملیار و حەفسەد ملیۆن دینارە.**

- نەخێر ئەو بڕە كەمكراوەتەوە، وەزارەتی دارایی عێراق حسابێكی هەیە، ئەگەر بودجە كورتی هێنا ئەوا لەو یەدەگە دەردەهێنرێت، هەندێ شت هەیە جێگیرە وەكوو مووچە و نەفەقاتی گشتی و سیادی.

**گوڵان: واتە ئێوەبەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە تائێستا پلانی ساڵی ٢٠٠٩ تان دیار نییە؟**

- بەڵێ، هی هەموو عێراق دیار نییە.

**گوڵان: ئەی ئەوە چەند ڕۆژێكی دیكە دەچینە ناو ساڵی ٢٠٠٩، چۆن كار دەكەن؟**

نەوزاد هادی: ئەوە كێشەی هەموو عێراقە.

**گوڵان: ئەی ئەگەر دیاریكردنەكە مانگێك یان زیاتریش بخایەنێت، كەواتە ئیشەكان ڕادەوەستن؟!**

- نەخێر، ئیش ڕاناوەستێت، عادەتەن كە پلان دەست پێدەكاتەوە لە عێراق، لە مانگی سێ و چواردایە، لە مانگی یەك و دوو و سێ لە عێراق ئیش دەست پێناكات. ئەمەش لەبەر باران و وەرزی زستان. ساڵانەش ئەگەر تەماشا بكەیت لە مانگی پێنچ و شەش دەست بە ئیش كراوەتەوە.

**گوڵان: ئەگەر بێینە سەر ئەو پڕۆژە گەورەیەی كۆمپانیای داماك بە ناوی (تارین هێڵز) جێبەجێیدەكات، ئایا ئێوە وەكو پارێزگای هەولێر هاوكاریتان كردووە، یان تەنها لە ڕووی مەعنەویەوەیەو لە ڕووی ماددییەوە هاوكاریان ناكەن؟**

- ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەیەكی وەبەرهێنانە، ڕاستە ئەو كۆمپانیایە كار دەكات، بەڵام حكومەت بە پێی یاسای وەبەرهێنان زەوی بۆ دابین كردووە.

**گوڵان: ئەو پڕۆژەیە یەكەی نیشتەجێبوونیشی تێدایە، ئەو نیشتەجێبوونە كێ دەگرێتەوە؟**

- بۆ هەر كەسێكە كە پارەی خۆی بدات، بۆ نموونە وەكو گوندی ئەمریكی و ئەوانی تر لەسەر ئەم شێوازانەیە.

**گوڵان: جیاوازیەكی هەیە لەگەڵ گوندەكان، چونكە ئەوەی لە چوارچیوەی تارین هێڵزە تەواو گەشتیارین.**

- خەڵك ئازادە بۆ ئەوەی بیكڕن، لەوانەیە خەڵك هەبێت لە دەرەوەی هەرێمیش بن بۆخۆیان بیكڕن.

**گوڵان: جگە لەو پڕۆژەیە، هیچ پڕۆژەی دیكەی هاوشێوەی (تارین هێڵز) هەیە؟**

- نەخێر لەو بابەتە هیچ پڕۆژەیەكی دیكە نییە، (تارین هێڵز) گەورەترین پڕۆژەی وەبەرهێنانە لە هەموو عێراق.

**گوڵان: بۆ پڕۆژەیەكی لەم شێوەیە قسەشی لەسەر نەكراوە؟**

- نەخێر، بەڵام دەگەڕێتەوە سەر ڕەوشی هەرێم، بەوەی بتوانێت وەبەرهێنەر ڕابكێشێت و ئەو وەبەرهێنانانەی هەیە تا چەند سەركەوتن بەدەستدەهێنن. ئەوانە هەمووی پەیوەندی بە داهاتووی هەرێمەوە هەیە.

**گوڵان: بەم نزیكانە كۆنفرانسی بونیادنانەوە لە ئارادا هەیە لە هەولێر ببەسترێ، كە بازرگان و بزنسمانەكانی بیانی بێن؟ پرسیار ئەوەیە بۆ ئەو كۆنفرانسە بەرنامەو پڕۆژەتان هەیە تا بزنسمانەكانی دنیا هانبدەن بۆ ئەوەی پڕۆژەی گەورە لە كوردستان بكەنەوە؟**

- ئێمە هەموو كۆنفرانسەكانی پێشتر، كە چەندین كۆنفرانس لە دوبەی ئەنجامدراوە، یەك لەوانە یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریكا بۆ كاروباری ئابووری كۆنفرانسێكی گەورەی ڕێكخست. ئامانج لەو كۆنفرانسانە تەشویقكردنی وەبەرهێنانە و ئەو پڕۆژانەی كە هەن نمایش بكرێن بۆ ئەوەی ببنە هاندەرێك تاكو سەرمایەداری بیانیش وەبەرهێنان بكەن.

**گوڵان:مەبەستی من ئەوەیە پڕۆژەیەكی عەمەلیتان لەبەردەست نییە كە لەو كۆنفرانسە بیخەنە ڕوو؟**

- ئەو پڕۆژە وەبەرهێنانانەی هەیە هەمووی دەخرێتە ڕوو، بە حوكمی ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی دەستەی وەبەرهێنان لە هەولێر نییە، بۆیە دەستەی وەبەرهێنان ئەو كارە دەكات.

**گوڵان: با بێینە سەر ماستەر پلانی هەولێر، سەبارەت بە گواستنەوەی گەڕەكەكانی خانەقاو تەعجیل و عەرەب، فیكرەكە لە بنەڕەتدا هی كوێ بوو؟**



# ...ای سپی ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبیش
# ...ە هەموویان بە هەولێردا رەتدەبن»

کۆتایی ٢٠٠٩ خەڵک پێویستیان بە مۆلیدەی ئەهلی نابێت.

جۆرە رێککەوتنێک هەیە کە لەسەر بودجەی گشتی عێراق(٣) یاریگای گەورە لە بەسرە و بەغدا و هەولێر دروستبکرێن

٤٠٪ی بوودجەی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ کشتوکاڵ دانراوە

ئەمەریکییەکان ٤٥٠ ملیۆن دۆلار و کۆرییەکانیش ٧٠-٧٣ ملیۆن دۆلاریان لە هەرێم خەرجکردووە

دائیرەی تاپۆمان ئاگادارکردۆتەوە کە ئەو (١٥٠٠) کەسەی بۆ شوقە وەرگرتن ناویان دەرچووە، نابێ تەحویلاتیان لەسەر بکرێ

- تۆ کە دێیت دیزاینی هەولێر دەکەیتەوە، ئەو ماددە ئەوەلیانە چییە کە بە ماستەر پلانەکەی دەدەیت، بۆ نموونە هەولێر قەڵای هەیە کە شوێنەوارێکی مێژووییە و دەتوانێت خەڵك بۆ خۆی ڕابکێشێت. ئەو کەسانەی کە شارەزان لەو بوارەدا هەڵدەستن بزانن چۆن ئەو قەڵاتە دەتوانرێت زیاتر دەربخرێت یان چۆن وابکرێت خەڵك بێت بیبینێت، یان ئەڵقەی بازرگانی ئەو شارە چۆن بەهێز دەکرێت. لە پلانی دیزایندا هەموو ئەو گەڕەکانە هەڵناگیرێت، بەشێکی دەمێنێتەوە،



**تەنیا لە(٤) ساڵی رابردوودا (٢ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار) بۆ هەولێر خەرجکراوە، کە بەدرێژایی(٨٠) ساڵی پێشووتر(٢ملیار) بۆ هەولێر خەرج نەکراوە.**

**مانگێک پێش ئێستا ئەوەی کە پێویستی بە ٢٠٠ مێگاوات دەبوو ئێستا پێویستی بە ٣٠٠ تا ٤٠٠ مێگاوات هەیە، چونکە خەڵک بۆ گەرم کردنەوە کارەبا بەکار دەهێنێت**

بەشێکی دەبێتە بازرگانی، بەشێکی دەبێتە گۆرەپان و هەندێکی دەبێتە شەقام و هەندێکی دیکە دەبێتە باخچە.

**گوڵان: باشە ئەو بەشەی کە دەبێتە شوێنی نیشتەجێبوون دەیدەن بە کێ؟**

- هی خاوەن موڵکەکانە، حکومەت هیچ ناکات، ئێمە ئیستملاك ناکەین. جگە لەو شوێنانەی کە بەبەر شەقام و باخچەکان دەکەون، پێویست دەکات شارەوانی ئیستملاکیان بکات. ئەوەی دیکە خەڵك خۆی تەسەروفی پێوە دەکات. بەشێکی زۆری خاوەن موڵکەکان خۆیان ئاوەدانی دەکەنەوە. بۆ نموونە ئێستا ناوچەکە سەکەنییە و بۆ خاوەن موڵکەکە هیچ داهاتێکی نییە، بەڵام لەگەڵ دیزاینی نوێ خاوەن موڵك دەتوانێت باڵەخانەی بەرزی تێدا دروست بکات.

**گوڵان: بەڵام هەموو خاوەن موڵکێك پارەی نییە.**

- راستە، بەڵام موڵکەکەی گرانبەها دەبێت و دەتوانێت بیفرۆشێت.واتە هەم خاوەن موڵکەکە قازانج دەکات و هەم شار پێوەی ئاوەدان دەبێتەوە.

**گوڵان: ئێوە (٤) ساڵ زیاترە بەرنامەی تێکدانی ئەو گەرەکانەتان لەگەڵ کۆمپانیای کۆستێل ی بەریتانی کردبوو، نەخشەو دیزاینەکەش ئەو کۆمپانییە خەریك بوو، کەچی زۆر دواکەوت بۆ؟**

- نەخێر، کۆمپانیای (٩:٥٧)ی لوبنانی دیزاینی کردووە، کۆستێل دیزاینی قەڵاتی کردووە، گرێبەستی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی هەیە و دیزاینەکەشی تەواو کردووە.

**گوڵان: باشە ئێوە بازاڕی شێخەڵلا تێکدەدەن.**

- بازاڕی شێخەڵلا تێکناچێت، بازاڕی شێخەڵلا بووەتە ناوچەیەکی بازرگانی، ئەو خاوەن موڵکانەی کە بە پێی ئەو دیزاینەی لەو ناوچەیە هەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**گوڵان: بازاڕی شێخەڵلا وەك بازاڕێکی میللی نامێنێتەوە، بۆ هەوڵتان نەداوە بازاڕێکی دیکەی میللی وەك ئەوەی کە بۆ لەنگە فرۆشانتان کرد،شوێنێکی لەم جۆرەش لەسەر سەد مەتری یا (٤٠)مەتری یا هەر شوێنێکی دیکە دروست بکەن؟**

- بازاڕی قەیسەری بەشێکی دەمێنێتەوە، دەستکاری بازاڕی شێخەڵلاش ناکەین، خەڵکەکە خۆی بە دووبارە نۆژەنکردنەوەی ناوچەکە بازاڕی تێدا بەهێز دەبێتەوە.

**گوڵان: بازاڕێکی میللی بۆ هەولێر پێویست ناکات بۆ خەڵکی هەژار؟**

- لەوانەیە بازارەکە هەرزانتریش بێت، مەرج نییە کە نۆژەنکراوە نرخی گرانتر ببێت.

**گوڵان: هەر گرانتر دەبێت، وەك بازاڕێکی میللی لێنایەت.**

- نا مەرج نییە.

**گوڵان: باشە شەقامی پزیشکان هەر بەو شێوەی ئێستا دەمێنێتەوە یان ئەویش گۆڕانکاری بەسەر دادێت؟**

- نەخێر، ئەوانە بە سرووشتی خۆیان گۆڕانکاریان بەسەر دادێت. تا ئێستا زۆربەی پزیشکان روویان کردۆتە شەقامی پزیشکان، بەڵام بەشی زۆری پزیشکەکان چوونەتە شوێنی تری وەك چل مەتری لای سوپەرمارکێتی کۆك و سەد مەتری، هەروەها لەلای جۆت سایدی گەرەکی نەورۆز گەورەترین نەخۆشخانەی ئەهلی لێ دروست دەکرێت و وا لە قۆناخی تەواوبووندایە، پەنجا شەست دکتۆرن و پێکەوە ئەو نەخۆشخانەیان دروست کردووە. عیادەکانیان کە ئێستا لە شەقامی پزیشکانە دەچن بۆ ئەو شوێنە. واتە بڕیار لەدەست پزیشکەکان خۆیانە.

**گوڵان: بێینە سەر قەڵات، ئایا ناو قەڵات چی بەسەر دێت؟**

- ئێستا پەیوەستە بە ئەنجوومەنی شورا، پەیوەندی بە پارێزگاوە نەماوە.

گوڵان: زۆر لەمێژە گوێمان لێدەبێت کە ساڵی داهاتوو کارەبا زۆرباش دەبێت، بەڵام تەماشا دەکەین هەموو ساڵێك وەك ساڵی پێشووترە.



- گۆڕانێـك ڕوویداوە، تۆ پێشـتر ٢٠ مێگاوات کارەبات هەبوو ئێستا هەولێر ٥٠٠ مێگاوات کارەبای هەیە کە تەولیدی خۆمانە. پێشـتر کارەبا لە دەربەندیخان و دوکان دەهات، بەڵام ئێستا ئەو دووانە بە حوکمی کەمی ئاو بەرهەمێکی ئەوتۆیان نییـە. بەغداش لە پێنجسـەدەکەی هەولێر کەمی کردۆتەوە، پێنجسەدەکەی هەولێر تەنها بۆ هەولێر نییە بەڵکو بۆ هەولێر و سلێمانیە کە مانگێك پێش ئێستا ئەوەی کە پێویستی بە ٢٠٠ مێگاوات دەبوو ئێستا پێویسـتی بە ٣٠٠ تا ٤٠٠ مێگاوات هەیـە، چونکە خەڵك بۆ گەرم کردنەوە کارەبا بەکار دەهێنێت. ئێمە کە بـەردەوام دەڵێین کارەبا باشـتر دەبێت، هۆکارەکەی چییە؟ بـۆ نموونە، کارەبای چەمچەمـاڵ ٧٥٠ مێگاوات دەبێت، پێشبینی دەکرێت ماوەیەکی تر دوو وەحدەی تری ئیش بکات، واتە پێنج سەدەکە دەبێتە ٧٥٠. ئێستا تەولیدەکە لەبەر دەستی حکومەتە.

**گوڵان: بەڵام ئەوەش دادی خەڵکی نادات.**

- لە هەموو دنیا ئەو کێشەیە بەمجۆرە چارەسەر دەکرێت.

**گوڵان: ئەوەی کرایە چییە؟**

- ٥٠٠ مێـگاوات لەگـەڵ ٧٥٠ مێگاواتی دیکە کە لە هاوینی داهاتوو لـە چەمچەماڵ تەواو دەبێت دەکاتە ١٢٥٠ مێگاوات، ئەوەش پێویستیەکان پڕ دەکاتەوە.

**گوڵان: لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ بڕێك بۆ کارەبا دیاریکراوە، ئەی لە ساڵی ٢٠٠٩؟**

- ٤٠٪ی بودجەی سـاڵی ٢٠٠٩ بۆ کشـتوکاڵ دانراوە، بودجەی کارەبا دانراوە و ئیشـەکەی دەڕوات. ئەوەی هەولێر تەواو بووە و هی سلێمانیش تەواو دەبێت.

**گـوڵان: واتە لە سـاڵی ٢٠٠٩ بە دواوە کێشـەی کارەبا نامێنێت؟**

-بەڵێ نامێنێت، چونکە تـۆ ١٢٥٠ مێگاواتت دەبێت کە پێویسـتییەکانت دابین دەکات. ئێمە دوو سـاڵ پێش ئێسـتا دەمانگـوت دروسـت دەکەین، بەڵام ئێسـتا ٥٠٠ مێگاوات تەولیدمان هەیە.

**گوڵان: راسـتە هەنـدێ کاری باش کـراوە، لە زۆربەی بوارەکانە تایبەت بۆ پێداویسـتیەکانی خەڵك،بەڵام باشتر بوو کارە خزمەتگوزارییـەکان لە بودجەی نوێـدا زیاتر بوونایە کە ئەمەیان باشـتر بوو لەجیاتی دروسـتکردنی ئەم هەموو باڵەخانیە کە بۆنۆژەنکردنەوە یا جوانکردنی دامودەزگاکانی حکومی تەرخانکراوە؟**

- لە هەموو دنیا سـێکتەرەکان دەبێـت پێکەوە بڕۆن، بۆ نموونە، جیاوازی لە نێوان گرنگی دان بە کشـتوکاڵ و ئاوی گەرەکـەکان لەگەڵ کارەبـا و کەرتی پـەروەردە، وەرزش و تەندروستی. ئەگەر مەسافەکەی زۆر بوو ئەوا کێشە دروست دەبێت.

**گوڵان: بەڵام ئاوی ژێر زەوی هێشتا چارەسەر نەکراوە.**

- نا ئاوی هەولێر کێشەی کەمە، کەمتر هەست بە کێشەی ئاو دەکرێت، دوای ئاو حکومەت گرنگی بە کارەبا دا، چەندین وێستگەی تەولید کراوە و کێشەی کارەبا کەمتر دەبێتەوە، بۆیە ئێسـتا حکومەت لە سـاڵی ٢٠٠٩ ئەمجارە زیاتر بودجە بۆ کەرتی کشـتوکاڵ دابین دەکات، ڕاستە کشتوکاڵ پەیوەندی بە جوتیارانەوە هەیە بـەڵام دەبێتە هۆی دابینکردنی خۆراك کـە بەروبوومی خۆماڵی بۆ خۆمان دەبێت. کە هەموو خەڵك بۆ ئاسایشی خۆراکی خۆی کار دەکات. بۆیە ناکرێت هەموو شتێك جێبەجێبکرێت و گرنگی بە یەك شت بدەیت، باڵەخانەکانیش پێویسـتن چونکە ئیشـی حکومەت و خەڵکی تێدا دەڕوات. هێشـتا چەندین دەزگا هەن لە کرێدایـە، بۆ نموونە دائیرەی کارەبا لەبینایەی کرێدایە، وەزارەتی بازرگانی کرێچین.

**گوڵان: ناوچەی پیشەسازی باکوور، چەند ساڵە بە تەمای گواسـتنەوەیان و کەچی ئێستا جۆرێك لە بێدەنگیتان کردووە، ئەم لوغزە چییە؟**

- بێدەنگی نییە، ئەو زەویەی پشـت قەتەوی ئامادەکراوە و دیزاین کراوەو شتێکی ئەوتۆی نەماوە.

**گوڵان:باشە چۆن دابەش دەکرێن و پێیاندەدرێت؟ ئایا ئەوەی کرێچیشە دوکانی پێدەدرێت؟**

- وەکو خۆی چۆنە، بەو شێوە دادەنرێتەوە.

**گوڵان: ئەی شوێنەکەی دەکەن بە چی؟**

- هەمووی دەکرێت بە سەوزایی

**گـوڵان: ناوچـەی پیشـەسـازی باشوور(سـەر ڕێگای مەخمور)، هەست ناکەن لە شار زۆر نزیکەو پێویستە شوێنێکی دوورتریان بۆ تەرخان بکرێ، تا بە لانی کەم (٢٠-٢٥)سـاڵی تر فراوانکردنی شار نەیگاتێ؟**

- نـا خۆی بـە گوێـرەی دیزاینی بنچینەیـی هەولێر کراوە. شەقامی سەڵاحەددین گەشـتیارییە، بۆیەش سناعە دەگوازرێتەوە. دەبێت بگونجێت لەگەڵ لایەنە گەشتیارییەکەی. ئێسـتا ڕێگەی کەسـنەزان زیاتر ناوچەیەکی نیشتەجێییە. ئەگەر تەماشای دابەشکردنی نیشـتەجێبوون بکەیت ئەوبەر و ئەمبەری شـەقامی کەسنەزان هەمووی بۆ نیشتەجێبوونە، ٧ی حەسـاڕۆك و ٨ی حەسـاڕۆك و تا دەگەیتە کەسنەزان و بنەسـڵاوە. ئەگەر تەماشـا بکەیت ڕێگای موسڵ زیاتر گومرگ لەوێیە، مەیدانی ئاژەڵ لەوێیە، کۆگاکانمان بردۆتە ئەوێ، واتە دیزاینی ناوچەکە بەو شێوەیە کراوە. ڕێی مەخمور واتە سناعە، کە خەڵك دەچێتە ئەوێ دەزانێت کارگەی بلۆك و کاشـی لێیە، فیتەری لێیە. سناعەی شیمالی کە دەچێتە ئەوێ تەواوکەری دەبێت.

**گوڵان: بڕیار وایـە گرتووخانەی محەتـە بگوازنەوە بۆ شوێنێکی دوورەشار، ئەی چی لە زانکۆی کوردستان دەکەن، هەروا باڵەخانەی چەندنهۆمی بەردەوام دروستدەکات، ئەمەش گرفت نییە، کە بەتەنیشـت گرتووخانەی محەتەویە؟ ئەی شوێنەکەی دەکەن بە چی؟**

- جێگای مەحەتە هەمووی سەوزاییە، ئەو ناوچەیە لە

**کارەبای چەمچەماڵ ٧٥٠ مێگاوات دەبێت، پێشبینی دەکرێت ماوەیەکی تر دوو وەحدەی تری ئیش بکات، واتە (٥٠٠) مێگاواتەکە دەبێتە ٧٥٠**

**٤٠٪ی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ کشتوکاڵ دانراوە**

**تیپی زەیتون بەشێک بوو لە هێزی فرە ڕەگەزەکان، کارەکانی کۆریا دوو بەشن، بەشێکی کە کۆیکایە و ئاژانسێکی کۆریە و سەرچاوەی داهاتەکەی کۆریایە، بەڵام تیپی زەیتون هێزی هاوپەیمانان پشتگیری دەکرد**

**لە لایەن ئەمریکیەکانەوە نزیکەی ٤٥٠ ملیۆن دۆلار سەرفکراوە، بە نیسبەت کۆریەکانیش ڕەنگە ٧٠ تا ٧٣ ملیۆن دۆلار خەرج کرابێت**

**لەگەڵ کۆرییەکان کتێبخانەی گشتیمان دروست کرد کە پرۆژەیەکی بەرچاوە، لەگەڵ ئەمریکییەکان پرۆژەی ئاوی چۆمانمان هەیە، پرۆژەی بەساڵاچووان کە پرۆژەیەکی زەبەلاحە، نەخۆشخانەی تەواوی کە نزیکەی ١٤ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت و دەکەوێتە کۆتایی گەڕەکی نەورۆز و بەردی بناخەی دانراوە**

**ئێستا ١٠٠ مامۆستای سەرەتایی لە خولێکی بەهێزکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ چەند مانگێک دەخوێنن**

**یاریگای شەهید فەرەنسۆ بودجەیەکی زۆرمان بۆ خەرج کردوە و نوێمان کردۆتەوە و بەرنامەی دیکەشمان لەبەردەست دایە بۆ دانانی کورسی و بلاجکتۆر لە سەر ستانداردی جیهانی و فریزەکەشی دەگۆڕێت**

**لەگەڵ یەکیتی تۆپی پێی عێراقی، لیژنەی ئۆلۆمپی ڕێککەوتن کراوە لەسەر بودجەی گشتی عێراق سێ یاریگای گەورە لە بەسرا و بەغدا و هەولێر دروست بکرێت**

دیزاینی بنەڕەتیدا هەمووی سەوزاییە.

**گوڵان: دروستکردنی کامپی زانکۆی سەلاحەدین گەیشتە کوێ؟ هەست ناکەی پێسەروبەرییەك هەیە؟ ئەمە چەند ساڵە تەنها باس لە دیزاینی کامپەکە دەکرێ، گوایا بڕی (٤) ملیۆن دۆلار تەنها بۆ دیزاینەکەی تێچووە؟جگە لە خەرجی ئەم هەموو هاتوچۆیەی بە بۆنەی دیزاینەکەوە بۆ نەرویژ دەکرێ؟**

- ئەمە پرۆژەیەکی گەورەیە و بودجەیەکی گەورەشی دەوێت.

**گوڵان: دەکرێت دیزاینێك چوار ملیۆن دۆلار بخوات؟**

- ئەو کارە پەیوەندی بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەیە.

**گوڵان: گەڕانەوەی کۆرییەکان زیانی گەورەی نەبوو بۆ پایتەخت؟ بۆچی هەوڵتان نەدا مانەوەکەیان درێژ بکەنەوە؟**

- تیپی زەیتون بەشێك بوو لە هێزی فرە ڕەگەزەکان، کارەکانی کۆریا دوو بەشن، بەشێکی کە کۆیکایە و ئاژانسێکی کۆریە و سەرچاوەی داهاتەکەی کۆریایە، بەڵام تیپی زەیتون هێزی هاوپەیمانان پشتگیری دەکرد، کە ئەوان ڕۆیشتوونە ئیشی ئەمریکیەکان کۆتایی پێنەهاتووە.

**گوڵان: بەڵام بە قەبارەی جاران دەبێت؟**

- ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەمریکا تا چەند پارە لە عێراقدا سەرف دەکات، واتە لە هەموو عێراق بەشداری ئەمریکا لە ئاوەدانکردنەوە کەم دەکرێتەوە، ئەو پارەیەی کە لە ڕێگای سوپا بۆ کۆریەکان دەهات و سبەی ئەمریکیەکان لێرە دەبن وەکو خۆی دەمێنێتەوە. خۆی ئەمریکا سوپای لە هەر شوێنێك هەبێت وەك لە یابان و کۆریا و هەیەتی، بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنەدا دەکات. ئەو ژمارەی کە لە لای ئێمە هەیە بە نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار لەلایەن بودجەی ئەمریکا بۆ هەولێر خەرج کراوە، کۆریەکانیش نزیکەی ٧٠ ملیۆنیان لە هەولێر خەرج کردووە، کە ئەویش هەر لە زمنی بودجەی ئەمریکییەکانە، واتە کۆی هەردووکیان بۆ پرۆژەکانی هەولێر خەرجکراون. ئەویش زۆربەی لە پرۆژەی ئاوی ئیفراز سەرفکراوە، ئەوی تریش لە قوتابخانەکان و ڕێگاوبان و ئەو بوارانە سەرفکراوە. بۆ نموونە، لەگەڵ کۆرییەکان کتێبخانەی گشتیمان دروست کرد کە پرۆژەیەکی بەرچاوە، لەگەڵ ئەمریکییەکان پرۆژەی ئاوی چۆمانمان هەیە، چەند پرۆژەیەکی تریش کە لە جێبەجێکردندایە. پرۆژەی بەساڵاچووان کە پرۆژەیەکی زەبەلاحە، نەخۆشخانەی تەواوی کە نزیکەی ١٤ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت و دەکەوێتە کۆتایی گەڕەکی نەورۆز و بەردی بناخەی دانراوە، چەندین قوتابخانەی هەژدە پۆلی و شازدە پۆلی کراوەتەوە، حەوت بنکەی تەندروستیان لە سنووری شاری هەولێر دروستکرد. ئەوانە هەمووی پرۆژەن و ئێمە لەگەڵ ئەمریکیەکان ئەنجامی دەدەین. بە هەمان شێوە چۆن کۆرییەکان بودجەیان هەبوو ئەمریکیەکانیش هەیانە، بەڵام هی ئەمریکیەکان زیاتر بووە، لە لایەن ئەمریکیەکانەوە نزیکەی ٤٥٠ ملیۆن دۆلار سەرفکراوە، بە نیسبەت کۆریەکانیش ڕەنگە ٧٠ تا ٧٣ ملیۆن دۆلار خەرج کرابێت.

**گوڵان: ئێوە بۆ ساڵی داهاتوو بۆ پەروەردە بڕی ٢٠,٠٧٠,٠٠٠,٠٠٠ هەموویشی بۆ دروستکردنی هۆڵ و ژوورو قوتابخانەیە، بەڵام لە ناو ئەو (٢٠) ملیارە شتێکم نەبینی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی بێت(تنميه البشريه)،لە کاتێکدا پەرەپێدانی مرۆیی زۆر پێویستە، ئەمە بۆ؟؟**

- پەروەردە یان هەر سێکتەرێکی دیکە لە ڕێی وەزارەت و پارێزگاوە ئەنجامدەدرێت، ئێستاش لە عێراق کارەکانی پەرەپێدان لەلایەن پارێزگاکانەوە پەیڕەو دەکرێت. ئێستا ئێمە لە پەرەپێدان چیمان کردوە، قوتابخانە ئێمە دروستی دەکەین، بەڵام مەواد و کەلوپەل وەزارەت دابینی دەکات. جگە لەمەش، ئێمە وەکو پارێزگا شتی دیکەمان کردیە، شوێفاتی حکومیمان کردووە لە قوتابخانەی شەهید فاخیر مێرگەسۆری لەسەر بودجەی پارێزگا لەگەڵ شوێفات کە دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەی بنیاد ڕاهێنانی پێدەکەن و ئێستاش ئەو قوتابخانەیە کراوەتەوە و خەڵکی هەژاریش وەردەگرێت کە زیاتر منداڵانی گەڕەکەکانی نەورۆز و ئەوانەی لەم بابەتەی لەخۆ گرتووە. ئاستی مامۆستاکان بەرز دەکەنەوە، وەکو مامۆستایانی شوێفاتی لێدەکەن بە هەمان ئاست دەریاندەچوێنن. بەرنامەمان ئەوەیە لە قەزا و ناحیەکانی چۆمان و شەقڵاوەش ئەو قوتابخانانە بکەینەوە. بۆنزیکەی ٢ ملیۆن دۆلاریمان لەگەڵیان هەیە کە سولفەی یەکەمی دراوە. هەروەها لەگەڵ پەیمانگای ئەمریکی-لوبنانی بەرنامەیەك هەیە بۆ مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی کە هەر ئەمرۆ سەردانیانم کرد، لە قۆناخی یەکەم ٥٠ مامۆستامان برد، لە قۆناخی دووەم ٥٠ مامۆستای دیکەمان برد، کە ئێستا ١٠٠ مامۆستای سەرەتایی لە خولێکی بەهێزکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ چەند مانگێك دەخوێنن. پاشان ئەو مامۆستایانە دەگەڕێنەوە قوتابخانەکان بە توانستێکی بەهێزتر دەرس دەڵێنەوە. ئەمە بەشێکە لە گرنگیدان بە بواری مرۆیی کە ئاستی خوێندن بەرز دەکاتەوە. لەو بوارەش کار کراوە بەڵام کەموکوڕیش هەیە، ئەوەش کاتی دەوێت و ئێمەش بەو ئیمکانیاتەی هەمانە دەستمان پێکردوە. ئێمەش کە بودجەمان بۆ دێت دەبێت دابەشی بکەین بەسەر هەموو سێکتەرەکان.

**گوڵان: هەولێر یەك یاریگای تێدایە، کە یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریرییە، ئەمە قۆناخێك بوو ڕۆیی، ئێستا هەولێر یەکەمین تیپی عێراقییە، بەیانی تیپەکانی ئاسیاو هی تریش دێن لە هەولێر یاری دەکەن، بۆچی لە بەرنامەی ساڵی ٢٠٠٩ پرێکتانی لەو بودجەیە بۆ یاریگایەکی زۆر مۆدێرن وەك هەر یاریگایەکی ئاسیایی یا ئەورووپی تەرخان نەکرد؟**

- یاریگای شەهید فەرەنسۆ بودجەیەکی زۆرمان بۆ خەرج کردوە و نوێمان کردۆتەوە و بەرنامەی دیکەشمان لەبەردەست

▼ نەخشەی ماستەرپلانی هەولێر




●●●
- ئێستا وەزارەتی شارەوانی دیزاینی کەرتی ڕزگاری دەکات، ئەو ڕێگایەی بەرەو کەسنەزان دەڕوات، ئۆڤەرپاسێک لە پێش مزگەوتی ئیبراهیم گەردی دروست دەکرێت.بە ئاراستەی (١٠٠)مەتریش ئۆڤەر پاسێک دەکرێت
●●●

●●●
لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا نزیکەی دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن دۆلار سەرفکراوە .ئەگەر بەراوردی بکەین لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا بۆ هەولێر دوو ملیار خەرج نەکراوە
●●●

●●●
لەو تەقینەوەیەی چێشتخانەی عبداللە-ی شاری کەرکوک هەندێک لەوانەی کە بریندار بوون بەنگلادیشیەکان بوون
●●●

●●●
دائیرەی تاپۆشمان ئاگادارکردووەتەوە کە ئەو (١٥٠٠) کەسەی ناویان دەرچووە بۆ شوقە وەرگرتن، نابێت تەحویلاتیان لەسەر بکرێت
●●●

دایە بۆ دانانی کورسی و بلاجکتۆر لە سەر ستانداردی جیهانی و فریزەکەشی دەگۆڕێت، بەڵام لەو قۆناخەی ئێستا ئەوەی لەبەردەستمانە تەنها بلاجکتۆر و کورسیەکانە. لەگەڵ ئەوەش یاریگای دیکەش کراوەتەوە و یاریگای یانەکانی هێرش و برایەتیش دەکەینەوە.

**گوڵان: من مەبەستم یاریگای نێودەوڵەتیە؟!**

- ئەو جۆرە یاریگایە بودجەیەکی گەورەی دەوێت. هەروەك چۆن باسی زانکۆمان کرد، بە هەمان شێوە ئەو جۆرە یاریگایە بودجەیەکی گەورەی دەوێت. لەنەخشەی ئێمەدا زەویمان بۆ دوو یاریگا دیاریکردووە کە یەکێکیان لای ڕێگای کەسنەزانە، هەروەها لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراقی، لیژنەی ئۆلۆمپی ڕێککەوتن کراوە لەسەر بودجەی گشتی عێراق سێ یاریگای گەورە لە بەسرا و بەغدا و هەولێر دروست بکرێت، واتە ئەوانە کۆمەڵە هەنگاوێکن و کاری لەسەر کراوە، بەڵام زۆر شت هەیە لەلایەن حکوومەتی ناوەندی دوادەخرێت ئەویش لەبەر هۆکاری سیاسی و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. بۆ نموونە، ئێستا کە باسی دروستکردنی هەرێمێك لە بەسرا دەکرێت، کێشەیەکی گەورەی لە بەغدا دروستکردووە و چەندین ڕای جیاواز لەسەر ئەم بابەتە هەیە. هەموو ئەمانە لە عێراقێکی نوێدا کاتێك بڕیارەکان دێنە واری جێبجێکردنەوە ئەوا پەیوەندیە سیاسیەکان کاریگەریان دەبێت.

**گوڵان: ئێستا هەولێر شەقامی چل مەتری و شەست**

**ئاوەکە لە زێی گەورە دێت لەگەڵ بۆڕی ئاوی ئیفراز لای وەزارەتی پێشمەرگە، لەوێ ئەو شوێنەی کە دەستنیشانکراوە وەک دەریاچەیەکی لێدێت لەلای وەزارەتی پێشمەرگە دێتەوە ڕێی کەسنەزان و لای کۆلێژی ئەندازیاری دەسووڕێتەوە و تێکەڵی بەستی قەتەوی دەبێتەوە. بەڵام پڕۆژەکە دیزاین و جێبەجێکردنی لەلایەن وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق دەبێت**

دیمەنێك لە ماستەرپلانی هەولێر



**مەتری و سـەد مەتری هەیە، کە بەردەوام و بەشێوەیەکی خێرا لە فراوانبووندایە. ئایا چەند شـەقامی تری هاوشـێوە بەرپێوەیە دروستبکرێت؟**

- بەڵێ بێگومان، ئەگەر تەماشـای نەخشـەی بنەڕەتی بکەیـن، دەبینین کارە ئەڵقەییەکان بەردەوامە. ئێمە کە دەڵێین سەد مەتری، خۆی شەست مەتریە، بەڵام ناوەکان بەو شێوەیە. جوولەی باش هەیە و فەتح کراوە، بەشێکیشـی دیزاین کراوە. بۆ نموونە، ئەوەی تەنیشت فڕۆکەخانە ئەڵقەی دووەمی سەد مەتریە، ئەوەی کەرکوك تا موسڵ شەریکەی کۆیکا دیزاینی کردوە. هەولێر بەدایریی (بازنەیی)گەورە دەبێت..

**گوڵان: ئەی ئۆڤەرپاسەکان ماون یان تەواو بوونە؟**

- ئێسـتا وەزارەتی شـارەوانی دیزاینی کەرتی ڕزگاری دەکات، ئەو ڕێگایەی بەرەو کەسنەزان دەڕوات، ئۆڤەرپاسێك لە پێش مزگەوتی ئیبراهیم گەردی دروست دەکرێت.بە ئاراستەی (١٠٠)مەتریش ئۆڤەر پاسێك دەکرێت.

**گوڵان: ئەو بەرزە پردە لە ساڵی ٢٠٠٩ دەکرێت؟**

- بەڵێ ئەوە لە زمنی بودجەی وەزارەتی شارەوانیە.

**گوڵان: ڕاسـتە بڕیادراوە بنەسڵاوەش بخرێتە ناو سنووری شاری هەولێرەوە؟**

- تەقریبەن بە هەولێرەوە دەنووسێت.

**گـوڵان: ئەو کاتە قایمقامیەت و ناحیەکان چیان بەسـەر دێت؟ناگوێزرێنەوە بۆ شوێنێکی دەرەوەی هەولێر؟**

- دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی چۆن باشە و چۆن خزمەتی ئەو شـوێنە دەکات، لەوانەیە لە شارێك دوو تا سێ ناوەندی قەزا هەبێت.

**گوڵان: لەو ماوەی دواییدا خەڵکێکی زۆری بیانی هاتن و خەڵکێکی زۆریش تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زۆر کێشـەی دیکە بوونەوە. باشە پێویستی دەکرد ئەو خەڵکە بێت و ئێسـتاش دیراسە بکرێت کە ئەو خەڵکە پێویست ناکات بێن؟ هەست ناکەیت یەکەمجار و هەر لەسەرەتاوە بەرنامەیەکی باشی بۆ دانەڕێژرابوو؟**

- ئەوە ڕاسـتە.بەڵام دەبێت بزانیت سەقافاتی ئیش لای ئێمە چۆنە،تەقلیدی ئیش هەیە، بۆ نموونە کاتێك دەوترێ سوپەر مارکێت قازانجی زۆرە، خەڵکێکی زۆر سوپەر مارکێت دروست دەکات و ئیلحاحێکی زۆر ناسروشتیش دەکات، پێشتر خەڵکەکـە زۆر گرنگیان بە بەنزینخانـە دەدا، دواتر زۆریان زەرەریان کردو دایانخست.

کە بەعس نەما،گۆڕان لێرە ڕوویدا و بودجە هات وجوولەی ئیـش و ئاوەدانکردنەوە دروسـتبوون و لە مـاوەی ئەو چوار ساڵەدا نزیکەی دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن دۆلار سەرفکراوە .ئەگەر بەراوردی بکەین لە ماوەی هەشـتا ساڵی رابردوودا بۆ هەولێر دوو ملیار خەرج نەکراوە. بە هەمان شـێوە زۆرکەس پێیوابوو بە هێنانی کرێکاری بیانی قازانج دەکات، کە هێنایان دەرکەوت پێویستییەکانی ئێرە هێندە نییە، بۆ نموونە خەڵك لە

دیمەنێك لە ماستەرپلانی هەولێر



شـــارەوانی ئیشی نەدەکرد چونکە ئەو کێشەیەمان هەبوو، ئەو کاتە ئەو کرێکارە بیانیانە کاریان دەکرد. لێرەدا مەبەست ئەوەیە هەنـــدێ ئیش هەیە لەوانەیە خەڵکـــی لای خۆمان نەیکەین بەهۆی هەندێ هۆکاری کۆمەڵایەتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەو کرێکارە بیانیانەش مافیان دەخورێت یان ڕەنگە بە بێکاری بمێننەوە وەك ئەوەی کە میدیاکان لێرە و لەوێ باسی لێدەکەن. لەو تەقینەوەیەی چێشـــتخانەی عبداللە-ی شاری کەرکوك هەندێك لەوانەی کە بریندار بوون بەنگلادیشـــیەکان بوون و هاتن لێرە چارەســـەریان بۆ کراو ئێستا لەگەڵ وەزارەت و کۆمپانیـــا گفتوگۆ دەکەین کە چیان لێبکەین، دەبێ بزانین چۆن هاتوونە تاکو چارەســـەرێکیان بکەیـــن. بۆیە بەهەمان شێوەی دروستکردنی بەنزینخانە و سوپەرمارکێت، بە هێنانی ئەو کرێکارانـــە وا دەزانرا کە قازانجێکی زۆری دەبێت، بەڵام دوای ئـــەوەی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و کار و فرۆکەخانە و تەنسیقی نێوان هەولێر و سلێمانی چیتر نەمانهێشت بەو شێوە بەربڵاوەی هەبوو خەڵکی بیانی بهێنرێتە ناو هەرێم. ئێســـتا دیاریکراوە، بەڵام سەرەتا زۆر بوون.

**گوڵان: دەڵێن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ٢٠٠٠ شوقە لە ڕێی کەسنەزان و ٤٤٤ شوقەش لە ڕێی عەنکاوە دروست دەکات.**

- ٤٤٤ شـــوقەکە تەواو بووە، ٢٠٠ی هی شەهیدان بووە و ئەوی دیکەش هی ئەو فەرمانبەرانە بوو کە وەختی خۆی لە وەرگرتنی زەوی تەنازولیان کردبوو.

**گوڵان: ئەی ٢٠٠٠ شوقەکە؟**

- لەســـاڵی ٢٠٠٩ بەرنامە هەیە ٥٠٠ شوققە تەواوبکرێت و١٥٠٠ ەکـــەی تریـــش دواتر تـــەواو دەکرێت. ئـــەو کارە کۆمپانیایەکی دیکە گرتبـــووی کە بڕیاربوو تەواوی بکات، بەڵام پێی نەکرا و بەجێیهێشت.

**گوڵان: واتە لە ســـاڵی ٢٠٠٩ ئەو ٥٠٠ شـــوقەیە دروست دەکرێت؟**

- بەڵێ، وا پێشبینی دەکرێت، ئەگەر بودجە هەبێت ئەوانی دیکەش تەواو دەکرێن.

**گوڵان: جۆرێك لە ناعەدالەتی لە دابەشـــکردنی شوقەکان هەبوو،بۆ نموونە ئەوەی ٣٠ ساڵە کرێچییە لەگەڵ ئەوەی تازە ژنی هێناوە بەیەکەوە خرانە نێو تیروپشـــکەوە،لە زۆربەشیان ئەوەی تازە ژنی هێناوە ئەو دەرچووە، ئەی ئەمە ناعەدالەتی نییە؟**

- ئـــەو فەرزە ناکرێت، چونکە ئەو داواکاریانەی هات ئێمە تەفاسیلمان دا، زیاتر لە ٣٠ هەزار فۆرم بەبێ جیاوازی بۆمان هات. بەشـــێك لەوانە سوودمەند بوون، بەشـــێکی دووبارەی تێدابـــوو، هەبوو لە ڕێی موختار نادردبووی هەروەها لە ڕێی دائیرەوەش ناردبوویان. ئەوەی ماوە ١٧ هەزار فۆرم بوو. ئێمە مەبەســـتمان لەو کارە خەڵکانێك بووە کە پێویستی بە خانووی نیشتەجێبوون بێت، گوتمان نابێت سودمەند بێت، نابێت موڵکی هەبێت، بەڵکو دەبێ پسوولەی خۆراکی هەولێر بێت، خێزاندار

●●●

**لەگەڵ ئێرانیەکانیش باسی ڕێگایەکی دیکەمان کرد کە ئێستا ئەو پردە گەورەی سەر دەریاچەی ئورمیە تەواو بووە، بە هۆی ئەو پردەوە شاری تاران لەگەڵ ئورمیە نزیک دەبێتەوە. ئەوان مانگانە زیاتر لە ١٠ هەزار کەسیان بە ڕێگای تورکیاوە دەچن بۆ سوریا، ئەگەر ئەو ڕێیە لە ئورمیەوە بێتە هەولێر و دهۆک و پاشان بچێتە سوریا.ئەوکاتە دەریای قەزوین بە دەریای سپی ناوەڕاست دەبەستیتەوە کە بە کوردستاندا دەڕوات.کەنداوی عەرەبیش بە دەریای ئیجە دەبەستریتەوە کە بە کوردستاندا دەڕوات. ئەوە گرنگیەکی زۆری ئابووری و بازرگانی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت**

●●●



**(تارین هێلز) گەورەترین پرۆژەی وەبەرهێنانە لە هەموو عێراق**

بێت و ژمارەی خێزانیشی لە دایك و باوك و پێنج منداڵ پێك هاتبێت. ئێمە ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتیشمان کردبوو چونکە لە حەوت کەس بەسەرەوە لە ناو شوقە کێشەیان بۆ دروست دەبێت. بەبێ جیاوازی نێوان فەرمانبەر و کاسب، بەبێ جیاوازی ئینتیمای حزبی و ناوچەگەریتی تیروپشکەکە کرا، بۆیەش ٥٠٠ یەدەگمان هێشتەوە، چونکە وردبین(تدقیق)ی دووەم دەکەینەوە، چونکە دڵنیام خەڵكێك ناوی لە تیرو پشکەکە دەرچووە، بەڵام خاوەن موڵکە، یا پێشتر سوودمەندبووە.لەبەر ئەوە دائیرەی تاپۆشمان ئاگادارکردووەتەوە کە ئەو (١٥٠٠) کەسەی ناویان دەرچووە بۆ شوقە وەرگرتن، نابێت تەحویلاتیان لەسەر بکرێت.

**گوڵان: پێموایە پەلەی تێدابوو، پەلەکە لەوە بوو، دەبووایە پێش ئەوەی ئەو ناوانە دەربچن وردبینییەکی مەیدانی بکرابووایە چونکە هەیە موڵکەکەی بە ناوی ژنەکەی کردووە،کەچی شوقە بەناوی خۆی بۆی دەرچووە بە پێچەوانەوەش!!**

- هەرگیز وردبینی لەو ژمارە زۆرە ناکرێت و کارێکی ئاسان نییە. ئێمە دوو سێ ساڵە خەریکی ئەو کارەین و ئەوڕۆ نییە لێکۆڵینەوە کرابێت و پەلەی لێکرابێت، نەخێر پەلە نەکراوە. بە پێچەوانەوە ئیشەکە دواخرا.

**گوڵان: مەبەستم ئەوەیە سەردانە مەیدانیەکە ئەوکاتە بکرایە؟**

- ناتوانیت بیکەیت، چۆن ٣٠ هەزار ماڵ دەکەیت.

**گوڵان: بەڵام ئێستا ڕێژەیەکی زۆر، یان پیاوەکەی یان ژنەکەی سوودمەند بووە یانیش موڵکی هەیە و شوقەشی وەرگرتووە!!**

- ئەوە هەر دەبێت، لە هەموو دنیا شتی وا هەیە. تۆ هەوڵدەدەیت نەیهێڵیت، لە قانون و مەحکەمەش شتی وەها هەیە. ئەمەش بەشێکی ڕێژەییە. ڕۆژانەش زانیاریمان بۆ دێت و ئێمەش بەدواداچوونی بۆ دەکەین و سوودمەندەکان ناهێڵین.

**گوڵان: پرۆژەیەك هەبوو لەچواردەوری هەولێر ڕووبار دروست بکرێت بۆ ئەوەی پلەی گەرما نزم ببێتەوە. دەکرێت باسی ئەو پرۆژەیە بکەیت کە بەچی گەیشت؟**

- ئەو پرۆژەیە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو لە بەغدا دیزاینیان کردووە. ئاوەکە لە زێی گەورە دێت لەگەڵ بۆڕی ئاوی ئیفراز لای وەزارەتی پێشمەرگە، لەوێ ئەو شوێنەی کە دەستنیشانکراوە وەك دەریاچەیەکی لێدێت.

**گوڵان: واتە بە دەوری هەولێر ناسوڕێتەوە؟**

- نەخێر ناسوڕێتەوە. لەلای وەزارەتی پێشمەرگە دێتەوە ڕێی کەسنەزان و لای کۆلێژی ئەندازیاری دەسووڕێتەوە و تێکەڵی بەستی قەتەوی دەبێتەوە. بەڵام پرۆژەکە دیزاین و جێبەجێکردنی لەلایەن وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق دەبێت.

**لە پلانی دیزایندا هەموو ئەو گەڕەکانە هەڵناگیرێت، بەشێکی دەمێنێتەوە، بەشێکی دەبێتە بازرگانی، بەشێکی دەبێتە گۆڕەپان و هەندێکی دەبێتە شەقام و هەندێکی دیکە دەبێتە باخچە**

**گوڵان: سەبارەت بەسەردانەکەی پارێزگاری ئورمێ بۆ هەولێر چ ئاکامێکی لێکەوتەوە؟ دەکرێت باسی ئەو شتانە بکەیت کە لەسەری پێکهاتن؟**

- لەمەودوا خەڵك بە پاسەپۆرت دەڕوات، هێڵی گواستنەوەی نێوان هەولێر و ڕەزاییە بەردەوام دەبێت کە ئێستاش ئیش دەکات، هەروەها خەڵك دەتوانن بە سەیارەی خۆیان هاتووچۆ بکەن.



دیمەنێك لە ماستەرپلانی هەولێر

**بازاڕی شێخەڵڵا تێكناچێت، بازاڕی شێخەڵڵا بووەتە ناوچەیەكی بازرگانی، ئەو خاوەن موڵكانەی كە بە پێی ئەو دیزاینەی لەو ناوچەیە هەیە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت**

**بازاڕی قەیسەری بەشێكی دەمێنێتەوەو، دەستكاری بازاڕی شێخەڵڵاش ناكەین**

واتە خەڵكی ئێمە بە سەیارەی خۆیان بچن بۆ ئەوێ و خەڵكی ئێرانیش بە سەیارەی خۆیان بێن بۆ ئێرە. هەروەها بەرنامەیەكی دیكەش باسكرا كە خەڵكی ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای كە بە رەچەڵەك شیعەن و مەبەستیانە سەردانی نەجەف و كەربەلا بكەن بتوانن لە رێگای فرۆكەخانەی هەولێرەوە بچن. هەموو رۆژانی یەكشەممە سەفەرێكی هەولێر-نەجەف هەیە، بەرنامە هەیە كە فرین لە نێوان هەولێر و نەجەف زیاد بكرێت كە ئەوەش كاریگەری دەبێت لەسەر جوڵانەوەی گەشتیاری و ئابووری و كاركردنی خەڵك. ئەوانە هەموو ئەو بوارانەن كە كارمان لەسەركردووە.

**گوڵان: ئایا بیر لەوە نەكراوەتەوە فرین لە نێوان هەولێر و دهۆك و سلێمانیش بكرێتە پرۆژە؟**

- ماوەی نێوان هەولێر و سلێمانی كورتە.

**گوڵان: پرۆژەیەكی دیكە هەبوو كە هەولێر و بەسرا بەیەكەوە ببەستنەوە، ئەوە چۆن بوو؟**

- ئەوە پرۆژەیەكی گەورەیە وموستەقبەلییە، پەیوەندی بەداهاتووەوە هەیە، بارودۆخە سیاسییەكان تەحەكوم بەو پرۆژانە دەكەن، هەروەك ئەو جووت سایدەی كە لە كەنداوەوە بێت و بە رۆژهەڵاتی عێراقدا تێپەرێت.هەم سكەی شەمەندەفەرە و هەم رێگای جووت سایدە، لە بەسرە بۆ زاخۆ ئەوەش بیرۆكەیەكە خستراوەتە روو.

**گوڵان: لەگەڵ كێ خستراوەتە روو؟**

- ئێمە خستمانە روو، كاتێك لە كۆریا بووم داوام كرد كە لەرێی وەبەرهێنان كۆمپانیاكانی كۆریا بێن پرۆژەیەكی وەها بخەنە روو. بەڵام رەزامەندی حكومەتی ناوەندی و حكومەتی هەرێمی دەوێت. بەبۆچوونی من وەها پرۆژەیەك كاردانەوەیەكی زۆر بەهێزی بۆ سەر داهاتووی هەرێم دەبێت. بە بروای من ئەو پرۆژەیە دەبێتە بەدیل(جێگرەوەی) نۆكەندی سوێس، نێوانی ئەورووپاو باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەم رێگایە هەرزانتر و خێراتریش دەبێت, ئەمەش كاردانەوەیەكی زۆر بەهێزی بۆ سەر ئایندەی هەرێمی كوردستان دەبێت. هەتا لەگەڵ ئێرانیەكانیش باسی رێگایەكی دیكەمان كرد كە ئێستا ئەو پردە گەورەی سەر دەریاچەی ئورمیە تەواو بووە، بە هۆی ئەو پردەوە شاری تاران لەگەڵ ئورمیە نزیك دەبێتەوە. ئەوان مانگانە زیاتر لە ١٠ هەزار كەسیان بە رێگای توركیاوە دەچن بۆ سوریا، ئەگەر ئەو رێیە لە ئورمیەوە بێتە هەولێر و دهۆك و پاشان بچێتە سوریا.ئەوكاتە دەریای قەزوین بە دەریای سپی ناوەڕاست دەبەستیتەوە كە بە كوردستاندا دەروات. كەنداوی عەرەبیش بە دەریای ئیجە دەبەسترێتەوە كە بە كوردستاندا دەروات. ئەوە گرنگیەكی زۆری ئابووری و بازرگانی بۆ هەرێمی كوردستان دەبێت. واتە ئەوانە هەمووی بیرۆكەی چاك و گەورەن، ئێمە خستوومانەتە روو.لەگەڵ پارێزگاری ئورمییەشمان خستووەتە روو.

**گوڵان: ئەوانیش پێیان باشە؟**

- بێگومان، چونكە ئەوە هێزێكە بۆ ئەوانیش وبۆ هەموو ناوچەكەش سوودی دەبێت. هێزێكی ئابووری گەورە بەهەموو لایەك دەبەخشێت.